کۆمەڵێک نووسەر

# زمان و مان

کۆمەڵێک نووسەر

پرۆژە و بڵاوکراوەی:
ناوەندی چوارباخ

# زمان و مان

نووسین: کۆمەڵێک نووسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠٢٠
تیراژ: دانە
چاپ: چوارچرا

دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات دەتوانن تەنها بە
ئاماژەپێدان بە ناو ناوەندی چوارباخ چاپی بکەنەوە

کۆمەڵێک نووسەر

# زمان و مان

کۆمەڵێک نووسەر

پێشکەشە بەو مامۆستایانەی

زمانی کوردی سەنگەری خەباتیانە

# پێڕست


پێشەکیی ناوەندی چوارباخ.......................................................................................٧

زمانی کوردی لە ڕەوتی گەشەکردنی نەتەوەییدا..........دکتۆر حوسێن خەلیقی..........٩

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.............................................دیاکۆ هاشمی.......................١١

زمانی دایکی و مەترسییەکانی بەردەمی...........................شیوا میرەکی...................٢٣

پێناسەی زمان، زمانی دایک..............................................هیوا ئەحمەدی...................٢٩

فەلسەفەی زمان و گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە..........ژیوان ڕۆژهەڵات................٣٩

بیر و زمان، پرسی دوو زمانەیی و گرینگیی.................بێهزاد قادری.......................٥١

زمانی کوردی و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای.................جەماڵ فەتحی (کۆچەر).....٦٣

سەبارەت بە زمانی کوردی...............................................تاهیر عەلیار.......................٧١

ئاوڕێکی کورت لە مێژووی زمانی کوردی....................کاروان مێراوی..................٨١

زمانی کوردی و ناسنامە..................................................شەریف فەلاح....................١١٥

زمانی کوردی و ئەدەبی فۆلکلۆریک......حیسامەدین ئەمین (حسام‌الدین امین)......١٥٥

زمانی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر...............جەماڵ نەجاری...............١٦٥

ئەدەبی زارەکی و خەسڵەتەکانی.........................................شەریف فەلاح................١٧٧

خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی مافی هەر تاکێکە........هیوا ڕۆژهەڵات...........٢٠٣

## پێشەکیی ناوەندی چوارباخ

ناوەندی چوارباخ، وەکوو ناوەندێکی هزری و نەتەوەیی کە گرینگی بە بابەتە نەتەوەیییەکان دەدات و لەو ڕاستایەدا دامەزراوە، بە ئەرکی سەرشانی خۆی زانیوە کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی داکییەوە هەنگاوێکی نەتەوەیی هەڵگرێت و ئەم هەنگاوەش هەرچەندە هەنگاوێکی بچووک بێت، بەڵام دیسان هەوڵدانێکە بۆ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دیکە سەیری زمانی کوردی بکەین و هەڵسەنگاندنی جیاوازمان لەسەر بارودۆخی زمانی کوردی لە هەر پارچەیەکی کوردستان هەبێت.

کورد هەتاکوو ئێستا نەیتوانیوە دەوڵەتی خۆی پێک بهێنێت و لەو ڕێگایەوە پەرە بە مانەوە و بوونی خۆی بدات و زمانی کوردیش بە هۆی هەمان کێشەوە نەیتوانیوە بەپێی پێویست پەرە بە تواناییيەکانی بدات، جیا لەوەش لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا ڕووبەڕووی ژینۆسایدی کولتووری و ئاسمیلاسیۆن بووەتەوە و لەلایەن دوژمنان و داگیرکەرانی کورستانەوە هەوڵی لەنێوبردنی دراوە و جیا لەوەی کە هەنووکەش ئەو هەوڵە نەزۆکانە بەردەوامن، ڕۆژ بە ڕۆژ هەوڵەکانیان زیاتر دەکەن و بەپێی سەردەمەکانیش پلانەکانیان تۆکمەتر دەکەنەوە، بۆیە بێگومان لەنێوبردنی زمانێک لەنێوبردنی هەبوون یان بوونی (فیزیکی) نییە، بەڵام بە تەواوەتی لەنێوبردنی شێوازی پەروەردە و خوێندن و تێڕامان و هزری وهتدی نەتەوەیەک لەگەڵ زمانەکە لەنێو دەچێت.

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی یان ڕۆژی بیست و یەکی مانگی دووی (٢١ی فێبریە) هەموو ساڵێکی زایینی لەلایەن

ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی «یونسکۆ»وە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی دەستنیشان کراوە و لەو ڕۆژەدا ڕێوڕەسمی پێویست بۆ پاراستنی زمانی دایکی و بەکارهێنانی زمانی دایکی و هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن لە لەنێوچوونی زمانی دایکی دەدرێت.

ئەمساڵیش ناوەندی چوارباخ، وەکوو یەکەمین هەنگاوی خۆی لە دووتۆی کتێبێکدا و بە کۆکردنەوەی چەندین وتاری جۆراوجۆر لەو بارەیەوە، هەوڵی داوە بتوانێت بەپێی توانا ئەم بابەتە لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا بخاتە بەرباس بۆ ئەوەی کە سەرنجی لایەنە پێوەندیدارەکان بە مەبەستی ئاوڕدانەوەیەک لەسەر زمانەکەمان ڕابکێشێت.

لە کۆتاییدا پێویستە سپاسی هەموو ئەو ئازیزانە بکەین کە بە گەرموگوڕی هاتن بە دەم پرۆژەکە و بە نووسینی وتارەکانیان لە سەرخستنی پرۆژەکەدا هاوکارمان بوون، بەو هیوایەین کە هەردەم بەردەوام بن لە خزمەتکردنی زمان و ئەدەبی کوردیدا، هەروەها هیوادارین کتێبی «زمان و مان» بەرهەمێک بێت کە بتوانێت سەرنجی خوێنەران ڕابکێشێت.

**دەستەی بەڕێوەبەریی ناوەندی چوارباخ**
**٢٧ی ریبەندانی ٢٧٢٠ی کوردی**

**١٥ی فێبریەی ٢٠٢١ی زایینی**

# زمانی کوردی لە ڕەوتی گەشەکردنی نەتەوەییدا

**دوکتور حوسێن خەلیقی**

زمان ئامرازی ڕاگەیاندن و دەربڕینی مەبەست و سۆز و ویست و خواستە، مرۆڤ بە هۆی زمانەوە کە وشەکانی باری ئابووری و جوگرافیایە، لەگەڵ دەوروبەری پێوەندی دەگرێت و لەو ڕێگایەوە، بۆچوونەکانی بەوی تر یان بەوانی تر ڕادەگەینێت، ئەم ئامرازە ڕەمزی و خاوەن ئاماژە و نیشانە، ئەبێتە هۆی پێوەندیی هاوسۆزی ئەندامەکانی قەوم یان نەتەوە، کە لە چوارچێوەیەکی جوگرافیاییدا بە ناچاری پێکەوە ئەژین.

لەبەر ئەوە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، باشترین کەرەستە بۆ ئەم پێوەندییە زمانە، زمان سۆز و خۆشەویستی و پێداویستییەکان بەوانی تر ڕادەگەینێت و لە خۆشی و ناخۆشی ئاگاداریان ئەکات، ئەم جارە ئەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ یەکترناسین و پەنا بۆ یەکتربردن، هەر بۆیە لە درێژایی کات

و گوڕانکارییەکاندا، جۆرێک هەست بە یەکبوون و پێویست بە یەکبوون پێک دێنێت، لەبەر ئەوە کردار و ناوەکان زیاتر هەڵقوڵاوی باری سروشتی ناوچاکە و دەوروبەرە، زمانی هەر قەوم و نەتەوەیەک لەوی تر جیاوازە، بەتایبەت نەبوونی کەرەستەی هاتووچۆ و پێوەندیگرتن لەگەڵ دانیشتوانی مەڵبەندەکانی تر ئەم جیاوازییە زەقتر دەکاتەوە، بەم جۆرە هاوخوێنی و هاوخاکی و هاوسۆزی و هاوچارەنووسی لە نێوان ئەندامەکانی نەتەوەدا پێک دێت، بێهودە نییە کە داگیرکەرانی کوردستان بێجگە لە زاڵبوون بەسەر خاک و بەروبوومی کوردستان، تێکۆشاون و تێدەکۆشن لە ڕێگای تواندنەوەی زمانی کوردییەوە و ئاوێتەکردنی لەگەڵ زمانی خۆیان، کورد ئاسمیلە بکەن تا ئەو هاوسۆزییە کە زیاتر بە هۆی ئابووری و زمانەوە پێک هاتووە، لە بەین بەرن.

یەکێک لە پلانەکانیان ئەوەیە کە دووپاتی دەکەنەوە، بەتایبەت لە ئێراندا دەڵێن یەکگرتوویی نەتەوەیی ئێمە ئەوکات مسۆگەر دەبێت کە زمانە ناوچەییەکانی ئێران لە زمانی فارسیدا بتوێنینەوە، هەر بۆیە دەبینین کە لە ڕێگا قوتابخانە و ڕادیو و تەلەفزیۆن و بڵاوکراوەکان و دادگاکانەوە دەیانەوێت ئاسەوارێک لە زمانی کوردی نەهێڵن، لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەبێت لە بەرانبەر ئەم هێرشە ڕەگەزپەرستانەوە هەڵوێستمان هەبێت و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە کردەوە نگریسەکەیان بکەینە بڵقی سەرئاو.

پێویسە ئێمە لە پێناسەی نەتەوەیی خۆمان پارێزگاری بکەین و نەهێڵین داگیرکەرانی ڕەگەزپەرست بە ئاواتی خۆیان بگەن، ئەم ئەرکە زیاتر لە سەرشانی فەرهەنگییان و ڕووناکبیران و نیشتمانپەروەرانە.

# ڕۆژی جیهانیی زمانی دایك

## ٢١ی فێبریوەری/٢ی ڕەشەممە
## International Mother Language Day

**دیاکۆ هاشمی**

### دەستپێک

زمـان ناسنامە و کۆڵەکەی ژیـان و مانی نـەتـەوەیـە. هەر نەتەوەیەک زمانەکەی لێ بسەنرێتەوە، خۆشی لەنێو دەچێت و دەفەوتێت. هەر نەتەوەیەک ئەگەر سەربەخۆییشی نەبێت، بەڵام زمانەکەی خۆی بپارێزێت، هەرگیز نامرێت و هەر ڕۆژێک دێت کە سەر دەکەوێت و سەربەخۆ دەبێت.

زمـان، مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر جیا دەکـاتـەوە، مرۆڤ بە کەڵکوەرگرتن لە زمان، هزر و بیری خۆی دەردەبڕێت و لەگەڵ کۆمەڵگای خۆیدا پێوەندی دەگرێت. نەتەوە جۆربەجۆرەکان لەبەر زمان لێک جیا دەکرێنەوە و هەر بە زمانیش پێکەوە پێوەندی دەگرن.

پێشێلکردنی مافە زمانییەکانی نەتەوەیەک لەلایەن نەتەوەیەکی تر یان دەسەڵاتی نەتەوەیەکی تر، دەبێتە هۆی ناکۆکی و شەڕ لە نێوانیاندا و، سنوور دەخاتە نێوان نەتەوەکان و سنووری نێوانیان دەبێتە شوورە و ئاگر.

ڕێزنان لە مافە زمانییەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوە جۆربەجۆرەکان تەبا و دەست لەنێو دەستی یەکتر، پێکەوە بۆ پێشچوونی مرۆڤایەتی هەنگاو بنێن و، سنوورەکانی نێوانیان تەنها دەبێتە سنوورێکی کاغەزی و نەخشەیی.

نموونەکەی ئورووپایە کە بە ڕێزگرتن لە مافی زمانی و لە ئەنجامدا هەموو مافێکی تری یەکتر، توانیویانە بە کردەوە هەموو سنوورێک لە نێوان خۆیان لابەرن.

**بەبۆنەبوونی ئەم ڕۆژە**

**٢١ی فێبریوەری ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکە.**

یوونێسکۆ لە ساڵی ١٩٩٩ بڕیاری دا کە ٢١ی فێبریوەری کە بەرانبەرە بە ٢ی ڕەشەمە، ببێتە "ڕۆژی نێونەتەوەییی زمانی دایک International mother language day".

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک هەموو ساڵێ لەلایەن دەوڵەتانی ئەندام لە یوونێسکۆ، بۆ پاڵپشتیی زمانی و فەرهەنگی و هەمەچەشنیی زمانی، لە نووسینگەی سەرەکیی یوونێسکۆ لە پاریس یادی دەکرێتەوە . زۆر لە ساڵەکان ناودێر کراون، بۆ نموونە، ساڵی ٢٠٠٨ ناو نرابوو بە: "ساڵی نێونەتەوەییی زمان" ، ساڵی ٢٠١٠ بە "ساڵی نێونەتەوەییی بۆ نێزیکبوونەوەی فەرهەنگەکان" ناودێر کرابوو.

**هەموو ساڵێک:**

١. ئەم ڕۆژە لە لایەن چین و توێژە جۆربەجۆرەکانەوە یادی دەکرێتەوە،

٢. لە قوتابخانە و خوێندنگەکان، لە پەرتووکخانەکان و بنکەکانی چالاکیی فەرهەنگی و کۆڕ و کۆمەڵی ئەدەبی و ویژەیی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی وەک فەیسبووک و هەندێ شوێنی تر یادی دەکرێتەوە و بۆنەکەی ڕێزی لێ دەگیرێ.

٣. لەو ڕۆژانەدا گۆرانی دەوترێ، سەما و هەڵپەڕکێ دەکرێت، هۆنراوە و هەڵبەست دەخوێنرێتەوە،

٤. قسە لەسەر مێژوو و بۆنەی سەرهەڵدانی ڕۆژی زمانی دایک دەکرێت.

٥. باس لە گرنگیی زمانی دایک دەکرێت.

٦. زیاتر لە ٧٠٠٠ زمان لە دنیادا هەیە.

٧. مەزەندە دەگرێت کە تا کۆتاییی ئەم سەدەیە نزیکەی ٩٠٪ی ئەو ٧٠٠٠ زمانە لەنێو بچن.

٨. خەریکن پلان دادەنێن کە چی بکەن لەو کارەساتە پێش بگیرێت.

جگە لە یوونێسکۆ و وڵاتانی ئەندامی، قوتابخانە و خوێندنگەکان، کتێبخانەکان، کۆڕ و کۆمەڵە هونەری و ئەدەبییەکانیش ڕێز لەم ڕۆژە دەگرن و یادی دەکەنەوە.

**خەڵاتی لینگواپاکس**

ئەنەستیتۆی لینگواپاکس، کە ڕێکخراوێکی ناحوکوومییە و بنکەکەیان لە "بارسیلۆنا"ی "سپانیا"دایە، هەموو ساڵێک خەڵاتێک

به ناوی (The Linguapax Prize) واته "خەڵاتی لینگواپاکس" لە ٢١ی فێبریوەری دەبەخشێت بە زمانەوانان، لێکۆڵەرەوان، پرۆفیسۆران و ئەندامانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ پشتڕاستکردنەوەی کاری بێوێنەیان لە بواری "هەمەچەشنیی زمانی و/ یا پەروەردەی فرەزمانی" (linguistic diversity and/or multilingual education).

ئەم خەڵاتی لینگواپاکسە، لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە دابەش کرا، سێ ساڵی یەکەمی واتە ٢٠٠٢، ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ هەر ساڵە دابەش دەکرا بەسەر ٢ کەسدا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ بەو لاوە دراوە بە یەک کەس.

پاڵێوراوەکان لە دیسامبری ساڵی پێشیدا پێشکەش دەکرێن و خەڵاتەکە لە ٢١ی فێربیوەریدا دابەش دەکرێت.

**مێژووی "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک"**

نیمچە دوورگەی هیندووستان کە مۆڵگەی بەریتانیا بوو لە ساڵەکانی ١٩٤٧ و ١٩٤٨دا گۆڕانی بە خۆیەوە بینی و چوار وڵات سەربەخۆییان بەدەست هێنا: هیندووستان، بورما، سەیلۆن (سریلانکای ئەوڕۆ)، پاکستان (بە هەردوو بەشی ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵاتەوە):

**لە ڕۆژاوای پاکستان بە "ئوردوو" قسە دەکرا.**

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی پاکستان بە "بەنگلایی" قسەیان دەکرد. دەورووبەری ساڵانی ١٩٥٠–١٩٥٢ توێژی مامناوەندیی گەشەسێن لە ڕۆژهەڵاتی بەنگاڵدا دەستیان کردبوو بە شۆڕشێک کە دواتر

بە ”بزووتنەوەی زمانیی بەنگلایی Bangla Language Movement“ ناسرا.

لەپڕا حوکوومەتی ئەو دەمەی پاکستان لە جاڕنامەیەکی ئاوەڵادا ڕایگەیاند کە تاقە زمانی ڕەسمی لە سەرانسەری پاکستان بە ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایەوە دەبێ تەنیا و تەنیا ئۆردوو بێت.

ڕۆژهەڵاتی پاکستان، لەبەر ئەو بڕیارە ئاڵۆزیی تێ کەوت، دژ بەو بڕیارە ڕژانە شەقامەکان. پۆلیس هەر چەشنە کۆبوونەوەیەکی ڕێنەدراو کرد. سەرەڕای ئەمە، خوێندکارەکانی زانکۆ لە شاری داکا و کۆلێجی پزیشکیی داکا و باقیی چالاکە سیاسییەکان، لە ٢١ی فێبریواریی ١٩٥٢، نارەزایەتییەکیان خستە ڕێ.

لە نێزیکی نەخۆشخانەی کۆلێجی پزیشکیی داکای پایتەختی ئێستای بەنگلادێشدا، پۆلیس تەقەی لە خۆپیشاندەران کرد و کۆمەڵێ کەس کوژران.

بزووتنەوەکە پەرەی سەند بۆ هەموو ڕۆژهەڵاتی پاکستان و تەواوی هەرێمەکە وەستا.

پاش ئەوە حکوومەتی پاکستان کۆڵی دا و زمانی بەنگلاییەکانی بردە ڕیزی زمانی نەتەوەیی لە پاکستاندا.

**کاریگەرییەکان**

ئەم بزووتنەوەیە بوو بە تۆوی بزووتنەوەی سەربەخۆیی کە دەرەنجامەکەی بوو بە جیابوونەوەی ڕۆژهەڵاتی پاکستان و سەربەخۆییی بەنگلادێش لەساڵی ١٩٧١دا.

**ئالای بەنگلادش**

بۆ ئەوەی ئەم بزووتنەوەیە پیرۆز بکرێت، منارەی شەهید کە پەیکەرێکی بۆنەیی و نیشانەییە، لە شوێنی کوشتارەکە چێ کرا.

لە بەنگلادێشدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژی بزووتنەوەی زمان، یان ڕۆژی شۆڕشی زمان ناو دەبرێت هەروەها (ڕۆژی شەهیدانی زمان) یان (ڕۆژی شەهیدەکان)یشی پێ دەوترێت.

لەلایەن بەنگلادێشەوە بە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیار کرا با ئەو ڕۆژە بکرێتە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.

یوونێسکۆ (ڕێکخراوی پەروەردەیی، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان)

United Nations Educational, Scientific and (Cultural Organization (UNESCO

لەسەر ئەو پێشنیارە و بە پاڵپشتیی ٢٨ وڵاتی ئەندامی، لە نۆڤەمبری ١٩٩٩دا ڕۆژی ٢١ی فێبریوەری، ٢ی ڕەشەمە، ٢ی اسفند، بوو بە "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک".

هەموو ساڵێک زۆر لە بەکارهێنەرانی فەیسبووک وێنۆچکەی ناوەکەی خۆیان دەگۆڕن بۆ وێنەی ئەو پوستەرەی کە یوونێسکۆ بڵاوی دەکاتەوە بۆ ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک، ئەویش بۆ پاڵپشتیکردن لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک.

**زمانی کوردی لە پارچەکانی کوردستاندا**

بە دروستبوونی تورکیە پاش هاتنەسەرکاری کەمالی ئاتاتورک زمانی کوردی لەوێ بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کرا، ناوی هەموو لادێکان گۆڕدرا بۆ تورکی. لە تورکیەدا کوردی وا کەوتۆتە زیندان

تەنها لەبەر ئەوەی پیتی ”W“ی بەکار هێناوە لە نووسینی وشەی Newroz دا. چونکە ئەو پیتە لە ئەلفبێی ئاسایی تورکیدا بوونی نییە، هەر لەبەر ئەوە نووسینیشی بۆ کوردەکان سزای لەسەر بووە.

لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر کەس تەنها لەبەر ئەوەی کتێبی کوردییان پێ بووە بەند کراون. دایکوباوکێک کە بە هەزاران خولیا و خۆزگەوە منداڵیان دەبێ، بۆیان نییە ناوێکی کوردی بە حەز و ویستی خۆیان لە کۆرپەکانیان بنێن. زۆر کەس هەیە دووناوەیە، لە ماڵدا ناوێکی هەیە و لە تۆماری وڵاتەکەدا ناوێکی تری هەیە.

هێندە سووکایەتییان بە زمان و فەرهەنگی کوردی کردووە کە زۆر کەس پێی عەیب و شوورەیییە بە کوردی قسە بکات و هێندە وا مێشکیان شۆراوەتەوە و هەستی خۆبەبچووکزانی و خۆپێسووکبوون و خۆبەکەمزانینیان تێدا درووست بووە، کە بە فارسی لەگەڵ منداڵەکانیان قسە دەکەن.

تەنانەت کاتێ بۆ نموونە لە ئێراندا فیلمێ فارسی درووست دەکەن و بەهەڵکەوت کوردێکی تێدا دەبێ و بە فارسی قسە دەکات، فارسییەکەی هێندە شڕ و سەقەتە کە هەر خۆیان وا فیلمەکەیان درووست کردووە بەو شێوە قسەکردنە فارسییە ڕادەبوێرن، هەر بۆ ئەوەی کەسایەتیی کورد بشکێنن. وەک شتێ کورد نەتوانێ بە فارسی قسە بکات و بە نەخوێندەوار پیشانی دەدەن.

بەو جۆرە ئەو هەستە درووست دەکەن با هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ منداڵەکانتان بە فارسی قسە بکەن، با لەهجەکەی باش ببێت. ئەویش لە حاڵێکدا لە باشووری کوردستان قوتابیان کاتی خۆی

دژی زمانی عەرەبی و بۆ هەبوونی مافی نووسین و خوێندن بە کوردی خۆپیشاندانیان ساز کرد و ئەو نارەزایەتیدەربڕینانە بووە هۆی ئەوەی ئێستە زمانی کوردی لەوێ ببێتە زمانی فەرمی لە پاڵ زمانی عەرەبیدا.

بەڕاستی جێگەی داخە هەندێ کورد پێیان عەیب و عار و شوورەییە بە کوردی قسە بکەن، کەچی کوردێک لە تورکیا کە تەنانەت کوردیش نازانێ، خۆی دەسووتێنێ بۆ ئەوەی مافی هەبێ بە کوردی بخوێنێ و بنووسێ.

## جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان

هەموو یاسا نێونەتەوەیی و جیهانییەکان پاڵپشتی لە مافی زمانیی نەتەوەکان دەکەن.

بۆ نموونە لە "جاڕنامەی جیهانیی مافی زمان"دا کە کاک "حەسەنی قازی" لە ئینگلیزییەوە کردوویەتییە کوردی دەوترێت:

**٭مادەی ٢٦**

هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەردەیەکیان هەبێ کە دەرفەت بدا بە ئەندامەکانیان بەتەواوی زمانی خۆیان فێر بن و لێی ڕابێن، لەوانە توانایی جۆربەجۆر لە هەموو بوارە ئاساییەکان دا، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ فێربوونی هەر زمانێکی دیکەی کە ئەوان پێیان خۆش بێ فێری بن.

**٭مادەی ٢٨**

هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان لێیان دەوەشێتەوە پەروەرەیەکیان هەبێ کە دەرفـەت بۆ ئەندامەکانیان بڕەخسێنێ زانیارییەکی تەواو سەبارەت بە میراتی کولتووری خۆیان( مێژوو، جوگرافیا، ئەدەبییات و، هێماکانی دیکەی کولتووری خۆیان)وەدەست بهێنن ، هەر وەها هەبوونی دەرفەتی هەرە گونجاو بۆ ئاگادار بوون لە سەر هەر کولتوورێکی دیکەی کە پێیان خۆش بێ.

**٭مادەی ٢٩**

١. هەموو کەس مافی هەیە بەو زمانە پـەروەردە ببینێ کە تایبەتییە بەو خاکەی تێیدا دەژی.

٢. ئەم مافە مافی فێربوونی زمانێکی دیکە چ بە قسە کردن و چ بە نووسین بەرپەرچ ناداتەوە کە دەکرێ وەک ئامرازی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە زمانییەکانی دیکە بەکار بهێندرێ.

**٭مادەی ٣٠**

زمان و فەرهەنگی هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لە ئاستی زانکۆ دا.

**٭مادەی ٣١**

هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە کە سیستمی ناوی تایبەتی خۆیان بپارێزن و لە گشت بوارەکان و لە هەموو بۆنەیەک دا بە کاریان بهێنن.

***مادەی ٣٢**

١.هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناوی شوێنان بەو زمانە بەکاربهێنن کە تایبەتی خاکەکەیانە، هەم لەقسەکردن و هەم لە نووسین دا، و لە بواری خسووسی، گشتی و ڕەسمی دا

٢. هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان مافی ئەوەیان هەیە ناو لە شوێنان بنێن، ناویان بپارێزن و یان ناوە ڕەسەنەکانیان بگۆڕن. ئەو جۆرە ناوانەی شوێنان ناکرێ بە زۆر ملی بگۆڕدرێن، تێک بدرێن یان دابندرێن و لە بەر گۆڕانی بارودۆخی سیاسی، یان هەر جۆرە گۆڕانێکی دیکە نابێ ناویان بگۆڕدرێ.

***مادەی ٤١**

٢. هەموو کۆمەڵگە زمانییەکان دەبێ بتوانن ئەو مافە بە تەواوی بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی شوێنی کۆمەڵگەکە بکەوێتە بەر داگیرکاری باڵادەستانەی کولتوورێکی بیگانە.

**سێهەم**

دەستەڵاتداریێتی گشتی لە بەر ڕووناکایی ئەو قانوونانەی کە کاریان پێ دەکرێ، دەبێ سزا دابمەزرێنێن بۆ پێشێلکردنی ئەو مافە زمانیانەی کە لەم جاڕنامەیە دا گونجێندراون.

**دەرەنجام**

ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە لایەکەوە بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی ئەو شەهیدانەی کە لەبەر بەیاساییبوونی زمان ڕژاون بڕیاری لەسەر دراوە، لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی بە جیهان ڕابگەیەنرێت کە هەموو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەیییەکان پاڵپشتی لە ئازادبوونی هەر زمانێک دەکەن. هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە زمانەکەی ئازادانە بەکار بهێنێت و نابێت هیچ سنووریێکیش لەڕێی گەشەسەندنیدا دابنرێت.

با هەمووومان هەوڵ بدەین ئەمساڵ زیاتر زمانەکەمان پێش بخەین و بیکەین بە زمانی فەرمی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا. تا ڕۆژی ئازادبوونی بەتەواوی بیپارێزین و گەشەی پێ بدەین. تا زمانمان هەبێت هەرگیز نامرین.

ڕۆژانە منداڵی کورد تەنیا لەبەر ئەوەی ناتوانێ بە زمانی باڵادەست وانەکان بەباشی جێبەجێ بکات سووکایەتیی پێ دەکرێت و کەسایەتیی دەشکێنرێت و تەنانەت لێدانیش دەخوات. ئەو لێدانانە دەبنە هۆی ئەوەی کە منداڵ لە خوێندن و لە قوتابخانە بێزار بن، دەرەنجامەکەی دەبێتە کەسایەتییەکی ڕووخاو و شەرمن و نەخۆش و سەرنەکەوتوو لە ژیاندا.

بایەخدان بە زمانی دایکی پاراستنی "کێیەتیی نەتەوەیی" (هویت ملی National identity)یە!

با لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا بڕیار بدەین نەتەوەیەکی شارەزا بە زمانی کوردی پێک بهێنین، زمانێک کە لێهاتووە و دەتوانێت ئەرکی نەتەوەیەک بەڕێوە ببات.

# زمانی دایکی و مەترسییەکانی بەردەمی

**شیوا میرەکی**

زمان کۆڵەکە و بنەڕەتی مانەوەی هەر نەتەوەیەک بەئەژمار دێت، سەرەکیترین جیاوازیی نێوان ئـاژەڵ و مـرۆڤ تواناى قسەکردنە کە مـرۆڤ گرینگترین و پێشکەوتووترین شێوازی پێوەندیگرتن لـەگـەڵ یەکتر واتـە کەڵکوەرگرتن لـە زمـان بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕای بەکار هێناوە، فێربوونی هەر زمانێک چەند قۆناغی بیستن، ئاخاڤتن، خوێندن و نووسینی هەیە .

ئەگەرچی زمان وەکوو ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەکار دەهێنرێت، بەڵام هاوکات لە زۆربەی شوێنەکاندا وەکوو ئامرازێک بۆ تواندنەوەی شوناسی کەمینەکان لە لایەن دەسەڵاتدارە

پاوانخوازەکانەوە کەڵکی لێ وەردەگیردرێت، بە وتەی «جان ئێستوارت میل» کاتێک داگیرکەر بیهەوێت نەتەوەیەک بکاتە کۆیلە و بە دوای خۆیدا ڕایکێشێت، سەرەتا زمان و شوناسەکەی دەکاتە ئامانج، نەتەوەیەکیش کە زمان و کولتووری لەدەست بدات، دەتوێتەوە. کاتێک تەواوی کەڵکوەرگرتنی مرۆڤ لە زمانی دایکی تەنیا قسەکردن بێت و پاڵپشتیی نووسینی لەگەڵدا نەبێت، وشەکان وردە وردە لە نێو دەچن و ئەو زمانە لاواز دەکرێت، کاتێک زمانی نەتەوەیەک لاواز بکرێت، سڕینەوەی مێژووی زۆر ئاسانە .

لە سەرانسەری جیهاندا نزیک بە ٦٨٠٠ زمان بوونی هەیە کە ٣٨٠٠ لەو زمانانە لە مەترسی لەنێوچووندان، لە ڕوانگەی ڕێکخراوی «یۆنسکۆ»وە هەموو زمانە دایکییەکان شایانی ئەوەن کە بناسرێن، ڕەواییان پێ بدرێت و لە هەموو بوارەکانی ژیان و بازنە گشتییەکاندا بایەخیان پێ ببەخشرێت، بەڵام ئەوە شتێک نییە کە بە کردەوە ڕووی دابێت!

زمانە دایکییەکان زۆربەیان بەپێی پێویست پێگەی زمانی نەتەوەییان نییە، نەبوونەتە زمانی فەرمی و تەنانەت پێگەی زمانی پەروەردەشیان نییە و ئەوەش دەتوانێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی بایەخی خۆڕسکی زمانی دایکی و مەرگی یەکجارەکیی ئەو زمانە لە درێژخایەندا.

لە ساڵوەگەڕی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، ئێمە دەبێت وەبیرمان بێتەوە کە «هەموو زمانە دایکییەکان جێگەی بایەخن و هەموویان بۆ سەقامگیری گشتی و گەشەی بەردەوام پێویستن»، زمانی دایکی بۆ خوێندەواری، پێویستیی سەرەکییە لەبەر ئەوەی

که لە ساڵەکانی سەرەتایی خوێندندا بەهرەکانی بنەڕەتی، خوێندن، نووسین و هەروەها پڕۆسەی فێربوون ئاسان دەکات، بەهرەیەک کە بنەما و بنەڕەتی گەشەی کەسایەتیی منداڵان دروست دەکات.

زمانی دایکی هەروەها دەرخستنێکی تایبەتە لە شوناس و توانای داهێنەری و سەرچاوەیەکە بۆ زانست و داهێنان، بەڵام بەوەشەوە زمانی پەروەردە لە ساڵەکانی سەرەتای خوێندندا بە دەگمەن زمانی دایکیی منداڵانی قوتابییە.

بە گوتەی ڕێکخراوی «یونسکۆ»، نزیکەی چل لە سەدی دانیشتووانی جیهان دەستیان بە سیستەمی پەروەردە بە زمانی دایکی ڕاناگات، لە کاتێکدا زۆربەی لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە زمانی دایکی پرۆسەی فێربوونی گشتی و فێربوونی زمانەکانی تر ئاسانتر دەکات، بە گوێرەی ڕاگەیاندنی «یونسکۆ» هەر کەس بە زمانی خۆی نەخوێنێت و نەنووسێت، نەخوێندەوار دێتە ئەژمار .

منداڵ پاش لە دایکبوونی و بۆ پەیوەندیگرتن لەگەڵ دەوروبەری خۆی، فێری زمان دەبێت و زمان دەبێتە کەرەستەیەک بۆ فێربوون و ناسین و ناساندنی شوناسی تاکەکەسی و بە کۆمەڵی خۆی لە کۆمەڵگادا .

زمان کاتی دووگیانبوونی دایک لە سێ مانگانیدا ئاشنای ڕۆح و مێشکی منداڵ دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی کە بنەڕەتی کۆدی ژنتیکی بە شێوازی زمانی دایکی دابنرێت، بەڵام ئەگەر کاتی لەدایکبوونی منداڵ بە زمانی دایکی قسەی لەگەڵدا نەکرێت، ئەو کۆدە بە یەکجاری دەشێوێت.

فێرکاری بە زمانی دایکی هۆکاری دوورکەوتنەوە یان جیابوونەوەی نەتەوەکان نییە، بەڵکوو لێکۆڵینەوە کۆمەڵناسییەکان دەریانخستووە کە سیاسەتی چەند زمانی لە کاروباری پەروەردەییدا کاریگەری زۆری لەسەر ڕاگرتن و پەرەسەندن و گەشەکردنی فەرهەنگە نەتەوەییەکان هەیە .

دوکتور «کانگاس» تیئۆریسییەن لە بواری زمانی دایکی لەو بارەیەوە وتوویەتی: «زمانی دایکی زمانێکە کە مرۆڤ لە ڕێگای ئەو زمانەوە بیر دەکاتەوە و خەون دەبینێت، لە ڕاستیدا زمانی دایکی وەکوو پێستی لەشە و زمانەکانی تر بەرگێک زیاتر نین».

هونەر سەرەکیترین ئاستی بەرزی مرۆڤە کە لە ڕێگەی زانست و مەنتقەوە پێک نایە، زمانی دووهەم لە ڕێگەی ڕاهێنان و بە شێوەی خۆوشیارانە فێر دەبین، بەڵام ناوشیارانە فێری زمانی دایکی دەبین بۆیە لە نێوان زمانی دایکی و هونەر هاوئاهەنگی هەیە، لە نێوان دوو شت کە سەرچاوە لە دنیای ناوشیاری مرۆڤەکان دەگرن.

بە پەراوێزخستنی زمانی دایکی، توندوتیژی بەرانبەر بە منداڵانە و پێویستە بە زووترین کات چارەدۆزییەک بۆ ئەو شێوە توندوتیژیانە بکرێت، چونکە کاتێک لەگەڵ منداڵ بە زمانێک جگە لە زمانی دایکی قسە دەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵ لە دایک و باوک و بنەماڵەکەی سووک بڕوانێت، منداڵ لەو کاتەدا بیر دەکاتەوە بنەماڵەکەی باشترین شتیان بۆی دەوێت و ئەمە دەبێتە هۆی جۆرێک دژوازی لە دەروونیدا کە بە درێژەی و تێپەڕینی کات تووشی هەستی پووچی دەکات و لە پرۆسەی فێربووندا

تووشی کێشە دەبێت، متمانە بەخۆبوونی لە کۆمەڵگادا لەدەست دەدات و ناتوانێت بەباشی لە نیوان دەروونـی خۆی و دنیای دەرەوەدا پێوەندی ساز بکات.

دیارە گاڵتە و سووکایەتیکردن بە زمانی دایکی، دەبێتە هۆی هەستی خۆبەکەمزانین و ئەو ڕەوتـە تا ڕادەیـەک ڕێخۆشکەر دەبێت بۆ هێژموونی دەسەڵاتی باڵادەست و دوورکەوتنەوە و تەنانەت نکۆڵی تاک لە ناسنامە و شوناسی سەرەکیی خۆی کە ئەمیان ڕووی دووهەمی بە پەراوێزخرانی زمانی دایکی، واتە ئاسمیلاسیۆن یان تواندنەوەی گرووپێک بە شوناسی جیاواز لە نێو گرووپێکی دیکەدا لە ڕێگای باڵادەستی و هێژموونیی فەرهەنگ و زمانی زاڵەوە، ئاسمیلاسیۆن دەبێتە هۆی لەناوچوونی گروپێک بە شێوەیەک نەرم و نادیار، بۆ وێنە کاتێک کە زمانی میللەتێک یاساغ بکرێت و بە کار نەبرێت، دیارە ئەو زمانە دەکەوێتە بەر مەترسی کاڵبوونەوەوە و بگرە لەنێوچوونیش، ڕوونـە کاتێک زمانی نەتەوەیەک لە نێو بچێت، سڕینەوەی مێژووی و یادەوەری ئەو نەتەوەیە زۆر ئاسانتر دەبێتەوە.

کە واتە کاتێک مرۆڤی کورد لەگەڵ منداڵی بە زمانێکی تر جگە لە زمانی زگماکی قسە دەکات و زمانێک کە بیری پێ دەکاتەوە، جیا لە زمانی خۆیەتی و تووشی ئاسمیلەبوون هاتووە و شوناسی خۆی لە بیر چووەتەوە، یان کاتێک کە تـەواوی کەڵکوەرگرتنی مرۆڤی کورد لە زمانی دایکی تەنیا لە قسەکردنی ڕۆژانەدا بێت و پاڵپشتیی نووسین و پـەروەردە و بیرکردنی لەگەڵ نەبێت، وشەکانی لەبیر دەچنەوە و ئەو زمانە وردە بەرەو گۆڕانی نەرێنی و تەنانەت لەنێوچوون دەچێت.

بەو هیوایە کە ئەم ڕۆژە ببێتە هۆی ڕاچڵەکاندنی کەمینەکان بۆ ڕێزگرتن لە خۆیان و زمانی دایکییان، چونکە پشتکردن لە زمانی دایکی وەکوو پشتکردن لە دایکە.

# پێناسەی زمان،
# زمانی دایك

**هیوا ئەحمەدی**

سـەرەتـا پێناسـەیەكی كـورت بۆ زمـان، بەپێی سـەرچـاوە زانستیەكان زمان بریتیە لە:

١ـ كەرەستەی دەربڕین و بەیانی ئەندێشە و فكر.

٢ـ دیاردەیەكی پاوانخوازانەی تاكە كە پڕۆسەی « تكامل»ی كۆمەڵ دەپێوێت و بەرەو داهاتووی ڕادەگوێزێت. ٣ـــ ئامرازی دەربڕینی هەستە بۆ گەیشتن بە مەبەست وەكـوو هەست بە تینویەتی.

٤ـ ئامرازی دەربڕین و ئامـرازی هەستە كە مانا و فكر و فەرهەنگ و مـێژووی كۆمەڵگا دەردەخـات و بە تێپەڕینی زەمان، زمان ئەمانەتەكان بۆ مـرۆڤ هەڵدەگرێت و نهێنییەكانی دەپارێزێت.

٥ـ زمـان، بوونەوەرێکی سـەرەتایی و زگماکە کە ڕیشاڵی بە نێو هەمـوو ئەندامی کولتووردا بڵاو کردۆتەوە، هەر بۆیەش هەموو گەشەکردنەکانی کولتوور و کۆمەڵگا لەسەر زمان تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە.

٦ـ ئەرکی زمان ڕاگواستنی زانیاری و ڕەنگدانەوە و دەربڕینی زانست و ویست و خواستەکانی مرۆڤە.

## زمان لە هەڵسەنگاندنێکی کورتی ئەدەبیدا

**١ . زمانی ئەدەبی:**

ئەو بەشە لە زمان، زمانی ئاخاڤتن و دەربڕینی شاعێران، نـووسـەران و بە گشتی ئەدیبانە کە بە سـەنعەتی ئـەدەبی و جوانییەکانی زمـان، هونەرنوێنی پێ دەکـەن و نەقڵ و نەزیلە، چیرۆک و بەگشتی ئاسەوار و بەرهەمی ئەدەبی پێ دەخولقێنن کە خـاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و بارتەقایی مـەودای توانای نووسـەر بەهرە دەبەخشێت، شێوەیەکە بۆ وەگـەڕ خستن و دەربڕینی خەون و فانتاز و ئۆتۆپیای هەستەکان کە لە ناخی مرۆڤەکاندا خۆی مەڵاز داوە.

**٢ . زمانی زانستی:**

ئەو بەشە پێوەندی بە ئاخاڤتنی خەڵکی ڕووناکبیرەوە هەیە کە لە ڕاستیدا ڕەوان و کەم هەڵەیە و لە ڕێگای بەستێنی نووسین یان خود فەرهەنگستانەوە دەبێتە زمانی ستانداردی نووسینی دەقەکان.

**٣ . زمانی عامیانە و ئاماتۆر:**

زمانی سواو و لە ڕەندەدراوی شەقام و کووچە و کۆڵانە کە

خەڵکی ئاسایی ڕۆژانە قسەی پێ دەکەن و کاروباری خۆیانی پێ ڕادەپەڕێنن، هەڵەی وشەیی و ڕێزمانی هەیە و دەلاقەی دیتنی ئاستی کولتوور و نیشاندانی ڕادەی وشیاریی لایەنی زۆرینەی کۆمەڵگا دەردەخات.

**٤ ) زمانی هێما و ئاماژە** ( Body Language):

ئەو بەشە لە زمان، بۆ پێوەندیی نێوان تاکەکانە بەبێ کەڵکوەرگرتن لە وشە و دەنگ کە لە ڕێگای ڕوخسار یا بزاوتنی پاژێک لە جەستە یا حاڵاتی ڕۆحی و ڕەوانی بە نیشانەی جیاواز بۆ دەربڕینی هەست و پێویستی یان خودنەویستی و نەخواستن، هاتووەتە بەرهەم.

زمانی جەستە یا هێما و ئاماژەیە، گرینگترین زمانی پێوندییە کە زیاتر لە ٩٠ ٪ لە ئاخاڤتن پێک دەهێنێت و زیاتر لە ٢٠ هەزار جۆری ئاماژەی زمانی لە خۆ دەگرێت.

**تێبینی**: زمان لە هەموو حاڵەتەکاندا، دینامیکە نەک ستاتیک و نەگۆڕ، یان بەرەوپێش دەڕوات یان پاشەکشە دەکات و لە نێو دەچێت.

**پۆلێنکردن و دەستەبەندیی زمان**

**١. زمانی یەکبەش یان یەک بڕگەیی:**

وشەکان لە یەک بزوێنی نەگۆڕ پێک هاتوون، نە ڕیشەی وشە دەگۆڕن و نە پێشگر و پاشگریان پێوە دەلکێت، وەکوو زمانی « چینی، تبتی، سیامی».

**٢ ـ زمانی پەیوەند ( التصاقی):**

وشـه لـه یـەک یا چەند بـەش (بـڕگـه) یا بزوێنی نەگـۆڕ « تغیرناپذیر» دروست بووە، کە دەتوانن پێکەوە بلکێن و پاشگر و پێشگر بگرن هەتا مانای نوێ بدەن، وەکوو زمانەکانی فنلاندی، تورکی، مەغولی، تاتاری، ژاپنی و کورەیی.

**٣ ـ زمانی داڕێژراو و گەردانکراو « مشتق یا صرفی»:**

وشـه لـه یـەک یـا چەندین بـەش (بـڕگـه) یـا بزوێنی بگۆڕ» تغیرپذیر» درووست بووە، ڕیشەی وشەکان دەگۆڕدرێن و بە شێوەی جۆراوجۆر خۆ دەنوێنن و پاشگر و پێشگر دەگرن، زمانە گرینگەکانی دونیا لەو دەستەیەن، وەکوو:

زمانی هیندی، یوونانی، ئێرانی، لاتینی (فەرانسەوی، ئیتالیایی، ئیسپانیایی، پرتقاڵی و...)، ژەرمەن ( ئینگلیسی، ئاڵمانی، هولەندی، نورویژی، سوئێدی)، ئیسلاوی ( ڕووسی، چکی و لێهستانی)، سامی (عەرەبی، عیبری، ئاشوری، فنیقی، ماد، کەلدانی و بریانی)».

(ئیگورمیخائیلوویچ دیاکۆنۆڤ) لە کتێبی تاریخی ماد، وەرگێڕانی « کریم کشاورز»دا دەنووسێت: کە «مادەکان بە چاولێکەری لە فەنیقییەکان، لە خەتی بزماریی بابلی، ئەلفبێی جیاواز و سەربەستیان دروست کرد، کە زمانی مادەکان بەو ئەلفبێیە دەنووسرا و ئێستا زمانی کوردی بەشێکە لە پاشماوەی ئەو زمانە».

**زمانی دایک**

زمانی دایک چەمکێکی فرەڕەهەندە و فرەبەرهۆ کە بەپێی بەڵگە زانستییەکان زمانی نێو زگی دایکە و لە قۆناغی دووگیانیی

دایکەوە منداڵ فرچکی پێ دەگرێت و فێری دەبێت، ئاهەنگی پیت و وشەکان دەناسێتەوە و دوای لەدایکبوون، بە شێوەی سروشتی لەگەڵی ڕادێت و فێری دەبێت کە پێک هاتووە لە چەند تەوەری سەرەکی:

**١ ـ زمانی لانک** (cradle language):
ئەو بەشە یەکەم و سەرەتاییترین زمانی منداڵ دوای لەدایکبوونە کە زمانی دواندنی منداڵە و پاشانیش دەبێتە زمانی گڕوگاڵ و ئاخاڤتنی منداڵانە کە تەنانەت گەورەکانیش بۆ تێگەیاندنی منداڵ بەو شێوە دەدوێن.

**٢ ـ زمانی دوای قۆناخی لانک:** (Regular language)
ئەو بەشە زمانی فێربوونی وردەکارییەکان و وشە شاراوەکان و زمانی دوای زمانی لانکە کە منداڵ ئامادە دەکات بۆ دەسپێکی زمان و شێوەزارێک کە گەورەکان قسەی پێ دەکەن و لە ڕاستیدا لاسایکردنەوەی زمان و هەلسوکەوتی خەڵکی دەوروبەرە.

**٣ ـ زمانی ماڵ:** (Dilmma)
سەرەتایە بۆ ڕاهاتن و لێک و لووسکردنی زمانی ئاخاڤتن لە فۆرم و قەوارەی زمانی بەپێی زاراوەی بنەماڵە و بە گشتی ئەو ناوچە و ڕووبەرەی کە منداڵ لێی لە دایک دەبێت.

**٤ـ زمانی دەرەوەی ماڵ یا زمانی ئاسایی کۆمەڵگا** (Nativ Languag):
ئەو قۆناغە لە زمان، ناسنامەیەکی سۆسیۆزمانی، کۆمەڵایەتی

و جۆگرافی هەیە کە لە بەردەم چەند زمانی تر یان خود چەند زاراوە و بنزاراوەی جیاوازدا، خۆ ڕادەنێت و بە قۆناغی پتەوبوون و گەشەی زمان دەگات.

**سەرنج:** جار هەیە زمانی دایک ناسنامەی نەتەوەیی ون دەکات، بەتایبەت ئەگەر پیاو لەگەڵ ژنی غەیری نەتەوەکەی خۆی ژیانی هاوسەریی پێک بهێنێت، یان منداڵ لە هەتیوخانە و شوێنە گشتی و حکوومەتییەکان گەورە بێت و بەم پرۆسە زمانی و ناوچەییانەدا تێنەپەڕێت.

**گرینگی زمانی دایک**

**یان زمانی دایک لەبواری زانستی** Mother Tongue:

زمانناسی، ڕەوانناسی، دەمارناسی و زۆر بواری پێوەندیدار، وەکوو زمانی یەکەمی منداڵ ناسراوە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان زەین و زماندا دروست دەکات و هەست و ئێحساسی خۆی ڕاستەوخۆ بەم زمانە واتە زمانی دایک دەردەبڕێت.

منداڵ لە قۆناغی نێوزگی دایک «کۆرپەڵە» لەگەڵ زمانی دایک ئاشنا دەبێت، دوای لەدایکبوون بە بیستنی ئەو زمانە هەڵسوکەوت لە خۆ نیشان دەدات و ئەم بەستێنە بەشێوەی نەخوازراو و غەیرە ئیرادی، وەکوو نۆرم لە بیر و هزریدا شکڵ دەگرێت، هەروەها لە نێوان میشک و زمان و دڵ، پێوەندیی ڕاستەوخۆ دروست دەکات کە لەگەڵ هەست و ئیحساسی دەروونی و هەموو ئەو دیاردانەی لە دەوروبەری خۆیدا دەیبینێت، ڕەنگدانەوەی ڕۆحی و ڕەوانیی لەگەڵ پەیدا دەکات.

First Language

**زمانی دایک واتە زمانی یەکەم:**

زمانی یەکەم یان زمانی دایک جێگای تایبەتی لە نێو مێشکدا هەیە، کاتێک مێشک جەڵدەی «اسمیک « دەگرێت، جگە لە زمانی یەکەم یا زمانی دایک، هەموو زمانەکانی تر کە دوای زمانی دایک مرۆڤ فێریان بووە، لە میشک دەسڕێنەوە، بەڵام زمانی دایک چونکە لە خانەی تایبەتی مێشکدا زەوت و پاشەکەوت کراوە، بە ساغی و پارێزراویی دەمێنێتەوە.

منداڵ تاکوو تەمەنی قوتابخانە، زانیارییەکی ڕێژەیی لە دایک و باب و دەوروبەر پەیدا دەکات کە بەپێی بەڵگە زانستییەکان منداڵی ساغ و نۆرماڵ نزیک بە ٨٠ ٪ لەو شتانەی کە دەبێت فێریان بێت، لەم تەمەنەدا فێریان دەبێت.

کاتێک منداڵ دەچێت بۆ قوتابخانە، قوتابخانە ڕۆڵێکی گرینگی لە پەروەردە و بارهێنان و تەنانەت کەسایەتیدان بە منداڵ دەبینێت، پردی پێوەندیی نێوان ماڵ و کۆمەڵگایە و زانیارییەکانی مناڵ کە تا ئەو کاتە فێریان بووە، کامڵتر دەکات.

هەستی شوناس نەتەوەیی و تاکەکەسی منداڵ کە تاکوو ئێستا بنەماڵە پێی داوە ، پتەو دەکات و بەپێی ئەو بنەمایە خۆی بۆ بەرپرسیاریەتی دوارۆژ ئامادە دەکات.

لەم کاتە هەستیارەدا گرینگی خوێندن بە زمانی دایک و زمانی نەتەوەکەی خۆی، بۆ منداڵ دەردەکەوێت، چونکە کاتێک دەچێتە قوتابخانە لە دەسپێکدا کەس یا کەمتر کەس دەناسێت و نامۆییان لێ دەکات، تەنانەت لە مامۆستاش دەترسێت و تووشی دڵەڕاوکێ و ئیسترێسی شیمانەیی دەبێت، جا لەم کاتەدا ئەگەر منداڵە

هاوپۆلەکان و بەتایبەت مامۆستای قوتابخانە بە زمانێک قسە بکەن کە زمانی هەست و ئێحساس و زمانی دایکی و نەتەوەیی منداڵ بێت، ئەو زمانە دەبێتە هێزێکی یاریدەدەر و جۆرێک دڵنەوایی و ئارامی بە ڕۆح و جەستەی منداڵ دەبەخشێت و لە ماوەیەکی کورتدا پێوەندیی ستاتیک لە نێوان هاوپۆلەکانیدا کە لەمەوبەر نەیدەناسین دروست دەکات، کاتێکیش مامۆستای قوتابخانە بە هەمان زمان وانە دەڵێتەوە، جۆرێک هەستی باوەڕبەخۆیی لە ناخی منداڵدا دروست دەبێت.

بەڵام لەو کۆمەڵگایانەی وەکوو وڵاتی ئێران کە منداڵ بە زمانی دایکی خۆی نێو خوێنێت، سەرەتا ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە دەستێکی زاڵم حاکمە کە ئەو مافە مەزنەی لە منداڵ زەوت کردووە و ئەو زمانە و ئەوانەی قسەی پێ دەکەن کۆیلەی کردوون، پاشان منداڵ بەپێچەوانەی ئەوانەی کە گوترا، نە لە قوتابییە هاوپۆلەکانی تێ دەگات و نە لە مامۆستای قوتابخانە و نە لە وانەکان کە هەستی خۆباوەڕی و پێناسەی نەتەوەییی خۆی ون و شوێن بزر دەکات، لە بەرانبەر ئەو کەسانەی کە لەگەڵ مامۆستای قوتابخانە هاوزمانن و وانە بە زمانی ئەوان دەگوترێت، هەست بە کەمایەسی و کەموکوڕی دەکات، هاوکات زمانی دایکی و نەتەوەیی خۆی لە بەرانبەر ئەو زمانەدا بە کەم دەبینێت و لەسەرەتادا پێی وایە کە زمانی دایک و باب و زمانی خۆی بەکار نایەت و لە ئاست ئەو زمانە بێگانەدا بایەخی نییە، ئەوە یەکەم هەنگاوی برینداربوونی هەستی منداڵە کە هەنگاوی نەرێنی تریشی بەدوادا دێت.

بۆیە پاش بێهیوایی و هەستێکی ناخۆش کە بەرۆکی گرتووە و دۆخەکەی بەسەردا سەپاندووە، لەگەڵ ئەوەیدا هەست بە پاشەکشە لە خوێندن دەکات، ناچارە بۆ تێگەیشتن لە وانەکان و قەبووڵی دۆخەکە، زیاتر لەوانی تر هەوڵ بدات تاکوو هەرچۆنێک بێت بە ناچاری خۆی لەگەڵ دۆخەکە بگونجێنێت.

لە لایەکی ترەوە ، چۆن بە زمانی خۆی ناخوێنێت، هەم ئاگای لە مێژوو و زمان و فەرهەنگی خۆی نامێنێت و فەرهەنگ و مێژوو و زمانی سەپاو فێر دەبێت کە جاری وایە دژایەتی لەگەڵ پاشخان و مێژووی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکەی خۆی تێدا بەدی دەکرێت، ڕەنگە ئەگەر بە شێوەی زانستی و دەقیق ئەو بوارە خەسارەناسی بکرێت، زۆر زیاتر لەوانەی باس کرا، زەرەر و زیانەکانی دەردەکەوێت.

دیارە بەداخێکی زۆرەوە، لەگەڵ ئەوەی کە زمانی کوردی یەکێک لە زمانە کۆنەکانە و ڕیشەی لە دڵی مێژوودا هەیە، بەڵام کێشە و گرفتێکی زۆری هەیە، بۆیە نەکراوە لە پارچە جیاوازەکان و تەنانەت لە ناوچە جیاوازەکانیش زمانێکی یەکگرتوو و ستانداردی نووسینی هەبێت کە چەند هۆکاری ئەم کێشەیە بریتین لە:

- نەبوونی هارمۆونی و هاوئاهەنگی.

- نەبوونی زمانی یەکگرتوو، بە هۆی لێکدابڕانی کولتووری و دابەشبوونی کوردستان یان نەبوونی دەستەڵاتێکی سیاسی و دیسکۆرسی نەتەوەیی.

- جیاوازیی ئەلفوبێ و ڕێنووسی کوردی.

دیارە زمانی ستاندارد مەرج نییە تەنیا لە ڕێگای دەوڵەتی نەتەوەییەوە بێت، وەکوو وڵاتانی یوگسلاوی پێشوو، مەجارستان،

ئۆکراین ، ئیسرائیل (زمانی نوێی عیبری لە ١٩٤٨) لە دەرەوەی دەستەڵاتدا زمانی ستانداردی نەتەوەییی خۆیان دروست کرد.

هەرچەند بە خۆشیەوە ئێستا لە ڕێگای گۆرانی و مۆسیقا، میدیا و کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژی و تێکەڵبوونی خەڵک، زمانی کوردی بەرەو ستانداردبوون چووە و ناوچە و تەنانەت پارچەکانیشی زیاتر لێک نزیک کردووەتەوە.

# فەلسەفەی زمان و
# گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە

ژیوان ڕۆژهەڵات

**پێشەکی:**

مرۆڤ لەو کاتەی بیری کردووەتەوە و لە پرۆسەی گەشەکردندا هۆشیاری زیاتر بووە بە وێنە و نیگارەکانی بوونی خۆی سەلماندووە و ویستوویەتی ئاسەوارێک لە دوای خۆی بەجێ بهێڵێت. کاتێک زمانیی نووسین دادەهێنێت و دەبێتە خاوەنی زمانیی نووسین بەردەوام مرۆڤی هۆشمەند بە دەنگ، وێنە و نووسین جیهانیی خۆی شرۆڤە کردووە. زمان بۆ مرۆڤ جگە لەوەی کە ئامرازی پەیوەندی بووە، ئامرازی بیرکردنەوە و داهێنانی نوێش بووە. لە فەلسەفەدا زمان و بیرکردنەوە بەشێکی دانەبڕاوی یەکترن و بەتایبەتی لە فەلسەفەی یۆناندا فەلسەفە خۆی لە زمانی ئاخاوتندا دەرخستووە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە،

پەیوەندی فەلسەفە لەگەڵ زماندا چۆنە؟ فەلسەفەی زمان چۆن توانیویەتی شێوازی بیرکردنەوە بگۆڕێت؟ ئەوەی لەم وتارەدا دەمانەوێ لێکی بدەینەوە شۆڕبوونەوە بەناو ئەم پرسیارانە لەبەر ڕۆشنایی فەلسەفە و بە لەبەرچاوگرتنی زمانیی کوردی.

**سەرەتا:**

**زمان و بیرکردنەوە**

دیارە زمان وەکوو شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێت و بەکارهێنانی ئاسان و بێخەوشی زمان بووەتە هۆی ئەوەی کە زمان وەکوو نێوەنجێکی ڕوون بۆ گواستنەوەی بیرکردنەوە لە قەڵەمی بدەن. چونکە بەڕواڵەت ڕێگرییەک لە ڕەوتی ئاسایی بیرکردنەوەی ئێمە ساز ناکات و ئەم وێنەیەی ساز کردووە زمان کەرەستەیەکە بە یەکسان بۆ گواستنەوەی هەر چەشنە بیرکردنەوەیەک بەکاری بێنین. تەنانەت لە بواری زانستیش زمانناسەکان و دەروونناسەکان لایەنگرییان لە گەشەی منداڵ یان ناتەواوی لە قسەکردن کردووە. کۆمەڵێک لە زمانناس و مرۆڤناس لایان وایە، زۆر کەس بە هەڵە لە پەیوەندی نێوان زمان و ئەزموون تێگەیشتوون. زمان بەپێچەوانەی ئەوەی ساویلکانە بۆی دەڕوانن تەنیا ڕەشنووسێک لە برگە جۆربەجۆرەکانی ئەزموونێک نییە پشتی پێ دەبەستن، بەڵکوو زمان دامەزراوەیەکی سیمبۆلیکی و سەربەخۆ و داهێنەرانەیە، جگە لەوەی کە ئەزموونێکە بەشی زۆری بەبێ پێشتبەستن بە زمانە بەڵکوو چوارچێوەکانی ئەزموونیش بەپێی گەشەی فۆڕمەکی خۆی بۆ ئێمەی دیاری کردووە، هەروەها بە هۆی ئەوەی کە ئێمە بەبێ هۆشیاری چاوەڕوانکراوی پاڵەکی

خۆی کە بە هۆی زمانەوە پێک هاتووە لە چوارچێوەی ئەزموونداو برەوی پێ دەدەین و زمان بۆ ئێمە، ئەزموون لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو جێگیری دەکات، زمان جۆرێک لە لۆژیک و چوارچێوەی گشتی ئاماژپێدان پێک دەهێنێت و هەر زمانێک بیرکردنەوەی وتەبێژەکانی خۆی پێک دەهێنێت. بیرمەندانی وەکوو «لی ۆرف» لایان وایە، هەرکات کولتوور و زمانێک پێکەوە گەشە بکەن پەیوەندییە گرنگەکانی نێوان لایەنە گشتییەکانت ڕێزمان و تایبەتمەندییەکانی ئەو کولتوورە بەگشتی هەیە.

**ڕواڵەتی زمان و قووڵایی زمان لە ڕوانگەی هیرمینۆتیکی فەلسەفییەوە**

هەندێک لە فەیلەسووفەکانی هاوچەرخ بەم شێوەیە لە زمانیی فەلسەفی لێ کۆڵیونەتەوە بەتایبەتی لە بەشی هیرمینۆتیکی فەلسەفی. ١- ڕواڵەتی زمان ٢. قووڵایی زمان. ١- لایەنی ئەپۆفانتیکی زمان ٢- لایەنی هێرمێنۆتیکی زمان.

ئەم خاڵە، دەروازەیەکی گرینگ بۆ تیگەیشتنە. لە هێرمێنۆتەکانی پاش هایدیگەری وەکوو گادامێر. ئەپۆفانیس واتای گوزارە دەگەیەنەت و ئەپۆفانتیک مانای گوزارەی بوونیی زمانیی دەگەیەنێت، هێرمێنۆتیک قووڵایی زمانە. لە دەربڕینی ڕستەکەیدا ، لە یەکەم هەنگاودا پەیوەندییەکی تێدایە و خاوەن ئەو وشانەیە کەوا لە هەر زمانێکدا هەیە، ئەم پرسیارانە وا دیارە فرەچەشنی زمانەکان لە رواڵەتی زمانەوە گەڵاڵە دەکەن. تەنانەت زمان و مانای زمان دەگرێتەوە. خەڵکی ئاسایی، لە لایەنی ئەپۆفانتیکی زمان تێدەگەن. لە فەلسەفەدا، پلە و پایەی زانین و مەنتێقی بە لایەنی ڕواڵەتی زمانەوە بەندن. کەواتە فەیلەسووفە شیکارییەکان

هێشتا لە ئاستی ڕواڵەتی زماندان، چونکوو بایەخ بە لایەنی تیۆری زانینی، مەنتیق و ماناناسییەکان دەدەن و زمان بە کەرەسە دەزانن. قووڵایی زمان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە هێرمێنۆتیکییەکانی زمان کەوا کولتووری و ئەنتۆلۆژیکییە، کەواتە هێرمێنۆتیک زمانێکی قووڵی کولتوورییە. لە کاتی کەڵکوەرگرتن لە نوکتە یان تەوس یان خوازەیەک لە مانا سەرزارەکی، مەنتیقی و ماناناسیەکەیدا، باس لە ڕواڵەتی زمان دەکەین، یانی باس لەوە دەکرێت کەوا ڕستەی ناوبراو حەقیقەتە یان مەجازە و کامە سەنعەتی ئەدەبی تێدا بەکار هێنراوە، وا دیارە بایەخ بە زمان دەدرێت و لە زمانی شێعردا، ئەم جیاکارییە دەردەکەوێت. بە ڕای هایدیگەر لە سات بە ساتی ژیانی مرۆڤدا، ئەم دوو لایەنە لە زمان لێک جیا دەبنەوە. جاروبار چاوپۆشی لەم جیاکردنەوە دەکەن و جاروباریش وەکوو فەیلەسووفە شیکارییەکان، کەوا لایان وایە، پێویستە مەنتیق زاڵ بێ و لایەنی ماناناسی و تیۆری زانییەکەی دیاری بکرێت، جیهانی «ژێر- زمانی» لەگەڵ «جیهانی سەر- زمانی جیاوازن». کێشەکان بە شێوەیەکی ئەنتۆلۆژیکي لە شێوەی هایدیگەردا ئامادەیە. ئەبێ بزانین دابەش بوونێکە تارسکی لەسەر زمان کردوویەتی بەم شێوەیە:

### ٢.١. language- meta . object- language

هەردوو پەیوەندییان بە ڕواڵەتی زمانەوە هەیە و جیاواز لە دەربڕینەکانی هایدیگەرن. فۆڕمالیزم، مانای دوور کەوتنەوە لە ڕاستییە ئیگزیستانسەکانی مرۆڤە. فۆڕماڵبوونی باسەکان و داڕشتنی زمانە دەستکردەکان بۆ نموونە کارناپ، دوو پلە لە

ڕاستی ئێگزێستانسەکانی مرۆڤ و زمانیی ئێگزێستانس دوور دەکەونەوە. وەک ئەو وتەیەی ئەفلاتوون وایە لەسەر وێنەکێشان دەری بڕیوە. لە ڕوانگەی ئەفلاتووندا، وێنەکێش، دوو پلە لە ڕاستی دوور دەکەوێتەوە. یەکەم ئەوەی کە ئەم ڕاستییە، سێبەرێک لە جیهانی بەرزە و ئەوەی دیکەش وێنەکێش، وێنەی سێبەرەکان دەکێشێتەوە، کەواتە هونەرمەند لای هایدیگەر پلە و پێگەیەکی ئەوتۆی نییە. هەربۆیە فەیلەسووفە شیکارییەکان لەگەڵ فۆرمالیستەکان، دوو پلە لە زمانی ئێگزێستانس و ڕاستییەکانی مرۆڤ دوور دەکەونەوە. فۆڕمالیزمی کارناپ خاڵی دەستپێکی بیرکردنەوە نییە. زمانی ئاسایی «بەو جۆرەی کەوا ڕایل لە ڕوانگەیەکی دیکەوە باسی لەسەر کردووە» بە بەراورد لەگەڵ فۆڕمالیزمی کارناپ لە ڕاستی نزیکترین. کەواتە ئەگەر لە زمانێکی فۆرمالیستیەوەmeta- language بگەڕێنەوە بۆlanguage - object لە ڕاستەقینە نزیکتر دەبینەوە. گەرچیlanguage-amet دەستکردە و بۆیە من لە بەکارهێنانیدا سەربەستم و لە بەر دەستی مندایە و لە زمانێکی ڕواڵەتی و دەستکردا دەمێنێتەوە. بۆیەobject- language ، ڕواڵەتی زمانی سەرەتاییە و خۆی لە قەرەی قووڵایی زمان نادات. هایدیگەر هەوڵی ئە وە بوو، بۆ ئەوەی لە قووڵایی زمان تێبگات. دیارە بە بۆچوونی هایدیگەر زمان ناسنامەیەکی کولتووری دێنێتە ئاراوە و بوونی کۆمەڵگایەک پێک دێنێت. زمان بناغەی جیهان پێکدێنێت و زێدی بوونە. ناسنامەی ئێمە زمانە و دەرفەتمان پێدەدا بۆ ئەوەی من، ببم بە من. گەرچی زمان، لە بیرۆکەی هایدیگەردا ناسنامەیەکی سەربەخۆی نییە و لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییانەی لەگەڵ بووندا سازیکردوون دەبێ

بە زمان. بۆیە هایدیگەر ، بایەخ بە ڕەسەنایەتی پەیوەندی زمان دەدات. کەواتە پێوەندی ڕەسەنە و من ڕەسەن نیم. چونکوو من لە ڕێگەی پێوەندییەوە پێکدێم، پەیوەندی پێکهێنەری منە. من لە کاتی دیتنی وێنەیەکی سروشتی، لەگەڵ ئەو وێنەدا پەیوەندی ساز دەکەم. (سرینەوەی لایەنی سووژە و ئۆبژەی دێکارتی) ئەم وێنەیە خۆ دەکێشێتە ناو جیهانی من و لەگەڵ جیهانی مندا ئاوێتە دەبن و لە ئەنجامدا دەبێ بە کەرەسە. لە لایەکی دیکە «من» شتێکی بەدەر لە جیهانی منە. ئەم جیهانە چۆنێتیە هیچ نییە جگە لە خۆم ،من لە جیهانی بووندام. کەواتە پەیوەندی دێنێتە قسە و بوونی من دادەڕێژێت گەر بێتوو من هیچ پەیوەندییەکەم لەگەڵ بووندا نەبێ، ئەوسا جیهانبینیم نابێت. پەیوەندییەکانی من لەگەڵ بووندا، ئێمە دیاری دەکەن و جیهانی ئێمە پێکدێنن. کەواتە (زمان ئێمە دێنێتە قسە) یانی ئەو پەیوەندییانەی کەوا لەگەڵ بووندا ساز دەبێت. لە ئەنجامدا زمان دەبێ بە لانە یا زێدی بوون یانی تاکوو زمانێک نەبێ، بوون دەرناکەوێت. زمان ناسنامەی نەتەوەیەکە لە هەمان کاتیشدا تەعبیرە لە بوونی نەتەوەیەکە بیری پێدەکاتەوە. زێد یان نیشتمان یان خانوو بۆ زمان هەمان هێشتنەوە و نەمری بۆ زمانی لێ دەکەوێتەوە. واتە نەتەوەیەک هەیە زمانەکەی بوونی خۆی پێ دەسەلمێنێت و لە فەوتان ڕزگاری دەکات. کەواتە نەتەوەیەکە لە زمانی خۆیدا قووڵ نەبێتەوە و داهێنانی نەبێت زۆرجار پەنا دەباتە بەر زمانیی داگیرکەر و زمانیی خۆی سەرکۆنە دەکات و بەکەمی دەزانێت و لە نیشتمانی خۆی دوور دەکەوێتەوە. زمانیی ئێمە خانووێکە نیشتمانی ئێمە وەکوو نەتەوە زیندو ڕادەگرێت.

**زمانی لۆژیکیی بیرکردنەوە**

لە فەلسەفە یۆنانیدا فەیلەسووفەکان هەوڵی ئەوەیان بوو زمانیی یۆنانی فێری فەلسەفە بکەن. بەڵام ئەوەی گرنگ بوو ئەوە بوو بیرمەندی یۆنانی کەسێکی پرسیارکەر بوو. گەرچی وڵاتانی چین و هیندیش پێشکەوتوو بوون، بەڵام چینیەکان زیاتر لە تەکنۆلۆژی و ئەزموونی سادە کەڵکیان وەردەگرت و شێوازی بیرکردنەوەیان پشتی دەبەست بە ئایین و عیرفانی سروشتی نێو کولتوورەکەیان، بەڵام بۆ یەکەمجار یۆنانییەکان بوون وەکوو کولتوورێکی پرسیارکەر سەری هەڵدا و ئەمەش لە مێژوودا بێوێنە بووە. پرسیار، گومان، شیکردنەوە و لۆژیکی زمان پێکەوە پەیوەندییان بووە. پرسیار لە سروشت لە چی پێک هاتووە تا دەکاتە پرسیار لە بوونی مرۆڤ بۆچی هەیە و دەبێ چی بکات، وەهای لە بیرمەندی یۆنانی کرد زمانی لۆژیک دابمەزرێنێت. بۆ ڕێکخستنی پرسیارەکانی زمانی لۆژیک دابهێنێت. زمانی لۆژیک شێوازی بیرکردنەوەی کولتووری یۆنانی گۆڕی. لە داهێنانەکانی فەلسەفەی یۆنانی و خزمەتی بە زمان لە دیالۆگەکانی سوکرات _ ئەفلاتوون بە لووتکەی خۆی گەیشت. هونەری ئاخافتن نموونەیەکیەتی. سوکڕات پرسیار دەکات، کەسی بەرانبەر وڵام دەداتەوە یان پرسیارەکە ڕەت دەکاتەوە و بەردەوام پرسیار و وڵامدانەوە دەرەنجامەکەی ئەوە بووە گەمەی زمانی داهێنا. گەمەی زمانیش کاریگەی لەسەر قووڵتربوونەوە لە پرسیارەکان و شێوازی بیرکردنەوە دادەنا. کرانەوەی مێشک و گومانکردن بۆ خۆی جیهانێکی نوێی بۆ یۆنانییەکان دەستەبەر کرد. هونەری بیرکردنەوە یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکان بووە واتە لە گەمە

زمانییەکاندا کەسێک دەیتوانی سەرکەوتووتر بێت خاوەنی بەڵگە بێت. هونەری بیرکردنەوە زمانی بەڵگەهێنانەوە و ڕێکخستنی زمانیی قووڵی لێ دەکەوتەوە و ئەمەش زمانی لۆژیکیی یۆنانی بەهێزتر کرد. بۆنموونە ناکۆکی، لێکدژی، نابێت لە بیرکردنەوەدا هەبێت. کەواتە یۆنان وەکوو لانکەی فەلسەفەی زمانیی شیکاری نەک بۆ زمانیی یۆنانی بەڵکو بۆ مرۆڤایەتی وەکوو میرات بەجێهێشت و تا ئێستاش مرۆڤایەتی قەرزاریەتی.

خالی سەرەکی لە شێوازی بیرکردنەوە ئەوە بوو، دوو جۆر یاسای لێ کەوتەوە. یەکەم یاسای بیرکردنەوە و بەڵگەی لۆژیکی، دووەم یاسای تێکەڵکردن.

**یاسای لۆژیکی:**

یاسای لۆژیکی بۆ ڕێکخستنەوە بیرکردنەوەیە لە کاتی بەڵگەهێنانەوەدا بەرەوڕووی هەڵە و بەلاڕێداچوون نەبێتەوە. یاسای لۆژیکی پشت دەبەسێت بە مەعریفەی پێشی، واتە ئاستی زانیاری و ئاگامەندی کاریگەری هەیە لەسەر شێوازی بیرکردنەوە. هەرچەندە ئاستی بیرکردنەوە و زانیاری لێکدراوەی مێشک زیاتر بێت گومان لە شتەکان و دەورووبەر زیاتر دەبێت. ئەمە جۆرێک لە پێگەیشتنی ئاوەزمەندییە. واتە مێشک لە شتەکان دەکۆڵێتەوە و پێشوەختە بڕیار نادات. چونکە زۆربەی هەڵە زمانیی و لۆژیکییەکان لە نەبوونی جێبەجێکردنی بیری لۆژیکییەکانەیە. کەواتە پشتبەستن بە یاساکانی لۆژیک مێشک لە ناکۆکی زەینی و هەڵەی زمانی دەپارێزێت.

**یاسای تێکەڵاوکردن:**

دژ بە یاسای لۆژیکی یاسای تێکەڵکردنە و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پەروردەی سەقەت و نەخوێندەواری و کەم سەوادی. یاسای تێکەڵاوکردن لەناو کۆمەڵەیەکدا باوە خەڵکێکە بەباشی پەروەردە نەکرابێت عەقڵ و هۆشیارییان گەشە ناکات و توانایی ئەوەیان نییە قووڵ لە بابەتەکان بڕوانن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە پێشوەختە و بەبێ بیرکردنەوە لەسەر شتەکان بڕیار بدەن. یاسای تێکەڵکردن واتە کۆکردنەوەی خاڵە ناکۆک و ناتەباکان پێکەوە. بۆ نموونە باوەڕ بە قەزا و قەدەر، چاوپیسی، نووشتەنووسی و جادوگەری هەمووی پەیوەندی بە یاسای تێکەڵاوکردنە و لە کۆمەڵگەیەدا باوە، باوەڕ جێگەی زانستی گرتبێتەوە. تەنانەت نەخۆشینی کۆرۆنا و گرێدانی بە بەڵای ئاسمانی نموونەیەک لە یاساکانی تێکەڵاوکردنە. لە یاسای تێکەڵاوکردندا ئەوەی پەیوەندی پێکەوە نەبێت گرێدانی پێکەوە لە یاسای تێکەڵاوکردنەوە سەرچاوەی گرتووە. دەرەنجامی یاسای تێکەڵکردن زمانئالۆزییە. زمانئالۆزی قسەکردن لەسەر هەموو شتێک بەبێ ڕەچاوکردنی یاساکانی زانینە. زانیاری کەم لەسەر شتەکان و قسەکردن لەسەر شتەکان و زۆربلێی لەڕادەبەدەر لە یاساکانی تێکەڵکردنە کە لە زۆربەی ئەو کۆمەڵگەیانە هێشتا کۆمەڵگەی پێشمودێڕنن و بێبەرین لە پەروەردەی مودێڕن باوە، چونکە ئامانجی پەروەردە هۆشیارکردنەوە و ئاگاییدان بە تاکە و فێرکردنی تاکە بۆ ئەوەی مێشکی لە ڕەهەندە جۆربەجۆرەکانەوە گەشە بکات.

جۆرەکانی زمانیی بیرکردنەوە لە فۆڕمی خەیاڵەوە تا دەگاتە فۆڕمی بیرکردنەوە.

زمانیی ڕووکەش و فۆڕمی سادە، بریتییە لە زمانیی شاعێرانە – خەیاڵی زیاتر ئایینییە و وێکچوواندن ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت. زمانیی شاعێرانە _ ئایینی، پێشت بە خەیاڵ دەبەسێت و گەمەی زمانییەکە وێنەی میتافیزیکییە و زمان وەکوو نهێنی یان ڕاز سەیری دەکات.

زمانیی لۆژیکی _ زانستی. ئەم زمانە زیاتر بیرکردنەوە و ئەزموون و مەعریفەی بە لاوە گرنگە و شیکردنەوە و تاقیکردنەوە دەکات بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر بگەیەنێت و خۆی لە خەیاڵی شاعێرانە و حیکایەت دوور دەخاتەوە. بە لۆژیکی زمانیی بابەتێک ڕەت دەکاتەوە یان بابەتێک دەسەلمێنێت.

لە سەدەی هەژدەیەمدا کانت لە ڕێگەی سێ ڕەخنە بە ناوبانگەکەی مەعریفەی مرۆیی گۆڕی و بۆ هەمیشە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان شێوازی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی مەعریفەی چەسپاند. دواتر لە سەدەی بیستەم ڤیتگنشتاین بە داهێنانی زمانیی لۆژیکی لە کتێبی تراکتاتۆس بۆچوونێکی نوێی هێنایە ئاراوە و کاریگەری خۆی تائێستاکە پاراستووە ئەویش ئەوە بوو سنوورەکانی جیهانیی من لە ڕێگەی زمانی منەوە دیاری دەکرێت. ڕێک هاوشێوەی کانتە بەڵام ڤیتگنشتاین دەیگۆازێتەوە بۆ زمان، کەواتە زمانیی ڕەمز و هەستکردن بەوەی کە نهێنییەک لە پشتەوەی زمان هەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی شێوازی بیرکردنەوە و کولتوورێکە لە کۆمەڵگەدا باوە، کەواتە کۆمەڵگەی پێشکەوتوو ئەوەیە دیالۆگ جێگەی مۆنۆلۆگ بگرێتەوە و گەمە زمانییەکان لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستدا گەشە بکات و مەعریفەی زانستی بەرهەم بێت.

## کۆتایی

لە کۆتاییدا ئـەوەی گرنگە بیرکردنەوە و قووڵبوونەوە لە لایەنەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤە. ئەمەش بۆ ئەوەیە داهێنانی لە بیرکردنەوەدا لێ بکەوێتەوە. زمانی کوردی وەکوو زمانەکانی دیکە توانای ئـەوەی هەیە خۆی لە قـەرەی دەقە فەلسەفییەکان بدات. سەرەڕای ئەوەی کە کورد خاوەنی دەوڵەت نەبووە و بە زمانیی خۆی پـەروەردە نەکراوە بەڵام هەوڵە تاکەکەسییەکان و کەسانی دڵسۆزی خۆی لە کۆنەوە تا ئێستا هاوردوویانە. سەرەڕای ئەو هەموو گرفتەکانی لە بەردەم زمانەکەدا بووە هەر زمانێکی دیکە بوایە ئێستاکە فەوتابوو، بەڵام زمانیی کوردیش بە هۆی ئەوەی کە زمانێکی فرە دیالێکتیکە و زاراوە و بنزاراوەی زۆرە و  فۆلکلۆرێکی دەوڵەمەندی هەیە، توانای گەشەکردنی زۆرە. لە بوارە جیاوازەکاندا خۆی لە قەرەی دەقە قورسەکان داوە و توانای زۆری هەیە بۆ وەرگێڕان و نووسین و ئەوەش پێویستی بە دامودەزگایەک هەیە دەوڵەتی بە پشتەوە بێت. ئەوەی ڕوون و نکۆڵی لە ناکرێت ئەوەیە کۆمەڵگەی کوردی ئەزموونی جیهانیی مودێڕنی لە ڕێگەی دەوڵەتی داگیرکەرەوە کردووە و ئەو دەوڵەتانەش خۆیان دواکەوتووترین دەوڵەتی ئێستای جیهانن. بۆیە تائێستاش کورد بۆ مان و نەمان جەنگاوە. تاکی کۆمەڵگەی کوردی بە ڕەنگ و بۆنی کولتووری خۆی و سەربەستانە نەیتوانیوە تەعبیر لە خۆی بکات. کۆمەڵگەی کوردی شێوازی بیرکردنەوەی لە چوارچێوەی خەیاڵ _ حیکایەتدایە. واتە وێنە و هەستی شاعێرانە و حەکایەتبێژانەی هـەیـە. بوارەکانی دیکەی وەکوو زانستە بنەڕەتییەکانی فیزیا، بایۆلۆژی و زانستە مرۆییەکانی ئەزموون

نەکردووە. کۆمەڵگەیەک دەتوانێ پێش کەوێت هەموو بوارەکانی مەعریفە دەوریان هەبێت و کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی شێوازی بیرکردنەوە دابنن. کەواتە گۆڕینی بیرکردنەوە ئەوەیە، مێشکی تاکی کورد لە چوارچێوەی هەست و خەیاڵی شاعیرانەدا خۆی قەتیس نەکات. زۆر جار یاسای تێکەڵکردن خۆی بەم شێوەیە دەردەخات لە هەستێکی سادە و ساکار و ڕوانینی کرچوکاڵ لە سیاسەت، بیرکردنەوە و بوارەکانی دیکەی مەعریفەش. زمانیی تاکڕەهەندی کۆمەڵگەی کورد ئەگەر لەو چوارچێوە ئایینەی لە مێشکیدایە و بە زمانی شاعیرانە دەهێنێتە نێو بوارە مەعریفییەکانی دیکە لەمپەرێکی گەورەیە بۆ داخستن و دواخستنی بیرکردنەوە. کەواتە زمانی کوردی پێویستی بەوەیە خۆی لە قەرەی ئەزموونی مودێڕن بدات و لە گەمە مەعریفییەکاندا بەشدار بێت و خۆی پێش بخات.

**سەرچاوەکان:**


١.لە پێشمودێڕنەوە تاکوو پۆستمودێرنیزم. نووسەر: یەدوڵڵا مووقێن، چاپ و بڵاوکردنەوەی نیلۆفەر، تاران ساڵی ١٣٩٩.

٢. کۆمەڵە وتاری زمان، بیرکردنەوە و کولتوور، نووسەر: یەدوڵڵا مووقێن، تاران ١٣٧٨

٣. بوون و کات، مارتن هایدگەر، وەرگێڕانی، سیاوش جەمادی، تاران ١٣٨٧

٤. مێژووی فەلسەفەی یۆنان، نووسەر، دبلیۆ گاتری، وەرگێڕانی حەسەن فەتحی و مەهدی قەوام سەفەری، تاران ساڵی ١٣٧٣

٥. مەنتق، نووسەر: فەرامەرزی قەرامەلەکی، تاران، ١٣٧٥

# بیر و زمان، پرسی دوو زمانەیی و گرینگیی زمانی دایکی

بێهزاد قادری

**- زمان**

زمان لە هێماگەلێک پێک هاتووە کە واتا دەگەیەنێتە مەبەستێک. وێڕای ئەمە، ڕێزمان و چۆنیەتیی پێکهاتەی ئەو هێماگەلەش بەو مەبەستە دەگەیەنێت. ئەم ڕێزمانە یارمەتیی تاک دەدات تاکوو بتوانێت پەیامگەلێکی لەڕادەبەدەر بەرهەم بهێنێت. «ڕاتنێر و گلینسۆن» لەسەر ئەو باوەڕەدان کە سیستەمی زمان خاوەن چوار تایبەتمەندییە:

یەکەمین تایبەتمەندیی زمان ئەوەیە کە هێما و نیشانەدارە؛ خەڵک لە دەنگ و وشە بۆ دەربڕینی مەبەستەکانیان لە بارەی چالاکییەکان، ڕووداوەکان و فیکرەکان کەڵک وەردەگرن.

هێماداربوون و نیشانەییبوونی زمان، بووەتە هۆی بەربڵاوبوونی بابەتگەلێک کە خەڵک لە بارەیانەوە قسە دەکات. لە ڕاستیدا هێماکان ئەو شیانە بە مرۆڤ دەدات کە لەبارەی شتانێکەوە قسە بکەن کە لە شوێنێکی دیکەدان، یان لەبارەی ڕووداوێک قسە بکەن کە لە کات و شوێنێکی تردا ڕوویان داوە. زمان لخیزە، چونکە دەتوانین وشەیەک بۆ گرووپێک لە کەرەستەکان کە جیاوازییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە، بەکار بهێنین.

دووەمین تایبەتمەندیی زمان ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی زمان واتادارە، بەڵام زۆرێک لە هێماگەلێک کە بۆ ناولێنانی شتومەک و دیاردەکان بەکار دەبرێن، بە جۆرێکن کە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی مەنتقییان لەگەڵ ئەو شتومەک و دیاردانە نییە. بۆ نموونە وشەی «چاویلکە» لە زمانە جیاوازەکاندا پێکەوە زۆر جیاوازن.

سێیەمین تایبەتمەندیی زمان ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرە. واتە دەتوانین بە هەڤدودانینی ڕێژەیەک لە وشەکان و هێماکان بە شێوازگەلێکی جۆراوجۆر، ڕادەیەکی زۆر ڕستە و پەیام بەرهەم بهێنین. ئەگەری هەیە ئێوە ڕۆژانە ڕستەگەلێک بەکار بهێنن کە پێشتر نەتانبیستبێت و بەکارتان نەهێنابێت. یان ڕەنگە ڕۆژانە ڕستەگەلێک ببیستن کە پێشتر نەتانبیستبێت.

چوارەمین تایبەتمەندیی زمان، یاسامەندبوونیەتی. ئەگەرچی مرۆڤ دەتوانێت ڕستەگەلێکی زۆر بەرهەم بهێنێت، بەڵام ئەم ڕستانە دەبێ یاسامەند بن و ڕێک خرابێتن. بەم هۆیەوە مرۆڤ، یاساگەلێکی بۆ دروستکردنی ڕستەکان داناوە.

**- کارکردەکانی زمان:**

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بە کەڵکوەرگرتن لە سیستەمێکی زۆر پێشکەوتووی پەیوەندیگرتن، لە بوونەوەرەکانی تر جیا دەکرێتەوە. ئەم سیستەمە ئەو توانایە بە مرۆڤ دەدات کە بتوانێت زانیارییەکانی دەوروبەر وەربگرێت و بە مەبەستێکی بگەیەنێت.

زمان خاوەنی دوو کارکردی بنەڕەتییە بۆ مرۆڤ: یەکەم ئەوەیە کە توانای پێ داوین کە لەگەڵ کەسەکانی تر پەیوەندی پێک بهێنین و بەم شێوەیە زانیاری و ڕوانگە و فیکری خۆمان بە مەبەستێک بگەیەنین یان هەمان شت لە کەسی دووەم وەربگرین و دووەم کارکرد ئەوەیە کە بیرکردنەوەی بۆمان ڕەخساندووە.

زمان ئەو تایبەتمەندییەشی بە مرۆڤەکان داوە، کە لە سنوورەکانی کامڵبوونی ژینگەیی و جەستەییش تێپەڕێت. کامڵبوونی بیۆلۆژیکی لە ڕێگای «ژێن»ـەکانەوە مسۆگەر دەبێت، بەڵام کامڵبوونی فەرهەنگی لە ڕێگای گەیاندنی زانیاری لەلایەن زمانەوە مسۆگەر دەبێت. واتە هەر بەرە لە مرۆڤەکان پێویست نییە کە دووبارە تەواوی بوارەکانی بەرەکانی پێش خۆی لە داهێنان و دۆزینەوە، هونەر و ماف، تەکنۆلۆژی و جووتیاری و... دووپات بکاتەوە، بەڵکوو دەتوانێت ئەزموونیان بکات و گەشەیان پێ بدات. فەرهەنگ و زمان ئەو توانایە بە بەرەی نوێ دەدات کە لەسەر شانی بەرەکانی پێشووتر بۆ پێشەوە باز ببات.

دووەمین کارکردی زمان ئەوەیە کە یارمەتیی بیر و پرۆسەکانی تری ناسین دەدات. زمان ئەو توانایە بە ئێمە دەدات کە ناوێک لەسەر ئەزموونەکانمان دابنێین. زمان ئێمە بە چەمکگەلێک تەیار دەکات کە دەتوانین بە یارمەتیی ئەوان دونیای دەوروبەرمان

ڕێک بخەین و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە دونیا بە شێوەیەکی سیستەماتیک وەربگرین. هەروەها زمان یارمەتیمان دەدات کە سەرنج بە ئەزموونەکانی ڕابردوو بدەین و ڕووداوەکانی داهاتوو پێشبینی بکەین.

کارکردی دووەمی زمان، واتە پەیوەندیی نێوان زمان و بیر، بابەتێکە کە باسێکی زۆری لەسەر دەکرێت و بیرمەندان چەندین ڕوانگە و بۆچوونیان لەسەری داوە کە لە درێژەدا ئاماژە بە چەند خاڵیان دەکەین.

**- زمان و بیر**

یەکێک لەو بابەتانەی کە لە ڕابردوویەکی دوورەوە خەڵک باوەڕیان پێ هەبووە ئەوەیە کە «بیر» پرۆسەیەکە کە پشتی بە زمان بەستراوە. «ئێشتین بێرگ» لە کتێبی خۆی بە ناوی «دەروونناسیی زمـان»، بۆچوون و هزرگەلێکی زانستی کە باوەڕیان وایە بیر پشتی بە زمان بەستووە، دابەش کردووە بەسەر چوار گرووپدا کە بریتین لە: «١- گرووپێک کە لەسەر ئەو باوەڕەدان کە بەرهەمەکانی زمان و هەڵسوکەوتەکانی تر، شتانێکن کە ژێرخانی بیر پێک دێنن. ٢- گرووپێک کە باوەڕیان وایە زمان ژێرخانی بنەڕەتیی بیرە. ٣- گرووپێک کە باوەڕیان وایە سیستەمی زمانی و ڕێزمانیی هەر تاکێک، شێوەی ڕوانینی ئەو تاکە سەبارەت بە جیهان دەستنیشان دەکات. ٤- گرووپێک کە باوەڕیان وایە سیستەمی زمانی و ڕێزمانیی هەر تاکێک، فەرهەنگی ئەو تاکە دەستنیشان دەکات».

**ڕوانگەی یەکەم:** بەرهەمەکانی زمان و هەڵسوکەوتەکانی تر، ژێرخانی بیر پێک دێنن، لایەنگرانی ئەم گریمانە باوەڕیان وایە کە بیرکردنەوە جۆرێک هەڵسوکەوتە. ئەم گریمانە لە لایەن دەروونناسانێکەوە پێشکەش کراوە کە باوەڕیان وایە کە دەتوانرێت هەڵسوکەوتە پێچاوەکان (وەک بیرکردنەوە) ورد بکرێتەوە، واتە پێکهاتەی بیر لە یەک جیا بکرێتەوە، بە شێوەیەک کە بتوانرێت ئەو پێکهاتەیە ببینرێت و هەڵسەنگێنرێت. لایەنگرانی ئەم گریمانەیە هەر جۆرە پرۆسەیەکی دەروونی کە نەتوانرێت ببینرێت و ببێتە هۆی ڕوودانی هەڵسوکەوتێک کە ببینرێت، ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان پێ نییە. «جان واتسۆن» لەم بارەوە باوەڕی وایە: «قسەکردنی ئاشکرا یان قسەکردنی نهێنی (بیرکردنەوە) هەڵسوکەوتگەلێکن کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی دیکە (وەکوو یاریی والّیبالّ) نییە». «بی ئێف ئێسکینێر»یش باوەڕی وایە: «باشترین و سادەترین ڕونگە ئەوەیە کە بڵێین بیرکردنەوە، هەڵسوکەوتە. چ بێتە سەر زار یان نە، چ ئاشکرا بێت و چ نهێنی. هیچ جۆرە پرۆسەیەکی زەینی لە پشتی بیرکردنەوەدا نییە».

**ڕوانگەی دووەم:** زمان ژێرخانی بنەڕەتیی بیرە

لایەنگرانی ئەم گریمانەیە باوەڕیان وایە کە گەشەی زمان هاوتەریبی گەشەی بیرە یان تەنانەت گەشەی زمان لە پێشترەوەیە. ئەوان باوەڕیان وایە کە زمان شێوە بە بیر دەدات. هەروەها مرۆڤ بە چەمکسازی دەتوانێت پاڵنەرەکانی دەوروبەر بناسێت و ئۆرگانیزەی بکات. ئەگەر مرۆڤ توانای ئۆرگانیزەکردنی نەبا، ژیانی تووشی بێسەرەوبەرەیی دەبوو، واتە مرۆڤ بەم پێیە

سەرنج بە هەندێک لە شتومەک و دیاردەکان دەدات و گرینگی بە هەندێکی دی نادات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەتوانێت بە کەڵکوەرگرتن لە وشەکان، چەمک دروست بکات. «ڤیگۆتسکی» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە: «بیر تەنیا لە ڕێگای زمانەوە دەرنابڕدرێت، بەڵکوو بوونیشی لە زمان سەرچاوە دەگرێت... پەیوەندیی بیر و زمان، پەیوەندییەکی ژیانبەخشە، یانێ بیر بە کەڵکوەرگرتن لە وشەکان لە دایک دەبێت». هەروەها «وۆرف» باوەڕی وایە: «جۆری زمانی هەر کەسێک، چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئەو کەسە دەستنیشان دەکات».

**ڕوانگەی سێیەم:** سیستەمی زمانی و ڕێزمانیی هەر تاکێک، شێوەی ڕوانینی ئەو تاکە سەبارەت بە سروشت دەستنیشان دەکات

لایەنگرانی ئەم گریمانە لەسەر ئەو باوەڕەدان کە بازنەی وشەی تاک و زانیاریی زمانی و ڕێزمانیی ئەو، جۆری فام و تێگەیشتنی ئەو تاکە سەبارەت بە جیهان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. «بێنجامین وۆرف» لەم بارەوە باوەڕی وایە: «چەمکگەلی کات و مادە چەمگەلێکن کە تاکەکان ناتوانن لە ڕێگای ئەزموونی ڕاستەوخۆوە، تێگەیشتنگەلێکی وەک یەکیان هەبێت، بەڵکوو جۆری تێگەیشتنی خەڵک لەم چەمکانە پەیوەندیی بە زمانێکەوە هەیە کە ئەو چەمکانە لە ڕێگای ئەوەوە دەگەیەنرێتە مەبەست. چەمکگەلی نیۆتۆنیی بۆشایی، زمان و مادە چەمکگەلێک نین کە لە ڕێگای فامی ڕاستەوخۆوە بەدەست بێن. بەڵکوو چەمکگەلێکن کە پەیوەندییان بە زمان و فەرهەنگەوە هەیە».

**ڕوانگەی چوارەم:** سیستەمی زمانی و ڕێزمانیی هەر تاکێک، فەرهەنگی ئەو تاکە دەستنیشان دەکات.

لایەنگرانی ئەم گریمانەیە باوەڕیان وایە کە ئەگەرچی زمان و بیر پێکەوە جیاوازن، بەڵام فێربوونی زمانێک دەبێتە هۆی شێوەدان بە باوەڕە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی تاک و شێوەنیگای ئەو تاکە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە. «ویلهێلم ڤۆن هامبۆڵت» باوەڕی وایە: «زمان دەربڕی ڕۆح و تایبەتمەندیی نەتەوەیی گەلێکە». هەروەها «ئێدوارد ساپیر» باوەڕی وایە: «زمانی هەر کۆمەڵگایەک، ئامرازێکە بۆ ئاشنابوون لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگایە و لە بواری کێشەکان و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان شێوە بە بیرمان دەبەخشێت. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بەردەوام لەژێر کاریگەریی زماندایە و لە ڕێگایەوە لەگەڵ فەرهەنگ و کۆمەڵگای خۆی ئاشنا دەبێت، چونکە زمانی هەر فەرهەنگێک ئامرازێکە بۆ گەیاندنی ئەو فەرهەنگە بە مەبەستێک. ئەم بابەتەی کە تاکێک بتوانێت بەبێ یارمەتیی زمان، خۆی لەگەڵ فەرهەنگێک بساچێنێت، تەنیا ساوێرێکە و هیچی تر. لە ڕاستیدا زۆرێک لە تایبەتمەندی و گەوشینەکانی فەرهەنگێک، بە شێوەی ناهۆشیار، لە زمانی ئەو فەرهەنگەدایە. ناتوانین دوو زمان بدۆزینەوە کە چەمکی دوو فەرهەنگی تێدا بێت».

لە بارەی پەیوەندیی بیر و زمان، ڕوانگەگەلێکی زۆر بوونیان هەیە کە هەر کام بۆ خۆیان خاوەن لایەنگری پسپۆڕن و کەسانێکی پسپۆڕی تریش هەن کە هەر کام لەو ڕوانگەگەلە و ئەوانەی لێرەدا باسمان لێوە کرد ڕەت دەکەنەوە و ڕەخنەیان لێ هەیە، بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئێمە لێرەدا ئەوەیە کە، بەپێی ئەم ڕوانگانە و

پەیوەندیی بیر و زمان پێکەوە، مرۆڤێک کە زمانی دایکیی لەگەڵ زمانی پەروەردەکردنی لە «باخچەی منداڵان، قوتابخانە و...» جیاوازیی هەیە و بە واتایەکی تر ڕووبەڕووی «دوو زمانی» دەبێتەوە، چی بەسەر شێوەی بیرکردنەوەیدا دێت؟

- **دژبەرانی دوو زمانەیی**

زۆرێک لە دەروونناسان و کۆمەڵناسان دژی دیاردەی «دوو زمانەییـ»ن و دوو زمانەیی بە کۆسپێک دەزانن لە بەرامبەر گەشەی ناسیندا و دەڵێن کە دەبێتە هۆی کێشەگەلێک لە قسەکردندا. ئەم کەسانە لەسەر ئەو باوەڕەدان کە: «ئەم بیرە نادروستە کە منداڵ بەر لە تەمەنی پێنج ساڵی دەتوانێت زمانە بێگانەکان وەکوو زمانی دایکیی خۆی فێر ببێت. ئەم بیرە هەڵەیە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەندێک لە دایکان و باوکان تێبکۆشن کە هاوکات لەگەڵ زمانی دایکی، زمانێکی بێگانە فێری منداڵەکانیان بکەن (لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەداخەوە ئەم دیاردەیەش هەیە کە هەندێک لە بنەماڵە کوردەکان تەنانەت بە زمانی دایکیی خۆیان لەگەڵ منداڵانیان قسە ناکەن و زمانی فارسی زمانی نێو بنەماڵەکانیشیانە). ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم بیرە لە منداڵدا دروست ببێت کە بابەتێک بە زمانی دایکیی خۆی بە کەسێک بڵێت و هەمان بابەت بە زمانی بێگانە بە کەسێکی تر بڵێت، کە لە ڕاستیدا ئەم کردارە دەبێتە هۆی دواکەوتوویی قۆناغی ئاخاوتن لە منداڵدا. جیاوازییە ڕێزمانییەکان لە زمانەکاندا دەبێتە هۆی کێشە و ناڕێکی لە بیرکردنەوەشدا. بە سەرنجدان بەوەی کە ئەم کارە (فێربوونی هاوتەریبی زمانی دایکی و زمانێکی بێگانە) کە تەنانەت بۆ قوتابییانی ئاستی سەرەوە ئەستەمە،

دەمانگەیەنێت بەو ئاکامەش کە منداڵێکی کەمتەمەن لە فێربوونی هاوتەریبی زمانی دایکی و زمانێکی بێگانە تووشی چ ئەرکێکی گران دەبێت. بەگشتی منداڵ لە کاتی قسەکردندا دوو زمان لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەکات و تا ماوەیەکی درێژ ناتوانێت لێکیان جیا بکاتەوە».

دژبەرانی دوو زمانەیی ئاماژە بە لێکۆڵینەوەگەلێکی جۆراوجۆر دەدەن تاکوو بۆچوونی خۆیان دەرببڕن و باوەڕیان وایە: «لە دەستپێکی ئاخاوتندا کاریگەریی دوو زمانەیی بەتەواوی بەرچاو نییە، بەڵام بە تێپەڕینی کات وردەوردە کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەردەکەوێت... لەلایەکی ترەوە نەبوونی توانا لە دەربڕینی گونجاوی بابەتەکان لە لایەن منداڵی دوو زمانەوە، نیگەرانیی لە لا دروست دەکات؛ بەم هۆیەوە منداڵانی دوو زمانە لە کاتی خوێندندا لەگەڵ کۆسپگەلێکی زۆر بەرەوڕوو دەبنەوە و بەسەختی سەرکەوتوو دەبن».

کاریگەریی نەرێنیی دوو زمانەیی لەسەر بواری ڕۆحی و کۆمەڵایەتیی منداڵ زۆرترە لە سەرکەوتنی لە قۆناغەکانی خوێندندا. واتە منداڵی دوو زمانە بەهۆی دەربڕینی نەگونجاوی بابەتەکان و وشەکان لە ئاخاوتندا، دەکەوێتە بەر گاڵتەی هاوڕێیانییەوە و ئاکامی ئەم دۆخە، هەستی تووڕەیی و خەمۆکیی لێ دەکەوێتەوە. هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەم منداڵانە لە قسەکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر خۆیان ببوێرن و ئەمە لەسەر کامڵبوونی کەسایەتیشیان کاریگەریی نەرێنی دادەنێت. ئەم لێکۆڵینەوانە باس لەوە دەکەن کە ئەگەر منداڵ لە دەستپێکی فێربوونی زمان بەرەوڕووی فێرکاریی زمانێکی بێگانە ببێتەوە، لەگەڵ کێشەگەلێکی بنەڕەتی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

**- گرینگیی زمانی دایکی**

زمانی دایکی و فێربوونی زمانی دایکی، کاریگەرییەکی پڕبەرهەم لەسەر کەسایەتیی هەر کەس دادەنێت. زماننا‌سان، ژینگەناسان و دەروونناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە ئاهەنگ، ڕەنگ و جوانیی دەنگی دایک، تەنانەت کاتێکیش کە منداڵ لە سکی دایکیدایە، بۆ ئەو ڕادەگوێزرێتەوە. واتە بەشێک لە میراتێک کە منداڵێک لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێتە دونیاوە، خەزێنەگەلێک لە زمانی دایکیشی لەگەڵە. بەم پێیە کۆرپەکان، بەنیسبەت دەنگی دایکیانەوە زۆرتر لە هەر کەسێکی تر لە خۆیانەوە هەڵوێست پیشان دەدەن.

کاتێک باسی پاراستن، گەشە و بەهێزیی فەرهەنگی کۆمەڵگەیەک دێتە گۆڕێ، ئەوە زمانە کە ڕابردوو و هەنووکەی ئەو کۆمەڵگەیە پێکەوە گرێ دەدات. وەرگرتنی مافی قسەکردن بە زمانی دایکیی هەر قەوم و نەتەوەیەک، مەترسییەکی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و لەیەکدابڕانێکی هەوسارپچڕاو دروست دەکات و کەلێن لەنێو تاکە جیاوازەکانی نەتەوەکان دروست دەکات.

زمان لە سەرەکیترین فاکتەرەکانی بوون و نەبوونی نەتەوەکانە. زمان هەڵگری بیر و فەرهەنگی هەر نەتەوەیەکە. دروستکردنی کۆسپ و بەربەست لە هەمبەر پێشکەوتنی هەر زمانێک، بە مانای بایکۆتکردنی بیر و هزرە. ئەگەرچی فێربوونی زمانێکی تر وەکوو پەنجەرەیەکی نوێیە بۆ سەیرکردن و وتادان بە ژیان، بەڵام زمانی دایکی بۆ خۆی پەنجەرەیەکی جیاوازترەوە و کلیلی کردنەوەی پەنجەرەکانی دیکەیە.

بەگشتی ڕوانگەی جیهانییان بەرامبەر بە زمانی دایکی ئاوایە:

ڕێکخراوەی جیهانیی یونیسکۆ: «هەر تاکێکی کۆمەڵگە کە

نەتوانێت بە زمانی دایکیی خۆی بخوێنێت و بنووسێت، نەخوێندەوار دێتە ئەژمار».

کۆمەڵناسان: «زمانی دایکی لەگەڵ شیری دایک دەڕژێتە نێو گیانەوە و بە مردن لە لەش دەڕواتە دەرەوە و سەپاندنی زمانێکی تر بەسەر منداڵێک کە تازە فێری قسەکردن بووە، وەک تاوان دێتە ئەژمار».

دەروونناسان: «یەکەمین چەمکسازییەکانی منداڵان لە خۆیان و جیهانی دەوروبەریان، لەسەر ئەساسی زمانی دایکییان شێوە دەگرێت. بەم هۆیەوە، منداڵان یەکەم ئەزموونی دەروونـی و ناسینیی خۆیان لە جیهان، بە زمانی دایکیی خۆیان دەردەبڕن».

.هایدیگێر: «ئـەگـەر زمانی نـەتـەوەیـەک لە نێو بچێت، ئەو نەتەوەیە بەگشتی لە نێو دەچێت».

میلان کۆندێرا: «یەکەمین هەنگاو بۆ لەنێوبردنی نەتەوەیەک، سڕینەوەی یادەکەیەتی. دەبێ کتێبەکانی، فەرهەنگەکەی و زمانی لە نێو ببەیت. دەبێ کەسانێک دابنێیت کە کتێبی نوێی بۆ بنووسێت، فەرهەنگێکی دەستکردی بۆ دابنێت، مێژوو و زمانێکی نوێی بۆ دابهێنێت، پاش ماوەیەکی کورت، ئەو نەتەوەیە، چییە و چی بووە، لە بیری دەکات. هەروەها دونیای دەوروبـەر، هەموو شتێک بە خێراییەکی زیاترەوە لەبیر دەکات».

ماهاتما گـانـدی: «کەسـێک کـە زمــان و ئـەدەبـیـاتـی خۆی نەخوێندبێت، مێژووی خۆی نازانێت و ئەوەی کە مێژووی خۆی نەزانێت، داهاتوویەکی نابێت».

قسەی نەستەقی فەڕانسەوی: «کەسێک کە زمانی دایکیی خۆی نەزانێت و فێری نەبووبێت، وەحشییە».

ویتگنشتاین: «زمانی من جیهانی منه و جیهانی من زمانی منه».

جۆرج برادون: «ئەگەر دایکان و باوکان باوەڕیان هەبێت و بزانن کە زمانەکەیان چەندە گرینگ و پڕبایەخە، ئەگەری ئەوەی کە بە زمانی دایکیی خۆیان لەگەڵ منداڵەکانیان قسە بکەن، زۆرتر دەبێتەوە».

جان ئێستوارات: «ئەگەر کۆلۆنیاڵیست بییەوێت نەتەوەیەک بکات بە پاشکۆی خۆی، سەرەتا هێرش دەکاتە سەر شوناس و زمانی و هەوڵی ئاسمیلەکردنی دەدات. نەتەوەیەک کە فەرهەنگ و زمانی خۆی لە دەست بدات، لە نێو نەتەوەیەکی دیکەدا دەتوێتەوە».

دەیوید کریستاڵ: «جۆراوجۆریی زمانی بە واتای جۆراوجۆریی مرۆڤەکانە. هێزی ئاوەزی زمانی بەرانبەری توانای بیۆلۆژیکیی مرۆڤە و لەنێوچوونی هەر زمانێک بە واتای لەنێوچوونی جیهانبینییەکە».

ماندێلا: «ئەگەر لەگەڵ کەسێک بە زمانێک قسان بکەیت کە لێی تێ بگات، ئەو وتانە ڕەنگە لە زەینیدا جێ بگرێت. ئەگەر لەگەڵ ئەودا بە زمانی خۆی قسان بکەیت، ئەو وتانە لە دڵیدا جێ دەگرێت».

**سەرچاوەکان:**


– تفکر و زبان؛ ویگوتسکی، لوسیمو نوویچ؛ ترجمه بهروز عزب دفتری؛ نیما؛ ۱۳۷۰

– روانشناسی و زبان؛ فالک، جولیا اس؛ ترجمەی خسرو غلام علی زاده؛ قدس رضوی؛ ۱۳۷۰

# زمانی کوردی و ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای

**جەماڵ فەتحی (کۆچەر)**

زماناسان، لە بواری پێکهاتەییەوە زمان بەسەر دوو بەشی: ١- ڕواڵەت / هێماکانی زمان ٢- ناخ/ واتای زمان دابەش دەکەن، ئەم دابەشکارییە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسراوەییش لە خۆ دەگرێت کە ئەوانیش دوو کەرت یان دوو جۆر لە دەرکەوتەکانی زمانن. ئەم دابەشکارییە زانستییە پێناسەکان لەسەر زمان لەو پێناسە ڕواڵەتییانە جیا دەکەنەوە کە تەنیا زمان بە ئامرازێک بۆ پێوەندیگرتن دەناسن، لە حاڵێکدا ئەم جۆرە باسکردنە لە زمان تەنیا باسکردن لە بەشێک لە ئەرک و فەلسەفەی زمانە، نەک پێناسەی جەوهەریی زمان، پێوەندیگرتن کە یەکێک لە ئەرکەکانی زمان یان دوائەرکیەتی، ئەگەر لە چوارچێوە و ڕێوشوێنی نالۆژیکیدا بکرێتە تەواوەیەتی سیما و قەوارەی زمان، زمان

دەخاتە ئاراستەیەکەوە کە خۆی ببێتە لەمپەرێک لەسەر ڕێگای گەشەکردنیدا. ئەمە تەنیا لەو ڕوانگەوە مەترسییە کە زمان تەنیا وەکوو ئامرازێک بۆ پێوەندیگرتن سەیر بکرێت، دەنا خودی پێوەندیگرتن لە گەشەکردن و بەرزبوونەوەی ئاستی زماندا بە مەرجێک زمان خاوەن پێکهاتەیەکی سینتاکسی و سیمانتیکی بەهێز بێت، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دوو ڕەهەندەوە دەگێڕێت، یەکەم بەڕۆژکردنەوەی پێکهاتەی زمان و دووهەم ئامادەکردنی بەستێنی لەبار بۆ یەکگرتوویی زمانێک بۆ گەشەکردنی هەست و هوشیاریی نەتەوەیی.

کە باس لە پێوەندی و دروستکردنی پێوەندی لە ڕێگای زمانەوە دەکرێت تەنیا مەبەست ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییانەی نییە کە ڕۆژانە مرۆڤەکان پێکەوە هەیانە، بەڵکوو ئەم بابەت و ئەرکەی زمان دەبێت کە لە ئاستێکی سەرەوەتر وەکوو پێوەندییە سیاسییەکان، بە ناو دیپلۆماسیی سیاسی ناودێر کراوە و هەروەها پێوەندییە ئابوورییەکانە کە زۆر لقوپۆ لە خۆ دەکرێت، لێی ورد ببیتەوە؛ بەڵام ئەوەی کە لەم پێوەندییانە گرنگە، ئەوەیە کە دەبێت زمان بە چ شێوەیەک ڕۆڵی خۆی بگێڕیت و جۆری زمانەکان لە کاتی پێوەندییەکان لێک جیا بکرێنەوە، کە دەچنە سێ بوارەوە:١ـ هێنانی وشەی بیانی ٢ـ هەناردەکردنی وشەی خۆت ٣ـ چۆنیەتیی بەڕۆژکردنەوەی زمان لەگەڵ ئەم دانوستانە.

لەو بارەوە زۆر جار لە لایەن ئاخێوەرانی زمانەوە بەتایبەت زمانی کوردی، جۆرێک دەمارگیری دروست دەبێت کە فڕدانی وشە بیانییەکان بە شۆڕشێکی فەرهەنگی و زمانی دەزانن و یەکێک لە ڕێگاکانی گەشەکردنی زمان لەوەدا دەبینن کە زمان

پاکتاو بکرێت لە وشەی غەیرە کوردی، و ئەمە بە ڕەسەنگەرایی و پەتیخوازی پێناسە دەکرێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت هیچ زمانێک لە دنیادا نییە لە زمانەکانی دیکە بێبەری بێت و بێبەریبوون لە زمانەکانی دیکە بە واتای پەتیبوون و ڕەسەنبوونی زمان نییە، بەڵکوو جۆرێک لاوازیی ئەو زمانە و دووربوونی لە گەشەکردنە جیهانی و ناوچەییەکانی زمانە، بۆیە ئەگەر زمانێک لە باری پێکهاتەی ڕواڵەتی و پێکهاتەی نێوەکییەوە خاوەن سروشتێکی دەوڵەمەندانە و بەهێز بێت لە وەرگرتن و دانی وشە و چەمکەکان یان دانوستانی زمانیدا مەترسی لەسەر نییە و بەپێچەوانە ڕێگایەک بۆ گەشەکردنیەتی. ئەوەی کە نابێت درگای زمان داخراوە بێت بە واتای ئەوەش نییە کە ناوەندێک وەکوو پرسگە و لێکۆڵینەوەی نەبێت، و بەبێ شیکاریی زمانەوانی و بەبێ ڕاوەستان و تێڕامان هەموو وشە و چەمکێک وەر بگرێت یان لێی وەر بگرن، بەڵکوو دەبێت دانوستانەکان بەپێی بەرژوەندیی زمانەکە دیاری بکرێت نەک هەڕەمەکی وشە هاوردە و هەناردە بکرێت و بە ناوی کراوەبوونی زمان، زمان بخرێتە نێو دۆخێکەوە کە لە جیاتی قازانج تووشی زیان و خەسار ببێت.

یەک لەو پێوەندییانەی کە دەکرێت هەم قازانجی بۆ زمان هەبێت و هەم زەرەر، پێوەندی بازرگانی و ئابوورییە کە بە هۆیەوە ئەگەر پێکهاتەی زمان پێکهاتەیەکی پتەو و بەهێز بێت و لە دوو بواری سینتاکس و سیمانتیکەوە لە ڕەهەندە جیاجیاکاندا جێی خۆی کردبێتەوە دەوڵەمەندتر دەبێت، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەی ئەم حاڵەتە بێت، ئەم پێوەندییە دەبێتە شمشێرێکی دوودەمەوە کە دەست بۆ هەر دەمەیەکیان ببەیت دەستت دەبڕێت و بریندار

دەبێت. بۆ ئـەوەی لەم بـوارەوە ئەگەری زیانگەیاندن بۆ سـەر زمان نەمێنێت یان بگاتە ڕێژیەکی کەمەوە، تەنیا یەک ڕێگا لە بەردەستە ئەویش پاڵپشتییەکی یاسایی و سیاسییە و هەتا زمان ئەم پاڵپشتییەی نەبێت نەک ناتوانێت گەشە بکات بەڵکوو تەنیا لە بازنەیەکی داخراودا دەمێنێتەوە، نموونەی ئەم بێ پاڵپشتییە زمانی کوردییە کە جگە لە چەند قۆناغی پچڕپچڕ نەبێت قەت نەبووە بە شێوەیەکی بەردەوام و سیستماتیک قەوارە و سەرچاوەیەکی سیاسی و یاسایی پاڵپشتی زمانی کوردی بێت، بۆ ئەوەی ئەم زمانە لە دۆخـی مەندی و نەگۆڕییەوە ڕزگـار بکات و بچێتە دۆخێکی زانستی و فەلسەفییەوە.

ئەوەی کە دەگوترێت زمانی کوردی دەوڵەمەندە، ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بەڵام ئەم دەوڵەمەندییە تەنیا لە بواری ئەدەبیات و وێژە و دیالۆگە کۆمەڵایەتییەکان بەدی دەکرێت دەنا ئەگەر وەکوو زمانێکی دەوڵەمەند لە ڕەهەندی فەلسەفی و زانستەکانی ئەمڕۆ بەتایبەت زانستی سیاسی، کۆمەڵایەتی، بیرکاری و هتدەوە سەیری دۆخی زمانی کوردی بکرێت، ئەو واقعیەتەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕێگایەکی زۆرمان ماوە هەتا زمانی کوردی بگەیەنینە ئاستی زمانە زیندووەکانی دنیادا.

پێشتر کە پێوەندییەکان وەکوو ئێستە نەبوو و زۆربەی ئەم پێوەندییانە ڕاستەوخۆ و زیندوو بوون، پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان بەتایبەت ئەو پێوەندی و دانوستانانەی کە لە ڕێگای ئاو و دەریاکانەوە دەگیران، لەسەر گەشەکردنی زمان ڕۆڵێکی بەرچاو و ئەرێنیان دەگێڕا، چون کاتێک بازرگانێک بۆ فرۆشتنی شمەکەکانی وڵاتـی خـۆی دەچـووە وڵاتێکی دیکەوە

کۆمەڵێک وشـەی لە وڵات و کۆمەڵگای خۆی دەگواستەوە بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی کە هاتووچۆی دەکردن و لەو کۆمەڵگایانەش کۆمەڵێک وشـە و چەمکی بە دیـاری بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی دەهێنایەوە و ئەم کـارەی بەبێ ئـەوەی چاوەدێریی ناوەندێکی زانستی و زمانەوانی لەسەر بێت لەسەر ڕەوتی گەشەکردنی زمان کاریگەریی خۆی هەبوو، بەڵام لە کوردستاندا کە هەزاران ساڵە لە دۆخێکی بندەستی و کۆلۆنیالیزمیدایە و ئەم سیستمە هەموو جۆمگەکانی کوردستانی گرتووەتەوە و یەک لەوانە دابڕانی خاکی کوردستان لە یەکتر و تەنانەت نامۆکردنیان لە کوردستانە کە دابڕانی  کوردستان لە ئاوی دەریا و ئەو شاڕێیە بازرگانی و ئابوورییەیە کە جیا لە سوودی ئابووری دەکرا لە گەشەکردنی زمانی کوردی وەکوو یەکێک لە پێوەرەکانی شوناسی نەتەوەیی دەورێکی بەرچاو بگێڕێت. کاتێک باس لە بازرگانیی لە ڕێگای ئاوی دەریاوە وەکوو فاکتەرێک بۆ گەشەکردنی زمان دەکرێت، نموونەکەی لە دروستبوونی زمانی ناوین (Langua Franca) بەرجەستە دەبێتەوە کە لە کاتی شەڕی سەلیبییەکان ئەم زمانە لە بەندەرەکانی دەریای نێوەڕاست (مدیترانە) بۆ پێوەندیگرتنی نەتەوە جۆراوجۆرەکان سەری هەڵدا، ئەم زمانە ناوینە دواتر نەک هەر بە هۆی پێوەندیی بازرگانییەوە بەڵکوو لە بەشێک لەو وڵاتانە کە لە چوارچێوەی سیستمی کۆلۆنیالیزمی وێنا دەکران وەکوو زمانێکی هاوبەش لە نێوان کۆلۆنیا و کۆلۆنیابوو کەڵکی لێ وەرگیراوە، نموونەکەی زمانی فارسییە کە لە هەزاران ساڵ پێشەوە هەتا ئێستە وەکوو زمانی فەرمی و سەپێندراو لەسەر نەتەوەکانی دیکەی وڵاتی بەناو ئێران کەڵکی لێ وەر دەگیردرێت

و تەنات دەسەڵاتە ناوەندییەکان چ ئەوانەی بە ڕەچەڵەک فارس بوون و چ غەیرە فارس زمانەکانی دیکەیان یاساغ کردووە و دەستیان بۆ فاشیزمی زمانی یان (linguistic fascism) بردووە و بوون و گەشەی زمانی دەسەڵات (زمانی فارسی) و مانەوەی سیاسییان لە قەڵاچۆکردنی نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەت زمانەکانیان زانیوە.

ڕاستە ئەگەر زمانی کوردی سەرەڕای ئەو هەمووە هێرش و پەلامارەی کە کراوەتە سەری هەتا ئێستەش توانیویە بوونی خۆی بسەلمێنێت، و بە هۆی هەبوونی پاشخانە ئەدەبی و کۆلتوورییەکانەوە لە فەوتان ڕزگاری بووە، بەڵام لە ڕابردوودا بە هۆی بێبەشبوون لە دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی، پچڕپچڕبوونی خاکی کوردستان و هەروەها دەسپێڕانەگەیشتن بە ئاوی دەریاکان و لە ئاکامی ئەم بێبەشییە نەبوونی بازرگانییەکی بەرفراوان نەیتوانیوە وەکوو زمانێکی ئاکتیڤی زانستی لە ئاستی جیهان و ناوچەکە خۆی وێنا بکات، هەنووکەش بە هۆی فرەگوتاری و ناسەقامگیریی فەرهەنگی و تەنانەت سیاسیی لە سۆنگەی لایەنە سیاسییەکانەوە کە جێی دەوڵەتێکی ناکارامەیان بۆ نەتەوەی کورد گرتووەتەوە، جگە لەو پاشخانە ئەدەبی و فەرهەنگییانە نەبێت وەکوو دەسکەوتی زمان هیچ بەرهەمێکی بەرچاوی وامان لە کتێبخانەی کوردیدا نییە کە بە هۆیانەوە بتوانین جیهانبینییەکی فەلسەفی و زانستی لەسەر کورد پیشانی کۆمەڵگای جیهانی و دەوروبەری خۆمان بدەین و لەسەر ئەو جیهانبینییە پێناسەیەک لە کوردبوون و کوردستان بخەینە بەردەست نەتەوەکانی دیکەوە، بۆیە ئەوانەش کە کورد دەناسن تەنیا وەکوو نەتەوەیەکی مێژوویی

و کۆمەڵە خەڵکێک کە خاوەن مێژوویەکی کۆن و کۆناری لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و مێزۆپتامیا دەیناسن کە خاوەن کۆمەڵێک ئەزموونی خەبات و بەرخۆدان بۆ مانەوە لە هەمبەر هێرش و پەلامارەکانی داگیرکەران بوون.

ئەم حاڵەتە کە کوردی تێ کەوتووە ڕەنگە هۆکاری دەرەکیشی تێدا بێت، بەڵام هۆکاری نێوخۆیی و خودی کورد فاکتەرە سەرەکییەکەیەتی و بەر لە دوژمن دەبێت کورد خەسارناسییەک لەسەر دۆخی خۆی بکات و کەموکۆڕییەکان وەکوو خۆی دەسنیشان بکات کە یەک لەو کەموکۆڕییانە گەشەپێدان بە زمان و فەرهەنگییەتی، ئەو خاڵەی کە دوژمن پاش داگیرکردنی خاک و جوغرافیای کوردستان بەردەوام لە ڕێگا جۆراوجۆرەکانەوە هەوڵی تواندنەوە داوە و وەکوو یەکێک لە سەنگەر و قەڵغانەکانی نەتەوەی کورد تێکۆشاوە کە بیشکێنێت، یان تاکی کورد بخاتە دۆخێکەوە کە لە زمانەکەی خۆی شەرم بکات و بۆ دەرچوون لەم شەرم و دڵەڕاوکێیە پەنا بۆ فێربوون و دوان بە زمانێک ببات کە داگیرکەر بۆی دیاری کردووە. هەست بە شەرمکردن لە هەبوونەکانی خۆت، چ وەک زمان، چ وەک کۆلتوور و پێوەرە نەتەوەییەکانی دیکە یەکەم دەروازەی کۆیلەبوونە کە لە زماندا زیاتر لە بەشەکانی دیکە خۆی بەرجەستە و زەق دەکاتەوە، چون بە باوەڕی زۆرێک کە زمانناسان و دەروونزانەکان کەسێک کە بە زمانی خۆی پەروەردە نەکرێت هەمیشە لە دەربڕینی هەست و داخوازییەکانی تووشی شەرم دەبێت و ئەمە ئەو حاڵەتەیە کە داگیرکەر مەبەستیەتی.

بەگشتی کورد هەتا نەبێتە خاوەن دەسەڵاتێکی یاسایی و سیاسیی خۆی، لە هەموو بوارێکەوە دەبێت چاوی لە دەست دوژمن بێت و بە دڵنیاییەوە دوژمنیش خێری نەتەوەی کوردی ناوێت و ئەوەی لە لایەن دوژمنەوە دەگاتە کوردستان پیلانێکی لە پشتە، بەتایبەت ئەو بەرنامە و پلانانەی کە لە ڕاگەیاندنەکانی دوژمندا لەسەر کوردستان ساز دەکرد بەرنامەگەلێکن کە عەقڵیەتی خۆسەپێنی داگیرکەرانەی لە پشتە، کە هێندێ جار بە نەرمی و هێندێ جار بە توندی و بێڕێزییەوە پیشان دەدرێن، بەتایبەت لە شێوازی دیالۆگ و پەیڤینەکاندا هەموو هەوڵێکیان ئەوەیە کە زاراوە و زمانێکی نوێ بۆ تاکی کورد بەتایبەت چینی گەنج و لاو دروست بکەن و لە قسەکردن بە زمانی خۆ دووریان بخەنەوە، ئەم حاڵەت و شێوازانە لە هەمبەر زمان و فەرهەنگی کورد زیاتر لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێران و نەتەوەی فارسەوە جێبەجێ دەکرێت کە لەژێر ناوی خزمایەتییەوە هەزاران ساڵە هەوڵی توانەوەی نەتەوەی کورد دەدەن و نزیک لە سەد ساڵە لە ڕاستای پرۆژەیەک بە ناوی ئارییاییەوە بەنیازن کۆچبەریی خۆیان لەگەڵ نەتەوەی کورد لەم ناوچەیە هاوبەش بکەن و بەم شێوەیە هەم خۆیان بە نەتەوەیەکی ڕەسەن لە قەڵەم بدەن و هەم کوردیش کە خاوەن مێژوو و زمانێکی کۆن و ڕەسەنی ناوچەکەیە نەک بهێننە ئاستی خۆیان بەڵکوو لە خۆیانیش خوارتری پیشانی بدەن و بە ناوی خزمایەتی و برایەتی هەزاران ساڵە لە پاشکەوتە مادی و واتاییەکانی کوردستان و کورد وەک چۆن هەتا ئێستە کەڵکیان وەرگرتووە ئێستەش هەر بەردەوام بن، کە کۆتاییی ئەو خزمایەتی و برایەتییە لە یاسا و قامووسی ئەواندا مردن و نەمانی کوردە، چونکە مانەوەی کورد لەگەڵ نەمانی ئەواندا یەکسانە.

# سەبارەت
# بە زمانی کوردی

**تاهیر عەلیار**

زمانی کوردی بە کۆی ئەو زمان و زاراوانە دەڵێن کە نەتەوەی کورد لەسەر خاکی کوردستان و شوێنەکانی دیکە وتوویژی پێ دەکا، ئەو زمانە لە ڕەوتی مێژوویی چەند هەزار ساڵەی خۆیدا لەگەڵ خەڵکی کورد ژیاوە و لە پێوەندی لەگەڵ زمانی نەتەوەکانی دیکەدا بووە و بستانی کردووە، بەڵام سەر بەخۆیی خۆی پاراستووە، زمانی کوردی لەگەڵ ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵگای کوردەواری ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، بەهێزتر بووە، گەشەی کردووە و بەرەو سادەبوون ڕۆیشتووە، سەرەڕای ئەو بەربەستانەی کە تووشی هاتووە تاکوو ئێستا وڵامدەری نیازی خەڵکەکەی خۆی بووە و بووەتە پێناسەیەکی نەتەوەیی.

**زمان هەمیشە بەسەر دوو کەرتدا دابەش دەکرێت:**

١ـ کەرتی زمانی نووسراوەیی (ئەو بەرهەمانەی کە بە نووسراوە لەو زمانە بە درێژایی مێژوو ماوەتەوە وەکوو بەردەنووس، شکڵ، پەرتووک و لە ڕۆژگاری ئەوڕۆدا وەکوو زەبتکراو بە دەنگ یا دیکۆمێنتکراو بە وێنە و فیلم)، هەموو بەرهەمێکی نووسراوەی زمانێک پێی دەگوترێت ئەدەبیاتی ئەو زمانە، بێژەکان، واتاکان، خەیاڵ، هەستەکان، ئاڵوگۆڕی شێوازەکان و جوانکاریی ئەدەبی ئاڵوگۆڕیان بە سەریان هاتووە و وەکوو سەرگوزەشت و مێژووی ئەو ئەدەبیاتە، دەبێتە مێژووی ئەدەبیاتی ئەو زمانە.

٢ ـــ کەرتی زمانی زارەکی کە ڕۆژانە لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکاری دەهێنین، هەروەها لە زمانی کوردیدا گۆرانی، حەیران، حیکایەت، هۆرە، لاوژە، مەولوودنامە و زیکر و سەما ..... هتد، بەشی زارەکیی ئەدەبیاتی زمان پێک دێنن.

ئەدەبیات بە چواربەش دابەش دەکرێت: ئەدەەبیاتی حەماسی، ئەدەبیاتی غەنایی، ئەدەبیاتی شانۆیی، ئەدەبیاتی فێرکاری و ڕاهێنان، ئەو دابەشکردنە کاری لێکۆڵەوەرە بۆ ناسینەوەی دەقە ئەدەبییەکان و دەستەبەندیکردنیان یەکجار ئاسان دەکاتەوە، هەروەها بۆ ئەوەی بزانین زمانێک لە چە ڕێکەوتێکەوە ئاکتیڤ بووە بۆ وێنە زمانی کوردی، دەبێت مێژووی ئەو خەڵکەی کە بەو زمانە دواون تا ڕادەیەک ڕوون بکەینەوە.

**دەزانین کە مێژوو بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەکرێت.**

**١ـ دەورانی مێژوویی:** کە لە سێ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیحەوە دەست پێ دەکات تاکوو ئەوڕۆ، واتە لە زەمانێکەوە کە خەت هاتووەتە ئاراوە و بەرهەمی نووسراومان بە دەستەوەیە، مرۆڤ توانیویە لە باری ژیانی خۆیەوە نووسراوەیەک بەجێ بهێڵێت.

**٢ـ دەورانی پێش مێژوو:** کە لە ڕسکانی مرۆڤایەتییەوە دەست پێ دەکات تا سێ هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح، ئەو دابەشکردنە سالی ١٨٥٠ لە لایەن زانای ئینگلیزی (دانیل ویلسونـ)ـەوە بەکار هاتووە و بووەتە نۆرمێکی پەسندکراو.

دەستکەوتە کانی ئارکۆلۆژی ئاسەواری دێهاتی ئاوەدانی ١٠ تا ١٢ هەزار ساڵ لەوەپێش کە دانیشتووانی وەرزێر و ئاژەڵدار بوون لەسەر خاکی کوردستان دەرخستووە، دەشزانین کە ئاسەواری مرۆڤی نیئاندرتاڵ لە ئەشکەوتی (شانەدەر)ـیش دۆزراوەتەوە، ئەو دۆزینەوەیە دەمانباتەوە ئەو سەردەم و زەمانە و پێمان دەڵێت کە کوردستان یەک لە شوێنە هەرە کۆنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی بووە، ژیان هەمیشە لە گەشە و گۆڕاندا بووە تاکوو گەیشتووەتە شارستانیەتی ئەوڕۆ، لە قۆناغێک لەو پێشەوەچوونەدا زمان گۆڕاوە و بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر مرۆڤەکانی بە یەکەوە گرێ داوە، ڕیشەی ئەوڕۆی زمانی کوردی لەو گۆڕانەوە پنجی داوە و ڕیشەی داکوتاوە و بە هەموو ئاڵوگۆڕەکانییەوە ئێستا ئامرازی پێوەندیگرتنی ئێمەیە، ئەڵبەتە لە دەسپێکەوە یان لە قۆناغەکانی چەند هەزار ساڵەیدا نێوی زمانی کوردی نەبووە و زیاتر نێوی ئەو تیرەیەی لەسەر

بووە کە دەوڵەتەکەی لە سەر خاکی کوردستان دروست کردووە، کاتێک نێوی کوردستان ڕەسمیەتی پەیدا کردووە، ئەوکات نێوی زمانەکەش بە زمانی کوردی ڕەسمیەتی پێ دراوە.

بێجگە لە دەستکەوتە ئارکۆلۆژیکەکان، ڕیشەی کەونارانی وشەی کورد و کوردستان بە شێوەگەلی جیاواز لە نووسراوە گڵینەکانی سۆمەر و ئاکێد کە سێ هەزار ساڵ پێش زایین نووسراون؛ بەرچاو دەکەوێت، سۆمەرییەکان و ئاکادییەکان وشەی (گووتیـ)یان بۆ کورد و (گووتیومـ)یان بۆ کوردستان بەکار هێناوە، گەلانی سۆمەر و ئاکێد لەسەر خاکی کوردستان ژیاون و دەوڵەتەکانی خۆیان پێک هێناوە، بێجگە لەوان گەلانی ئیلامی، گووتی، ئاشووری، بابلی، کاسی، مانایی و ئورارتو لەسەر خاکی پیرۆزی کوردستان ژیاون و دەوڵەت و حوکمڕانییان دروست کردووە، ئەو خەڵکانە دانیشتوانی دێرینی کوردستان بوون و دەبێت ڕیشەی نژادی و ڕیشەی زمانیی کورد لە نێو دانیشتوانی کۆنی کوردستاندا بدۆزینەوە، نەک کۆچبەرە ئارياييەکان کە لە نێوەڕاستی هەزارەی دووهەمی پێش زایین هاتنە کوردستان، ئاریاییە کان کاتێک هاتوونە کوردستان ئەو وڵاتە چۆڵوهۆڵ و وێرانە نەبووە بەڵکوو سەرزەمینێکی پڕ لە حەشیمەت و خاکێکی پڕ پیت و وڵاتێکی ئاوەدان بووە.

توخمی ئاریایی لەگەڵ ئەو دانیشتوانە تیکەڵ بووە، بەڵام هەموو شتی ئەوانی لە خۆیدا حەل نەکردووە، بەڵکوو دانیشتوانی دێرین هەر ماوەتەوە و بەشێک لە شوناسی تازە هاتووەکانیان لە خۆیدا تواندووەتەوە، بێجگە لەو بەردەنووسانەی کە لە گەلانی دێرینی

کوردستان (گووتی، لۆلۆبی، کاسی، هوری) ماوەتەوە کە بنەچەی ڕەگەزی کوردن، بەردەنووسەکانی گەلانی سۆمەری، ئاکێدی، بابلی و ئاشووری زانیاریی گرینگیان لە بارەی کوردستان و دانیشتوانی دێرینی ئەو خاکە بۆ ڕوون کردووینەوە، لەو دەوڵەتە گەورە و چووکانەی کە لە هەزارەی سێهەمی پێش زایینەوە تاکوو دروستبوونی دەوڵەتی ماد لە لایەن بنەچەی کوردەوە لەسەر ئەو سەرزەمینە کە ناوی کوردستانە، دروستبوونی دەوڵەتەکانی گووتی، لۆلۆیی، کاسی، هوری، سوبارتوویی و..... کە خاوەنی بنەچەیەکی ڕەگەزی هاوبەشن و لە کۆنەوە لە کوردستان ژیاون.

ئێستا کە دانیشتوانی دێرینی کوردستانمان ناسی، دەتوانین بڵێین زمانی کوردیش ڕیشەی لە زمانی دێرینی ئەو خەڵکانەدایە و زمانێکی یەکجار کەوناری و کۆنە.

یەکەمین زانایەک کە دەستی بە لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی کرد، میسیونێرێکی ئیتالیایی بوو بە ناوی گازرونی، ناوبراو چونکە لە نزیکەوە لە هێندێک بواردا ئاشنایەتی لەگەڵ زمانی کوردی و فارسیدا هەبوو و سەرەڕای ئەوەی کە دانی بە هێندێک لە جیاوازییەکانی ئەو دوو زمانە دانابوو، دیسانیش بەو ئاکامە گەیشتبوو کە فارسی و کوردی یەک زمانن و چونکە زمانی فارسی بەشێک لە زمانە هیندوئوروووپاییەکانە و بنەچەی ئارپایی هەیە کە وابوو کوردیش وەکوو ڕەگەز هەر ئارپایین، ئەو بۆچوونە هی سەدەی هەژدەیە، ئەوکات ئەو سەرچاوانەی ئێستا بەدەستەوەن ئاشکرا نەببوون و لەسەر بنەمای بنەماڵەی زمان، بنەماڵەی ڕەگەزیشی دیاری کردبوو، بەڵام هێندێک زانای دیکە لە

بەرانبەر تیئۆری بنەماڵەی زمان (بەراوردکاریی زمان) تیئۆریەکی دیکەیان داهێنا، ئەویش تیئۆری (لقوپۆی زمانە)، بە گوێرەی ئەو تیئۆرییە بابەتی ڕەسەنایەتیی ڕەگەز و زمانی نەتەوەی کوردیان هێنا گۆڕێ و پێیان وایە زمانی کوردی، ئەرمەنی و گورجی کە هەزاران ساڵ لە تەنیشت یەکتر پێکەوە ژیاون لە یەک ڕیشەن، (پرۆفیسۆر مار، ویلچفسکی و دەیان زانای دیکە) بناغەدانەری ئەو تیێۆرییە تازەیەن، کە وابوو زمانی کوردی تاکوو سەرەتای سەدەی بیستەم لە لایەن زاناکانی زماننناسی لە بنەماڵەی زمانە ئێرانییەکان دەناسرا. لە نیوەی سەدەی بیستەمدا ئەو بۆچوونە درزی تێ کەوت و ژمارەیەک لە زمانناسانی لایەنگری تیێۆرییە تازەکە (زمانە لیۆەرگیراوەکان = زبان اشتقاقی) بە پشتبەستن بە هێندێک بەڵگەی مێژوویی و وشەی زۆر و زەوەندی ڕەسەنایەتیی کە لە زمانی کوردیدا لە کۆنەوە ماونەتەوە، ڕیشەی زمانی کوردییان خۆجێی و ڕەسەن ڕاگەیاند، ئەو زاناییانە پێیان وایە لە نیوەی دووهەمی هـەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە کە یەک بە دوای یەکدا ئەو هەموو ئیمپراتوورییە دروست بوو و خاکی کوردستانیش کەوتە نێو داوێنی ئەوانەوە بە هۆی پێوەندیی نزیکی کوردەکان لەگەڵ ئێرانیزمانەکان، زمانی کوردی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی زمانە ئیرانییەکانەوە و ئەوە مانای وانییە کە زمانی کوردیی کەونارییی بەتەواوەتی لە نێو چووە و زمانیکی ئێرانی جێگای زمانی کوردی گرتووەتەوە.

کۆنترین بەردەنووس کە تاکوو ئێستا لە پادشایانی کەونارانی کوردستان بە یادگار ماوەتەوە، بەردەنووسی (لازیراب) پادشای

گووتییە کە هی ٣٨٥٠ ساڵ پێش زایینە، تاڕادەیەک هاوکات لەگەڵ بەردەنووسی سارگۆنی یەکەم، پادشای سۆمەر و ئاکێد، بەردەنووسی (نیپور) کە خۆی وەکوو پادشای گووتیوم و چوار گۆشەی جیهان ناساندووە، هەروەها بەردەنووسەکانی ئانوبانینی لە سەرپێڵ زەهاو، بەردەنووسی شێخان و بەردەنووسی ئاناتۆم پادشای ناوچەی ئومایە.

ئاکادمیسین ڕوسیوس پێی وایە مادەکان بنەچەکەیان دەگەڕێتەوە سەر گووتییەکان و پادشاکانیان و پێی وایە زەردەشتیش خەڵکی ماد و بە ڕەگەز مادی و گووتییە، هێندێک بەردەنووس و بەڵگەی مێژوویی دیکە قسەکانی ئەو زانایە پشتڕاست دەکەنەوە، بێجگە لەوانە هێندێک ئاسەواری دیکەی نووسراو لەسەر خاکی کوردستان هەیە کە هی پێش زایین و نیشانەی زمانی کوردییان تێدایە کە لەگەڵ کوردی ئێستادا جیاوازییەکی وایان نییە، بۆ وێنە بەردەنووسی کێلەشین لە ناوچەی شنۆ کە هی ساڵی ٨١٠ی پێش زایینە و بە فەرمانی پادشای خالیدی یا ئورارتوو نووسراوە و بە زمانەکانی خالیدی و ئاشوورییە، دوکتور جەماڵ ڕەشید دەڵێت: هێندێک لە ناوەکان لەو بەردەنووسەدا هاتوون لە کوردیی ئێستادا وەکوو خۆی ماونەتەوە، کتێبی ئەوێستاش سەرچاوەیەکی گرینگە و زۆر لە زانایانی زمان و مێژوو بە سەرچاوەیەکی وڵاتی مادی دەزانن و زمانی ئەوێستایی کە زۆر لە هەورامی نزیکە بە زمانی مادی و کوردی ناودێر دەکەن، ڕێزدار عیمادەدین دەوڵەتشاهی بۆچوونەکانی پووردواود لەسەر ئەوێستا بە تەواوی ڕەت دەکاتەوە

و زمانی ئەوێستا بە کوردی دەزانێت و خویندنەوەیەکی دیکەی بۆی هەیە، بەرهەمێکی گرینگی دیکە کە هی سەردەمی فەرهادی چوارمی ئەشکانییە و هی ٢٠ ساڵ پێش زایینە و لە ئاوایی تەنگیوەر لە نزیک پاڵنگان دۆزراوەتەوە قەباڵەکانی هەورامانن کە لەسەر پێستی ئاسک نووسراون و دوکتور جەماڵ ڕەشید لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و ئاکامی لێکۆڵینەوەکەی لە کتێبێکی کەموێنەدا بە ناوی (باسێکی زمانەوانی لەسەر مێژووی زمانی کوردی) کۆ کردووەتەوە کە بەداخەوە زۆر بە زەحمەت وەگیر دەکەوێت، لە کۆتایی باسەکەماندا بە ئاوڕدانەوە لە کتێبەکەی دوکتور جەماڵ ڕەشید باسێکی کورتی قەباڵەکانی هەورامان دەکەین.

(لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا گرینگترین ڕووداوی مێژوویی کوردستان کە ببووە هۆی سەرهەڵدانی ئاڵوگۆڕێک لە نێوان چەند زانایەکی زمان و مێژوو و ڕۆژهەڵاتناسدا دۆزینەوەی چەند بەڵگەنامەیەکی چەرخی هێلێنی بوو لە ناوچەی هەوراماندا کە لە لایەن سەعید خان «دوکتوری چاو» لە شاری سنەدا ساڵی ١٩٠٩ی زایینی سێ پارچەیان گەیشتووەتە دەست پسپۆڕە بریتانییەکان، مامۆستا شێخ ئەمینی شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی پێ ڕاگەیاندم کە سەعید خان لەبەر چارەسەرکردنی چاوی عەباسقولی سان باپیرە گەورەی بەگزادەی ڕەزاو هاتبووە هەورامان و پێش هاتنی ئەو دوکتورە شێخ عەلائەدینی نەقشبەندی چووەتە ئاوایی پاڵنگان نزیک قەڵای ئەردەڵانیان لە تەنگیوەر لە سەرەتای ئاوی سیروان، لەوێ مریدێکی شێخ ناوەڕاستی ئەشکەوتەکەی هەڵکۆڵیوە، پڕ بووە لە چەڵتووک و لە نێویدا گۆزەیەکی بەستراوی بە مۆمی

هێناوەتە دەرێ، پاش ئەوەی ئەو گۆزەیان لە تەنیشت ئاگردان داناوە مۆمەکەی تواوەتەوە و لە نێو گۆزەیەدا ئەو بەڵگەنامانەی تێدا بووە.

ئەو کۆمەڵە دیکۆمینتانە دەگاتە دەست پرۆفیسۆر ئیلیس مینس کە ئاوایان باس دەکات و دەڵێت: ژمارەیان زۆر بوون بەڵام دەست بە دەست کراون و سێ دانەیان بە ساخی دەکەوێتە دەست سەعید خان کە ئەویش لە سەردانەکەیدا بۆ لەندەن لە ساڵی ١٩١٣دا دەیانگەیەنێتە دەست «پرۆفیسۆر براون»، ئەوش دەیداتە «پرۆفیسۆر مینس»، ئەویش لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکات و بیرورای خۆی لە گۆڤاری لێکۆلینەوەکانی هێلێنی لە ساڵی ١٩١٥دا بڵاو کردووەتەوە، هەروەها ڕۆژهەڵاتناس «کاولی» یەک لەو دیکۆمێنتانەی شی کردووەتەوە و لە گوڤاری کۆمەڵەی شاهانەی ئاسیەوی ساڵی ١٩١٩ بڵاو کراوەتەوە، بەشێک لە وشەکان هی شێوەیەکی زمانی سەرە تایی ناوچەی کوردییە.

**سەرچاوەکان:**

- کرد و کردستان در هزارەهای ماقبل تاریخ و عهد باستان، نوشتە دکتر غلامعلی ادریسیان
- لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری، دوکتور جەماڵ ڕەشید
- تاریخ تمدن کرد، نوشتە کامل رشادی

# ئاوڕێکی کورت
# لە مێژووی زمانی کوردی

کاروان مێراوی

## پێشەکی

زمان بە فاکتی سەرەکی و هەرە گرینگی نەتەوە و یەکێک لە کۆڵەکە بناغەییەکانی هەر نەتەوەیەک ئەژمار دەکرێت کە بوون و مان و مانەوەی نەتەوە دەسەلمێنێت، بۆیە مامۆستا «هەژاری موکریانی» وەرگێڕ و شاعێری بەناوبانگی کورد فەرموویەتی: «قەواڵەی بوون و مانەوەی گشت نەتەوەکانی سەرزەوی، زمانە» یان «عەلایەدین سەجادی»، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد کە لێکۆڵەری مێژووی ئەدەبی کوردی بووە، زمان بە شاڕەگ و شادەماری نەتەوە پێناسە دەکات و «فریدریش هێگل» بیرمەند و فیلسووفی ئاڵمانی، زمان بە ڕۆحی نەتەوە پێناسە دەکات، «ویلیام

شکسپیر» شاعێر و شانۆنامەنووسی بەناوبانگی بریتانیای، پێی وایە کە «زمان خوێنە، ئەگەر نەبێت مێشک و دڵی نەتەوە ڕادەوستێت»، هەروەها «یوهان گوتلیب فیشتە» بیرمەند و فیلسووفی ئاڵمانی، بەم شێوەیە پێناسەی زمانی کردووە: «زمان ئاوێنەی نەتەوەیە و پاککردنەوەی زمان لە پیساییە نامۆوەکان، بەرگریکردن لە ڕۆحی نیشتمانە، لە بەرانبەردا لەنێوبردنی بەها نامۆوەکانە»، پێناسە و شیکاری و شرۆڤەی زۆر و جۆراوجۆر لەسەر زمان کراوە و مژارەی سەرەکیی باسەکەمان نییە و لەم بابەتەدا تەنیا وەکوو پێشەکی ئاماژە بە پێناسەی ئەو چەند کەسایەتییە لەسەر زمان کراوە.

ئەگەر نەتەوە وەکوو دارێک بشۆبهێنین، بێگومان زمان وەکوو ڕیشەی ئەو دارەیە و گەشەکردن و وشکبوونی دارەکەش بەستراوەتەوە بە بژارکردن و خزمەتکردن یان بێبایەخکردنی ئەو ڕیشەیە، ئەگەر دارەکە بەباشی بژار و خزمەتی ڕیشەکەی بکرێت بێگومان دارێکی بەپیت و بەرەکەت دەبێت و بە پێچەوانەشەوە، هەروەها بۆ لەنێوبردن و لەبندەرهێنانی دارەکەش دەبێت ڕیشەکانی ببڕدرێت یان ڕیشەکانی دەربهێندرێت و وەکوو لە کوردەواری خۆماندا دەوترێت «ڕیشەکەن» بکرێت.

نەتەوە سەردەستەکان و دەوڵەتە داگیرکەرە تۆتالیتێرەکان بۆ تواندنەوە و لەنێوبردنی نەتەوە بندەستەکان و کەمینەکانی نێو وڵاتەکانیان، بە چڕی پلانی ئاسمیلاسۆنی زمانی دادەڕێژن و زۆر بە وردی لە ڕێگای تواندنەوەی زمانەکانیان لەنێو زمانی نەتەوەی سەردەستدا هەوڵ بۆ لەنێوبردنی نەتەوە بندەست و کەمینەکانیش دەدەن، لەم پێوەندییەشدا نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە

لایەن نەیاران و دوژمنانی کە هەمان داگرکەرانی نیشتمانەکەیەتی، هێرشی ئاسمیلاسیۆنی بەرفراوانی زمانیی لەسەر بووە یان ئەگەر ڕوونتر بێژم، لە پاش داگیر و دابەشکردنی خاکی کوردستان زمانی کوردی بە سەرجەم دیالێک و لکەزار و بنزارەکانییەوە مەترسیدارترین هێرشەکان و چڕترین پلانەکانی داگیرکەرانی کوردستانی لەسەر بووە و بەپێی سەردەمیش پلانەکانیان نوێ و بەهێزتر کردووەتەوە تاکوو نەک تەنیا بیتوێننەوە و بوونی نەمێنێت، بەڵکوو لە مێژووشدا هیچ بەڵگە و سەرچاوەیەک لەسەر زمانی کوردی نەمێنێت و لە بنەڕەتدا بنەبڕ و ڕیشەکەنی بکەن، بۆیە ئەرکی هەموو تاکی کورد و بەتایبەت نووسەران و خامەبەدەستانی نەتەوەکەمان تەنیا پاراستنی زمانی دایکی و زمانی نەتەوەییمان نییە، بەڵکوو دەبێت بەپێی توانا هەموو هەوڵێکی خۆمان بۆ ڕزگارکردنی زمانی کوردیمان لەو کەمین و هێرشانەی داگیرکەران و بووژاندنەوەی زمانەکەمان بخەینە گڕ یان ئەگەر بەپێی نموونەکەی سەرەوە باسی بکەین دەبێت هەمووومان بۆ بژارکردن و خزمەتکردنی ریشەی نەتەوەکەمان گشت هەوڵێکی خۆمان بخەینە گڕ، لەمبارەیەشەوە مامۆستا عەبدوڵڵا پەشیو، شاعێری گەورەی گەلەکەمان، بەردەوم لە کۆڕ و کۆبوونەوەو و شەوە شێعرکانیدا ئەگەر تەنانەت بە ڕستەیەکیش بووە لە مەترسییەکانی پلان و پیلانی ڕەقیبەکانی نەتەوە و بەتایبەت نەیارانی زمانی نەتەوەکەمان ئاگادارمان دەکاتەوە و بەناوبانگترین ئاگادارییی ئەو شاعێرە دلسۆزە کە بەردەوم لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەستاودەست دەگەڕیت ئەوەیە کە دەبێژێت: «زمانی کوردیمان لە بەردەم مەترسییەکی هەرە گەورەدایە،

ڕەنگە لە نێو بچێت، بە هەزاران ساڵ بندەست بووە و خۆی لە نێو ئەو شاخ و داخانەدا شاردووەتەوە، ئێستا کە خەریکە سەر دەردێنێت، لە هەموو لایەکەوە خەریکە لێی دەدەن و خەریکە کۆدەکانی خۆی ون دەکات، بۆیە زۆر پێویستە بزاڤێکی زۆر بەهێزی کوردی بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردی سەر هەڵبدات»، ئەوەی کە مامۆستا پەشێو مەبەستی نەزانی و نەخوێندەواریی نێوخۆییشە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام هەر لەو ڕستەیەدا لە پیلان و پلانی نەیارانیشمان ئاگادارمان دەکاتەوە.

لەم وتارەدا ئاوڕێکی کورت لە مێژووی زمانی کوردی دەدەینەوە، هەرچەندە باسکردن لەسەر زمان بە گشتی و زمانی کوری بەتایبەتی و بەتایبەتی تر مێژووی زمانی کوردی باسێکی زۆر چڕ و دووردرێژە، بەڵام لەم دەرفەتە کورتەدا بەپێی کتێب و سەرچاوە مێژووییەکان هەوڵ داروە تاکوو بە ئاوڕدانەوەیەکی کوردت و خێرا یارمەتیدەرێک بین بۆ ئەو دڵسۆزانەی کە گەرەکیانە تۆزی سەر مێژووی زمانەکەمان بسڕن و بژاری ڕیشەی داری نەتەوەکەمان بکەن.

**زمان**

سەرەتا بۆ چوونە نێو باسەکەوە بە پێویستی دەزانم کە باسێکی زۆر کورت لەسەر زمان بکرێت. پاشان بچینە نێو نێوەرۆکی سەرەکیی تەوەری وتارەکە.

زمان خۆی بەسەر دوو چەمکدا دابەش دەکرێت، کە پێیان دەوترێت: زمانی دایکی و زمانی نەتەوەیی، هەرکام لەم چەمکانەش پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازیان هەیە و هاوکات ئەم دوو

چەمکەش گرێدراوی یەکترن، بەو واتایەی کە ئەوە زمانی دایکیی کەمینەکانی نێو نەتەوەکانن کە زمانی نەتەوەییی نەتەوەکان پێک دەهێنن، ئەگەر زمانی دایکیی کەمینەکانی نەتەوەیەک لەنێو بچێت، بەرەبەرە مێژووی ئەو نەتەوەیەش بەرەو لاوازی دەڕوات و لەبیر دەکرێت، ئەمەش دەبێتە دەرفەتێک بۆ هەلپەرستان تاکوو بە دەستاوالاییەوە سەرقاڵی بە لاڕێدابردنی مێژووی نەتەوەکە و بەتایبەت مێژووی زمانەکەی ببن، بەم شێوەیەش زەین و ئاوەزی تاکەکانی ئەو نەتەوەیە تووشی داڕمان و نەخۆشی دەبێت و ئەمەش بۆ نەتەوە ستەملێکراوەکانی وەکوو نەتەوەی کورد، بەلووچ، تورکێک، سریانی و ... هتد ڕێگاخۆشکەر دەبێت بۆ لەنێوبردن و تواندنەوەی ئەو نەتەوەیە لەنێو نەتەوەی دەسەڵاتدار یان باڵادەستدا، «ئادۆڵف هیتلەر» لەم بارەیەوە وتوویەتی: «ئەگەر دەتانەوێت نەتەوەیەک لەنێو ببەن، سەرەتا زمانەکەی لێ بستێننەوە»، هەروەکوو لە پێشەکیشدا باس کراوە، زمان وەکوو ڕیشەی نەتەوە ئەژمار دەکرێت بۆیە دەوڵەتە داگیرکەرەکان هەوڵی ژەهراویکردنی ڕیشەی نەتەوە بندەستەکان و بنکۆڵکردنی داری گەلانی نێو چوارچێوەی وڵاتەکانیان دەدەن، نموونەی ئەم باسەش دەتوانین ئاماژە بە پلانەکانی ڕێژیمی مەلاکانی ئێران و نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی وڵاتی دەستکردی ئێران بدەین کە بەشێک لە نەتەوەی کوردیش دەگرێتەوە.

هەر وەکوو باس کراوە، زمانەکان ڕوو لە گەشە و پەرەسەندنن و بەم هۆکارە و بەپێی ئاستی زمانەوانیی هەرکام لە زمانەکان، ڕێکخراوی نێونەتەوەییی «یونێسکۆ»، («لقی پەروەردە، زانستی و فەرهەنگی» سەربە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان) زمانی

نەتەوەکانی جیهانی پلەبەندی کردووە، زۆربەی ئەو نەتەوانەی کە خاوەن کیان و دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆی خۆیانن، دەسەڵاتەکەیان خستووەتە خزمەت گەشەی زمانەکەیان و بەپێی پێویست زمانی نەتەوەکەیان بووژاندووەتەوە و بەم هۆکارشەوە زمانی نەتەوەیەکەیان بووە بە یەکێک لە زمانە زیندووەکانی جیهان، بەڵام ئەو نەتەوانەی کە خاوەن کیان و دەسەڵاتی سیاسیی سەربەخۆی خۆیان نین و نەتەوەیەکی کۆلۆنیالیستین کە بە هۆکاری هەڕەشە، مەترسی، پلان و پیلانی داگیرکەرانی ئەو نەتەوەیە و ... هتد زمانەکەیان بەرەو لەنێوچوونە کە تاکوو ئێستاش بەپێی دواهەمین ئاماری ڕێکخراوی نێونەتەوەییی «یونێسکۆ»، کە لە ساڵی ٢٠١٧ی زایینی بەرانبەر بە ١٣٩٦ی هەتاوی بڵاوی کردووەتەوە، نزیکەی دووسەد و بیست و هەشت (٢٢٨) زمان لە نێو چوون کە یان لەنێو زمانەکانی تردا تواونەتەوە (وەکوو تواندنەوەی زمانی نەتەوەیەکی کۆلۆنی لەنێو نەتەوەی داگیرکەر و سەردەستدا) یان بە تەواوەتی فەوتاون کە هیچ ئاخێوەرێکیان لە جیهاندا نەماوە یان ئاخێوەرەکانیان ناگەنە ژوورووی سەد کەس و ئەو زمانانە تەنیا لە مێژوودا ناویان ماوەتەوە، هەروەها ڕێژەی پانسەد و حەفتا و شەش (٥٧٦) زمان مەترسیی زۆر جیددیی تواندنەوە و لەنێوچوونیان لەسەرە.

ڕاستە زمانی کوردی سەرەڕای ئەو هەمووە هێرش و هەوڵانەی داگیرکەرانی کوردستان بۆ لەنێوبردن و تواندنەوەی هێشتا زیندوو ماوەتەوە و وێڕای ئەوەش کە نەتەوەی کورد بە هۆکاری نەبوونی کیانێکی سیاسیی سەربەخۆ نەمانتوانیوە زمانەکەمان کە بە یەکێک لە مێژووییترین زمانەکانی جیهان ئەژمار

دەکرێت بە گوێرەی پێویست و لە ئاست ئەو مێژوو و ڕابردووەی کە هەیەتی ببووژێنینەوە، بەڵام بە خۆشییەوە زمانی نەتەوەکەمان لەو پلەبەندییەی «یۆنێسکۆ»دا لە پلەیەکی زۆر باشدایە و ئەمەش یەکەم بە هۆکاری ئەو مێژووی زمانی و دەوڵەمەندییەیە کە لە مێژوو تاکوو هەنووکە هەیبووە و ئێستاش لە زۆر بوارەوە وەکوو فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و ...هتد کە هەیەتی، دووهەمیش بە هۆکاری دڵسۆزیی شارەزایان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و چالاکانی خەمخۆری زمانی نەتەوەکەمانە کە پێشمەرگەئاسا خۆبەخشانە و لەسەر تێچووی ماڵیی خۆیان وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی جیا لەوەی هەوڵیان بۆ بووژاندنەوە و خزمەت بە زمانی نەتەوەکەمان داوە، هەوڵیشیان داوە کە کۆمەڵگای کوردستان و بەتایبەت منداڵانی نیشتمانەکەمان فێری زمانی دایکی و زمانی نەتەوەییی خۆمان بکەن کە ئەمەش گەورەترین هۆکاری زیندوومانەوەی زمانی کوردییە.

**سەرهەڵدانی زمانە هێندوئورووپاییەکان**

هەنووکە زمانی نەتەوەکانی جیهانیش کە هەر کام خاوەن مێژوو و یاسای ڕێزمانی و ڕێنووسیی تایبەت بە خۆیانن، بەسەر دوو بنەماڵەی زمانیی هێندوئورووپایی و هێندوئێرانیدا دابەش دەکرێن کە زمانەکانی نێو هەرکام لەم بنەماڵانەش بەپێی کۆمەڵێک پێوەر وەکوو نزیکایەتیی زمانەکان لە بوارەی جۆراوجۆرەوە (بۆ نموونە مێژووی هاوبەش و ... هتد)، بەسەر چەند گرووپدا دابەش دەکرێن، پرسیار ئەوەیە کە زمانی کوردی دەکەوێتە نێو کام لەم بنەماڵە و گرووپانەوە؟ لەسەر ئەو پرسە شارەزایانی زمانەوانی و

مێژوویی لە کورد و بیانیش دابەش بوون بەسەر دوو بەرەدا یان باشترە بێژین دابەش بوون بەسەر دوو بۆچووندا، بەرەیەکیان پێیان وایە کە زمانی کوردی لە دەستەی زمانیی هێندوئێرانییەکانە و ئاخێوەرانی کوردزمان کۆچەرین و لە ناوچەیەکی ترەوە بەرەو شاخەکانی زاگرۆس هاتوون، ئەم بەرەیە جیا لەوی کە ڕێژەیان زۆر کەمە، باوەڕمەندانی ئەم بۆچوونە لە ڕووی زانستی زمانەوانی، بەڵگەیی، مێژوویی و لۆژیکییەوە لاوازترن، بەرەیەکی تر یان بۆچوونێکی تر پێیان وایە کە زمانی کوردی لە بنەماڵەی زمانیی هێندوئورووپاییەکانە و مێژووی زمانی هێندوئورووپاییەکانیش لە ناوچەکانی کوردستاندا سەریان هەڵداوە، ئەم بۆچوونە هەم لە ڕووی بەڵگەیی، زانستی، فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی و بەتایبەت لە ڕووی مێژووییەوە لە بۆچوونی یەکەم بەهێزتر و سەلمێندراوترە و هەم ڕێژەی باوەڕمەندانی ئەم بۆچوونە لە بەرە و بۆچوونی یەکەم زۆرترن.

لەم بارەیەوە «سۆران حەمەڕەش» نووسەر و مێژوونووسی بەناوبانگی کورد، هەموو ئەو بۆچوونانەی کە زمانی کوردی لە بنەماڵەی هێندوئێرانییەکان دەزانن، ڕەت کردووەتەوە و لە کتێبی «کورد کییە»دا زۆر بە وردی ئەو پرسەی شی کردووەتەوە، لە شیکردنەوەکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە زمانی کوردی لە بنەماڵەی هێندوئورووپاییەکانە و لەو بنەماڵەیەش سەر بە گرووپی زمانە ئێرانییەکانە و دەستەواژەی «زمانە ئێرانییەکان»شی گۆڕیوە بۆ زمانە زاگرۆسییەکان، لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی: «ئەم دەستەواژەیە لە سەردەمێکدا دانراوە کە بۆچوونەکان سەبارەت بە ڕەچەڵەکی زمانەکانی ناوچەکە لەسەر

بنەمایەکی هەڵە بووە و مانەوەی ئەو ناوە بە شێوەی ئەمڕۆ، زیاتر دەبێتە هۆی سەرلێشێوانی خوێنەر و مانایەکی پێ دەدات کە پێچەوانەی ڕاستییە مێژووییەکانە، بە هیچ جۆرێک زمانی کوردی لە خۆرهەڵاتەوە نەهاتووە ناوچەکە، بەڵکوو زمانی ڕەسەنی مێسۆپۆتامیایە و لە بنچینەدا لە چیاکانی زاگرۆسەوە پەیدا بووە و دوایی بووەتە بناغەی هەموو زمانە هیندوئورووپاییەکان، بۆیە دەستەواژەی زمانە زاگرۆسییەکان بەکار هات چۆنکە بە تەواوەتی ئەو ناوە ڕەنگدانەوەی ڕاستییە زمانەوانی و مێژووییەکانە، نابێت ئەوە لەبیر بکرێت کە دەستەواژەی زمانە ئێرانییەکان پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی نییە و تەنیا لە لایەن لێکۆڵەرە ئورووپاییەکانەوە دانراوە کە هەردەم دەتوانرێت بگوڕدرێت، بەتایبەتی گۆڕینی دەستەواژەکە زیاتر خزمەت بە ڕاستییە مێژووییەکان دەکات».

دانان و بەکارهێنانی ئەو دەستەواژەیە زۆرجار بە مەبەستی سیاسی بەکار هاتووە و گەورەترین زیانی بە لێکۆڵینەوەی مێژوویی گەیاندووە و بەردەوامبوون لەسەر ئەم دەستەواژەیە جۆرێکە لە درێژەدان بە لێڵکردنی ڕاستییەکان و بە سیاسیکردنی مێژوو، یان بە واتایەکی تر بە لاڕێدابردنی مێژوو بە مەبەستی سیاسی لە قازانج و بەرژەوەندی ئەو دەزگا و ناوەندە لێکۆڵینەوانەدا بووە کە لە ڕاستای دەوڵەتە زلهێزەکانەوە ئەو دەستەواژەیانەی بەکار هێناوە، هەروەها بە درێژایی مێژوو لە لایەن دەسەڵاتدارانی ڕێژیمە یەک لە دوای یەکە داگیرکەرە ئێرانەییەکانوە بە مەبەستی سیاسی و چەواشەکاری بەکار هاتووە و جێگیر بووە تاکوو کورد بە ئێرانیی کۆن بزانن لە کاتێکدا کە ئەگەر سەیری لاپەڕەکانی مێژوو بکەین، وشە، دەستەواژە و هیچ شتێک بەناوی ئێران ناکەوێتە پێش

چاومانەوە بەڵکوو وشە و دەستەواژەی ئێران لەساڵی ۱۳۰۹ی هەتاوی، بەرانبەر بە ۱۹۳۱ی زایینی، لە سەردەمی دەسەڵاتی پەهلەوی و پێنج ساڵ پاش هاتنە سەرکاری ڕەزاشای پەهلەوی کە یەکەم دەسەڵاتیدار و پاشای پەهلەوییەکان بوو هاتووەتە نێو کایەی سیاسییەوە، ڕێژیمەکانی ئێران لەم دەستەواژە نوێیە و تێکەڵکردنی وشەی ئێران و دەستەواژەی زمانە ئێرانییەکان کەڵکاژۆ وەرگرتووە بۆ سەرکوتکردنی کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و چەواشەکاریی بە دژی سەرجەم نەتەوەی کورد لە پارچەکانی تر.

لەسەر مێژووی زمانە هیندوئورووپاییەکان، جەماڵ نەجاڕی نووسەر و شاعیری کورد، لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە ژمارەی ۳ی حەفتەنامەی «بانگ» لە هەولێری پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە، بە پشتبەستن بە لێکۆلینەوەیەک لە گۆڤاری زانستیی «سایێنس (science)» نووسیویەتی: «لێکۆڵەرانی نیوزیلەند ڕایانگەیاندووە؛ کە بنەماڵەی زمانە هیندوئورووپاییە نوێ و مۆدێرنەکان خاوەنی مێژوویەکی هەشت تا نۆ هەزار و پێنج سەد ساڵ لەوە پێشن و لە ناوچەیەک سەرچاوەیان گرتووە کە ئەمڕۆ ناوی تورکیەی لەسەر دانراوە»، هەر لەو پێوەندییەدا «د. کوئینتین ئەتکینسۆن» سەرپەرەشتی گرووپی لێکۆڵەرانی زانکۆی «ئۆکلاند» لەسەر ئەو باوەڕەیە کە لە لێکۆلینەوەکەی گۆڤاری «سایێنس» بەڵگەی بەهێز بوونیان هەبووە کە ئەو ئاکامەی لێ کەوتووەتەوە و لەم بارەوە پێی وایە کە لە هەر بەشێکی زانستیدا دەکرێت بەپێی بەڵگە بەدەستهاتووەکان بیروڕای

جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە کە خەڵکانێک ڕازی و خەڵکانیکی دیکە ناڕازی بن و وتوویەتی: «ئێمە زانیاریی زۆرمان لەسەر وشەکانی زمانە زیندووەکانی بنەماڵەی هیندوئورووپاییەکان کۆ کردەووەتەوە و مودێلێکی پەرەپێدراومان بۆ هەر هەموویان لەبەرچاو گرتووە، ئەم مودێل و وشە هاوبەش و لێکچووانە سەرچاوەی ئەو بنەماڵە زمانییە (زمانە هێندوئورووپاییەکان) بۆ نۆ (٩٠٠٠) هەزار ساڵ پێش لە ناوچەی ئاناتۆلی کە بەشێکە لە تورکیەی ئەمڕۆ دەگەڕێنێتەوە».

لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی زمانە هێندوئورووپاییەکان «سـۆران حـەمـەڕەش» لە کتێبەکەیدا بنچینەی هەموو زمانە هێندوئورووپاییەکان بۆ زیاتر لە دە هەزار (١٠٠٠٠) ساڵ پێش لە مێزۆپۆتامیای کۆن دەگەڕێنێتەوە و کوردستان بە بنکەیەکی گرینگ و بنەڕتیی زمانە هێندوئورووپاییەکان دەزانێت و پێی وایە کە بنەچەی زۆربەی وشەکانی ئەو زمانانە لە کوردستاندا سەریان هەڵداوە و هاتوونەتە کایەی زمانەوانییەوە، بۆیە زۆربەی کاراکتەرە سەرەتاییەکانی زمانە هێندوئورووپاییەکان هەر لە زمانی کوردیدا ماون و لە ئەمڕۆدا زمانی کوردی بۆ هەموو ئەو زمانانە ڕۆڵی دایک دەبینێت، لە پێوەندیی بەم باسەوە نووسیویەتی: «لەگەڵ ئەوەی کە زمانەکانی سۆمەری و هیتی و هۆری، کۆنترین زمانی نووسراوەن و ژمارەیەکی زۆر وشەی هاوبەشیان لەگەڵ زمانە هێندوئورووپاییەکاندا هەیە، ئەو بۆچوونە زیاتر بەهێز دەکات کە کوردستان و زمانی کوردی، زمان و شوێنی سەرهەڵدانی زمانە هێندوئورووپاییەکان بێت».

## زمانی کوردی و مێژووی شارستانییەت

ئەگەر لە باری مێژووییەوە لە پرسی زمان بڕوانین، دەبینین کە ئەو زمان و بنزمانانەی کە ئەمڕۆ بوونیان هەیە، گرێدراوی شارستانییەتی مرۆڤایەتی بووە کە بە درێژایی چەندین سەدە فۆرمیان گرتووە و لەگەڵ گەشەی شارستانیەتی مرۆڤایەتیدا زمانەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە و گەشەیان کردووە، لەم پێوەندییەدا پرۆفیسۆر «دەیڤید کریستاڵ»ی بریتانیایی (David Crystal ١٩٤١) و نووسەر و لێکۆڵەری گۆڕانکاریی زمانەکان کە زیاتر لە سەد کتێبی لەسەر زمان و زمانناسی و بەتایبەت زمانی ئینگلیزی نووسیوە، پێی وایە کە: «زمان نەگۆڕ نامێنێت، گۆڕانی زمان لە دۆخی هەنووکەیی مرۆڤدا حاشاهەڵنەگرە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە هەزارەی ڕابردوودا مرۆڤ لە جیاتی گۆڕانی ژینگەیی، لە ڕەهەندی زمانییەوە گۆڕدراوە»، هەروەها «پەرویز ناتل خانلەری» پێی وایە کە؛ «هەر جۆرە گەشە و گۆڕانکارییەک لە ئاستی کۆمەڵگادا ڕوو بدات، بێگومان پێویستییەکانی کۆمەڵگاش گۆڕانیان بەسەردا دێت و زمانیش وەکوو ئامرازی پێوەندی و پێویستیی ژیانی مرۆڤ لەم یاسایە بەدەر نییە و گشت زمانەکان لە هەموو سەردەمێکدا گۆڕنکاریی بەسەردا دێت».

بە هۆکاری ئەوەی کە زمانی کوردی بە یەکێک لە مێژووییترین زمانەکانی سەردەم ئەژمار دەکرێت، بۆ تێگەیشتن لە مێژووی زمانی نەتەوەکەمان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتی و قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤەکان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەپێی بەڵگە مێژووییەکان ئەوشکەوتەکانی کوردستان لانکەی سەرهەڵدان و شارستانییەتی مرۆڤایەتی

بوون، هەرچەندە لەم بارەیەشەوە بۆچوونگەلێکی جیاواز هەیە، «ڕاو سلووکی»، شوێنەوارناسی ئامریکایی و بەرپرسی گرووپی زانکۆی «کەمبریج» بۆ لێکۆڵینەوە مێژووییەکان، لە ئاکامی لێکۆڵینەوە و پشکنینی بەردەوامدا ڕایگەیاندووە: «نزیک بە نۆ هەزار (٩٠٠٠) ساڵ پێش زایین لە ئەشکەوتی شانەدەر لە زاگرۆس، کۆنترین ژیانی مرۆڤایەتی هەبووە، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە کوردستان و بۆ یەکەمین جار مرۆڤ لەو ئەشکەوتەوە دابەزیون و یەکەمین گوند و هەوارگەی هەمیشەیییان بە ناوی زەڤیاچەمێ دامەزراندووە، دواتر مەڕومالاتیان ماڵی کردووە و سەرەتاییترین ناوەندی شار و شارستانییەتیان لە کوردستانی ئەمڕۆ دامەزراندووە»، ئەشکەوتی شانەدەر لە سەر بەرزاییەکانی چیای «برادۆست» لە باکووری ڕۆژاوای کێوەکانی زاگرۆسە کە دەکەوێتە قەزای مێرگەسوور سەربە پارێزگای هەولێر و لە ١٢٥ کیلۆمتریی شاری «هەولێر»ی پایتەختی هەرێمی باشووری کوردستان هەڵکەوتووە، بەپێی بەڵگە مێژووییەکان مێژووی ئەو ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ هەشتا هەزار (٨٠٠٠٠) ساڵ بەر لە زایین و وەکوو کۆنترین و گەورەترین ئەشکەوت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست تۆمار کراوە.

لێرەدا دەردەکەوێت کە ئەو مرۆڤانەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستاندا ژیاون، دواتر بەرەو پێدەشتەکان دابەزیون و یەکەمین گوند و کۆنترین شاریان پێک هێناوە و سەەتاییترین جۆری ژیاری مرۆڤایەتییان بنیات ناوە، بەڵام نابێت لەبیر بکرێت کە ڕۆڵی زمان لە بەرەوپێشچوونی شارستانییەتدا زۆر گرینگ بووە، چۆنکە زمان گرینگترین ئامرازی مرۆڤ بووە کە بە درێژایی مێژوو زانست،

داهێنان، مێژوو، فەرهەنگ و کولتوور و ... هتدی خۆی بۆ نەوەکانی دواتر یا نەوەکانی داهاتووی سەردەمەکان بە زمان گواستووەتەوە کە ئەم گواستنەوەیەش سەرەتا لە ڕێگای ئەدەبی زارەکی و دواتریش لە ڕێگای نووسینەوە بووە، هەر لەم پێوەندییەدا «سۆران حەمەڕەش» مێژووی زمانی کوردی بە مێژووی شارستانییەتی مرۆڤایەتییەوە گرێ داوە و لە کتێبی مێژوویی «کورد کێیە»دا نووسیویەتی: «بەڵگە زمانەوانییەکان دەرخەری ئەو ڕاستییەن کە زمانی کوردی، شارستانییەتی مێسۆپۆتامیا و ئاناتۆڵە کە بنچینە و بنەچەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە دە هەزار (١٠٠٠٠) ساڵ پێش ئێستا، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی شوێنە شارستانییەتە سەرەتاییەکان لە شاخەکانی زاگرۆس و دەوروبەری دۆزراونەتەوە و دواتر لە شوێنەکانی تردا بڵاو بوونەتەوە».

هەر وەکوو چۆن لە مێژووی شارستانییەتدا شێوازەکانی ژیاری مرۆڤایەتی و پێویستییەکانی ژیان بەپێی ساتە مێژووییەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەردەوام ڕوو لە گەشە و پەرەسەندن بووە کە هەنووکەش بەردەوامە، زمانیش وەکوو ئامرازێکی مرۆیی و فاکتێکی ژیار و بوونی پێکهاتە مرۆڤایەتییە مێژووییەکان، دوور نییە لەم پەرەسەندنە و بەردەوام ڕوو لە گەشەکردن و گۆڕاندایە، گۆڕان و گەشەی شارستانییەتی مرۆڤایەتیی سەردەمەکان بووەتە هۆکاری هەڵاواردن و دابڕانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان و ئەم دابڕانانەش بێگومان کاریگەریی لەسەر بەشێک لە پێکهاتە زمانییەکان هەبوو و ئەمەش لە مێژووی ژیاری مرۆڤایەتیدا ئەگەر ئەفسانەی برجی بابێل (لە ئینجیلی ئایینی پیرۆزی مەسیحییەتدا ئاماژەی پێ کراوە) بۆ نموونە ئاماژە

پێ بدەین، کە وەکوو هۆکاری سەرەکیی هەڵاواردن و دابڕانی پێکهاتە زمانییەکان سەلمێندرابوو، ڕاستیەکی مێژوویی زمانناسی پشتڕاست دەکاتەوە کە لە لایەکەوە دابڕانی خەڵکانی هاوپێکهاتە و هاوزمان، زاراوە و زمانگەلێکی جیاوازی پێک هێناوە و لە لایەکی دیکەشەوە ڕاستییەکی تری مێژوویی پشتڕاست دەکاتەوە کە زۆربەی زمانەکانی ئەمڕۆژی کە دەستەبەر کراون، لە بنچینەدا هاوڕیشە و هاوپێکهاتەن.

پێکهاتە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان کە لە ئاکامی گۆڕانکارییە مێژووییەکانی ژیاری مرۆڤایەتی و شارستانییەتی کۆن هاتوونەتە ئاراوە، پێکهاتەی زمانیشیان گۆڕاوە و زمانیش لەو گۆڕانکارییانەدا بەجێ نەماوە و دابەش بوو بەسەر پێکهاتە نوێیەکاندا، یان بە واتایەکی تر پێکهاتە مێژووییەکان کە بەپێی سەردەمەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوو و لە یەکتر دابڕاون و دابەش بوون بەسەر پێکهاتەگەلی نوێی جیاوازدا، ئەم گۆڕانکارییانەش پێکهاتە زمانەوانییەکانیشیان گۆڕاوە و زمانەکانیش لە پێکهاتەگەلێکی گەورەوە دابەش بوون بەسەر پێکهاتەگەلی بچووکتردا و لە ئاکامی ئەم گۆڕانکاری و دابەشبوونەدا هەر وەکوو لە بەشی پێشتردا ئاماژەی پێ کراوە، کۆمەڵێکی زۆر لە زمانەکان لەنێو چوون و لە ڕەوتی گەشەی مرۆڤایەتی و بچووکبوونەوەی پێهکهاتەکان ڕۆژ بە ڕۆژ مەترسیی لەنێوچوونی زمانەکان زۆرتر دەبێت.

### مێژووی زمانی کوردی

هەر وەکوو پێشتر ئاماژەی پێ کراوە، زمان بە کۆڵەکە و بەهێزترین فاکتی سەلمێنەری نەتەوە ئەژمار دەکرێت، مێژووی

زمانی هەر نەتەوەیەک ئاوێنەی مێژووی شارەستانییەتی ئەو نەتەوەیە و ڕەچەڵەکی هەر نەتەوەیەکیش بەستراوەتەوە بە مێژووی زمانەکەیەوە، بۆیە خۆدی زمان و بووژاندندەوە و گەشەپێدانی زمان بە گشت دیالێکت و لکەزار و بنزار و وێژەکانییەوە لە هەموو ڕەهەندێکەوە چەندە گرینگیی پێ بدرێت، بە دڵنیاییەوە مێژووی زمانەکە چەندین بەرانبەر گرینگیی زیاتری هەیە و دەبێت زۆرتر هەوڵی بژارکردن ڕیشەی دارەکە و زیندووکردنەوەی مێژووی زمانەکە بدرێت، چۆنکە خزمەتکردنی مێژووی زمان ڕاستەوخۆ خزمەتکردنی مێژووی ڕەهەندەکانی تری نەتەوەیە.

بەپێی ئەو باسانەی کە لە بەشەکانی پێشتردا هاتوونەتە ئاراوە، زمانی کوردی یەک لە زمانە مێژووییەکانی سەربە بنەماڵەی زمانیی هیندوئوروپاییەکانە کە بەپێی ئامارە نافەرمییەکان ڕێژەی ئاخێوەرە کوردەکان زیاتر لە حەفتا (٧٠) میلیۆن کەسین، لەسەر مێژووی زمانی کوردی ڕا و بۆچوونی جیاواز و جۆراوجۆر هەیە و هێندێک لە لێکۆڵەران، نووسەران، مێژوونووسان و دیرۆکناسانی بیانی و کوردیش پێیان وایە کە بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی زمانی کوردی دەبێت بگەڕینەوە بۆ سەردەمی سەرهەڵدانی شارەستانییەت و ژیاری سەرەتاییی مرۆڤەکان، برێک لە نووسەر و مێژوونووسان و بەتایبەت دیرۆکناسانی بیانی ڕایان جیاوازترە و پێیان وایە کە مێژووی زمانی کوردی بۆ سەردمی دەسەڵاتداریی مادەکان و کتێبی پیرۆزی ئاڤێستای زەردەشت دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان لەسەر ئەو خاڵە هاوڕان کە زمانی کوردی وەکوو زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان بە قۆناغگەلێکی جیاوازدا تێپەڕیوە و

لە سەردەمە مێژووییيە جیاوازەکاندا بەرهەمی زانستی، ئايينی، بازرگانی، ئابوری، سیاسی، ئەدەبی و ... هتدی پێ تۆمارکراوە.

لەسەر بۆچوونی یەکەم «ڕەزا شـوان»، نووسەر، شاعیر و چیرۆکنووسی کـورد، لـە وڵامـی یەکێک لـە بیرێزییەکانی ئاخوندەکانی ڕێژیمی ئێران و ئاماژەیەک بە مێژووی زمانی کوردی لە وتارێکدا کە لە ڕۆژنامەی «ڕێگای کوردستان»دا بڵاوی کردووەتەوە، مێژووی زمانی کوردی بۆ زیاتر لە پانزە هەزار ساڵ دەگەڕێنێتەوە و نووسیویەتی: «زیادەڕۆیی ناکەین کە دەڵێین مێژووی زمانی کوردی بۆ پانزە هەزار (١٥٠٠٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، ئەمەش قسەی ڕووت و بێبەڵگە و بێبنەما نییە، بەڵکوو بە بەڵگە و بە لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم ڕاستییە مێژووییيە سەلمێندراوە» و هـەروەهـا لـە درێـژەی وتارەکەیدا لای لایەی زمانی کوردی بە نموونە دەهێنێتەوە و پێی وایە کە مێژووی لای لایەی دایکانی کورد بۆ زیاتر لە چواردە هەزار (١٤٠٠٠) ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە کە کۆنترین لای لایەیە لە هەموو جیهاندا، هەر لەم پێوەندییەدا «جەماڵ نەجاڕی» بە پشتبەستن بە لێکۆلینەوەکەی گۆڤاری زانستیی «سایێنس»، لەسەر مێژووی زمانی کوردی نووسیویەتی: «زمانی کوردی وەکـوو یەکێک لـەو زمانە هیندوئوروپییانە نـاوی هاتووە کە هەڵگری مێژووی زیاتر لە هەشت هەزار (٨٠٠٠) ساڵە و لە پاڵ چەند زمانێکی دیکە وەکوو کۆنترین زمان ناوی هاتووە، بەپێی بەڵگەکان ناوچەی باکووری کوردستانیش کە لە راپۆرتەکەدا بە ناوچەی ئاناتۆلی تورکیا ناوی هاتووە، ناوچەی سەرهەڵدانی زمانە هیندوئورووپاییيەکانە».

لەسەر بۆچوونی دووهەمیش «جیمز دارمستتر»، نووسەر، لێکۆڵەر، مێژوونووس و زماناسی فەڕانسەیی، پێی وایە کە زمانی مادەکان زمانی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا بووە و لەسەر ئەو باوەڕە سوورە کە زمانی ئاڤێستایی هەمان زمانی مادەکانە، ئەو زمانەش کوردەکانی ئەمڕۆ قسەی پێ دەکەن بە زمانی کوردەکان ئەژمار دەکرێت یان بە واتایەکی تر زمانی کوردیی ئێستا پاشماوەی زمانی مادەکانە، ئەو بۆچوونەی «جیمز دارمستتر» لە لایەن «ئیبراهیم پوورداود»، مامۆستای پێشوی زانکۆی تاران و زماناس، دیرۆکناس و لێکۆڵەری کتێبی ئاڤێستا، جەختی لەسەر کراوەتەوە و زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستایی بە یەک زمان پێناسە و شرۆڤە کردووە، هەروەها مامۆستا «محەممەد ماجد مەردۆخ ڕۆحانی» نووسەر و فەرهەنگنووسی ناسراوی کورد ڕایگەیاندووە: «بنچینەی زمانی کوردی بە شێوەیەکی تەواو، بریتییە لە زمانی ئاڤێستا لە سەردەمی مادەکاندا، کە بە باوکی هەموو زمانە هێندوئورووپاییەکان ئەژمار دەکرێت».

لەسەر پرسی مێژووی زمای کوردی، «فەرهاد عەزیز حەسەن»، مامۆستای زانکی سەلاحەدین و بەرپرسی کۆلێژی پەروەردەی ئەو زانکۆیە لە مەخموور، لە توێژینەوەیەکدا بە ناوی «پێگەی زمان و ئەدەبی کوردی لە ڕۆژگارانی پێش ئیسلامدا» بۆ بەشی زمانی کوردیی ئەو کۆلێژە، زمانی کوردی بەسەر سێ قوناغی کۆن، قوناغی نێوەڕاست و قوناغی نوێدا دابەش کردووە و نووسیوەیەتی: «لەبەر ڕۆشنایی دابەشکردنی مێژووی گەلی کورد، دەکرێت زمانی کوردیش بەسەر سێ قوناغ و وێستگەی جیاواز دابەش بکرێت و دەستنیشانکردنی ئەم سێ قوناغەش بۆ

زمانی کوردی، لەسەر بنەمای ڕادە و ئاستی گەشە و گۆڕانی زمانی کوردی بەپێی بەرهەمی ئەدەبی، سیاسی، ئابووری، ئایینی و ... هتد بەڕێوە دەچێت»، قۆناغەکان بەم شێوەی خوارەوەن:

**قوناغی کۆن**: لە سەردەمی گوتییەکان تاکوو کۆتایی سەرەدمی دەسەڵاتی مادەکان دەگرێتەوە و گرینگترین بەرهەمی نووسراوەی ئەم قوناغە، کتێبی ئاڤێستایە.

**قوناغی ناوەڕاست**: لە پاش ڕووخانی دەوڵەتی مادەکان تاکوو دوو سەدە پاش کۆتایی سەردەمی ساسانییەکانە و گرینگترین بەرهەمی نووسراوەکانی ئەم سەردەمەش لە کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و ئایینی پێک هاتوون.

**قوناغی نوێ**: لە پاش هاتنی ئیسلام و بە شیوەیەکی وردتر لە پاش سەدەی سێهەم و چوارەمی کۆچی دەستی پێ کردووە کە تاکوو ئەمڕۆ بەردەوامە.

هەرکام لەم قۆناغانەش کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنییان لەسەر زمانی کوردی هەبووە، کاریگەرییە ئەرێنییەکان بۆ نموونە وەکوو نووسینی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا کە دواتر باسی لێوە دەکرێت و کاریگەریی نەرێنی بۆ نموونە وەکوو ڕووخانی دەسەڵاتی مادەکان و هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ ناوچە، پاش قۆناغی دووهەم یان قۆناغی ناوەڕاست و لە سەرەتای قۆناغی سێهەم یان قۆناغی نوێ کە بەپێی دەقە مێژوویییەکان لە سەردەمی دواهەمین پاشای مادەکان بە ناوی «ئەستیاگ» یان «ئاستیاگ» لە ماوەی ساڵەکانی

٥٥٠ تاكوو ٥٨٥ی پێش زایین دەسەڵاتداریی وڵاتی میدەکان بووە، لە ئاکامدا بەدەستی کچەزاکەی خۆی واتە کورش و خیانەتی دەوروبەرە کوردەکەی خۆی، کوودەتای لێ کراوە و بە نەمانی دەسەڵات و فەرمانڕواییی ئاستیاگ سەرەتای دەسەڵاتی پارسی دەستی پێ کردووە و فەرمانڕەواییی کوردی یان مادەکان کۆتایی پێ هاتووە، لێرەدا ئەو کوودەتایە کاریگەریی زۆر نەرێنیی لەسەر ڕەوشی زمانی کوردی هەبووە و بە کەوتنی دەوڵەتی مادەکان زمانی کوردیش مەترسیی لەسەر بووە، بەڵام بەو حاڵەشەوە هەر خۆی پاراستووە و کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و بەتایبەت ئایینیی پێی نووسراوە تاکوو سەردەمی پاش نەمانی دەسەڵاتی ساسانییەکان و هاتنی ئایینی ئیسلام.

لەگەڵ دارمان و ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هاتن و برەوی ئایینی ئیسلام لە کوردستان، بارودۆخێکی نوێ بۆ زمانی کوردی هاتووەتەوە ئاراوە و بە هۆکاری ئەوەی کە زمانی ئایینی ئیسلام عەرەبی بووە و ئەو زمانەش، بووەتە زمانی چینی دەسەڵات و وەکوو ئامرازی پێوەندیی نێوان دەسەڵات و خەڵک، هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی ئەمڕۆ زۆربەی نەتەوەکان لەو سەردەمدا بە زمانی عەرەبی پێوەندییان پێکەوە هەبوو و نووسی و نووسراوەیان گۆڕیوەتەوە، هەروەها بە هۆکارگەلێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ڕێنوێنی و ڕێوڕەسمگەلێکی ئایینی کە بە زمانی عەرەبی بووە، هەلومەرجی زمانی کوردی کەوتووەتەوە دۆخێکی دژوار و پاش پەرەسەندنی ئایینی ئیسلام لە کوردستان کوردەکان بە ڕادەیەکی زۆر ئۆگری ئەو ئایینە نوێیە بوون کە زانایانی کورد هەموو توانای خۆیان خستووەتە گەڕ بۆ تێگەشتن،

ڕاهێنان، پشکوتن و پێشکەوتنی ئایینی ئیسلام، بەڵام بێگومان نەتەوەی کورد وازی لە زمانەکەی خۆی نەهێناوە و بەردەوام بە زمانی خۆی نووسیویە و قسەی پێ کردووە، لە ئاکامی بەربڵاوبوونی ئایینی ئیسلام و کاریگەریی ئەو ئایینە نەتەوەی کوردیش وردە وردە ئەلفبێی زمانی عەرەبی وەرگرتووە و بە برێک دەستکارییەوە لەگەڵ زمانی خۆیدا گونجاندوویەتی و نووسراوەی پێ نووسیوە و تەنانەت زۆر دەق و تێکستیشی پێ بڵاو کردووەتەوە.

لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە کە زمانی کوردی لە سەردەمی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی مادەکاندا وەکوو زمانی دەسەڵات و ئایینی زەردەشت دیاری کراوە و بە هۆکارەشەوە جێگە و پێگەیەکی زانستی، سیاسی و ئایینیی مەزنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە (لەو سەردەمەدا) و «ئیبراهیم پوورداود» یەکێک لەو دەگمەن فارسانە بووە کە دان بەو ڕاستییەدا ناوە، فارسەکان هەر لە ڕابردووی کۆنەوە تاکوو ئێستاش کە بەردەوامن، لە درێژەی پیلان و پلانە درێژخایەنەکانیاندا بە مەبەستی بنیاتنانی مێژوویەکی چەواشەکارانە و بنەما بۆ نەتەوەکەی خۆیان و بەتایبەت فاکتگەلێکی دروستکراو و دەستکرد بۆ جێخستنی ناوی هەنووکەیی ئێران و بەلاڕێدابردنی ڕای گشتی و بەتایبەتی دانیشتووانی ئەو وڵاتە دەستکردە، بەردەوام هەوڵی شێواندنی ڕاستییەکانی مێژوویان داوە و گرینگترین هەوڵەکانیشیان سەفسەتەکردن و دزینی مێژووی گەلانی ناوچەکە بووە کە زۆرتر جەختیان لەسەر مێژووی نەتەوەی کورد و مێژووی زمانی کوردی بووە، بۆیە زمانی کوردی بە لقێک یان بەشێک لە زمانی

فارسی کۆن دەزانن و زۆر لەسەر ئەو چەواشەکارییانەی خۆیان سوورن، لەم سەردەمەدا جیا لەوەی کە بە پڕوپاگەنداکانیان بەردەوام لە ڕاگەیاندنەکانی خۆیان مێشکی خەڵک لەم درۆگەلە پڕ دەکەن، هەم لە کتێبە مێژووییەکان کە دووبارە و چەندبارە چاپ کراونەتەوە دەستکارییان کردوون و هەمیش ئەو کتێبە نوێیانەی کە لەسەر مێژوو و بەتایبەت مێژووی خۆیان نووسیویانە پڕن لە ناڕاستی، ڕاستییە مێژووییەکان دەشارنەوە و ئەوەی لەسەر مێژووی زمانی کوردی بێت لە دەقەکاندا وشەی «کورد» دەگۆڕن بە وشەی «فارس» یان بە ناوە کۆنەکەی «پارس» و بەم شێوەیە و بە ئاسانی مێژووی نەتەوە و زمانی نەتەوەکەمان دەدزن و ئەم ڕەوتەش لە زانکۆکانی ئێران زۆر چڕترە، فارسەکان و بەتایبەت مێژوونووسەکانیان بەو مەبەستانەوە کە ئاماژەی پێ کراوە چاوی خۆیان بەسەر ڕاستییەکاندا دەبەستن و لاپەڕەکان بە درۆ و چەواشە پڕ دەکەنەوە، بەڵام ئەوە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە سەردەمی مادەکاندا زمانی کوردی بە ڕادەیەک تێکەڵی ئایینی زەردەشت بوو کە جیا لە نووسینی کتێبی پیرۆزی ئاڤێستای بە زمانی کوردی، لەگەڵ پەرەسەندنی ئایینی زەردەشت زمانی کوردیش گەشەی کردووە و ئەمەش زۆر مێژوونووس و لێکۆڵەری ڕۆژاوایی دانیان پێدا ناوە.

به کورتی، هەوڵە نەزۆکەکانی فارس و بەتایبەتی ڕێژیمی هەنووکەیی ئێرانی داگیرکەری کوردستان ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بە کۆچەری بزانن و وا بنوێنن کە کوردەکان لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتوون و فارسەکان یان پارسەکان خاوەنی مێژوویی زاگرۆس و

ناوچەکەن، بەڵام «سۆران حەمەڕەش» لە کتێبە مێژووییەکەیدا زۆر بە وردی و بە جوانی ئەم چەواشەکارییانەی فارسەکان ڕەت کردووەتەوە و سەردەمی سۆمەرییەکان بە یەکێک لە کۆنترین نووسینی زمانی کوردی دەزانێت و پێی وایە کە نووسینی میتانی، هیتی، هۆری، لۆڤی و کاسییەکان هەموویان دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیی ئەمڕۆن و بنچینە و بنەچەی زمانی کوردیی ئەمڕۆ لە ڕووی وشەکاری و ڕێزمانییەوە دەگەڕێتەوە سەر زمانی سۆمەرییەکان، لەسەر بۆچوونەکەی «سۆران حەمەڕەش» دەتوانین ئاماژە بە دوو وشەی «هیتی»یەکان بکەین کە هەزار ساڵ پێش فارسەکان لە کوردستان بەکاریان هێناون:

**نموونەی یەکەم؛** وشەی «تۆ» دەخرێتە بەرباسەوە، هیتییەکان بۆ دووهەم کەسی تاک وشەی «تۆ»یان بەکار هێناوە و لە فارسی کۆندا وشەی «تۆڤەم»یان (tuvam) بەکار هێناوە، وشەی «تۆ»ی هیتییەکان لە ئێستادا لە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی وەکوو خۆی ماوەتەوە جگە لە لکەزارەکانی کورمانجیی ژووروو کە پیتی «ۆ» گۆڕدراوە بۆ پیتی «ە» و «تە» بەکار دەبەن، بەڵام لە واتای ڕاستەقینە و کۆنی وشەکە لە سەردەمی هیتییەکان هیچ گۆڕانکاریی بەسەردا نەهاتووە و وەکوو سەرجەم دیالێکت و لکەزارەکانی تری زمانی کوردی هەمان واتا دەگەیەنێت، دواتر فارسەکان وشە هیتییەکەیان بردووەتە نێو زمانەکەی خۆیان و بە جێگای «تۆڤەم» وشەی «تۆ»یان گونجاندووە و ئێستاش هەر هەمان وشە بەکار دەبەن و بە «تو» دەینووسن و بێژەی دەکەن.

**نموونەیەکی دووهەم؛** وشەی «شمە» دەخرێتە بەرباس، هیتییەکان بۆ دووهەم کەسی کۆ وشەی «سۆمەس»یان بەکار بردووە و ئێستا ئەو وشەیە لە زۆربەی دیالێکت و لکەزارەکانی زمانی کوردیدا ماوەتەوە و لە هێندێک لە دیالێکتەکانی زمانی کوردیشدا تۆزێک دەستکاریی کراوە بەڵام هەمان واتا دەگەیەنێت و واتا ڕاستەقینە و کۆنەکەی وشەکە لەدەست نەدراوە، لە دیالێکتی هەورامی ئەم وشەیە کەمترین دەستکاریی کراوە و فۆرمی وشەکە پارێزراوە و لە هەر سێ بنزارەکانی دیالێکتی هەورامیدا وشەی «شمە» بەکار دەبرێت کە تەنیا پیتی یەکەمی لە «س» گۆڕدراوە بۆ «ش» بەڵام هیچ لە واتا ڕاستەقینە و کۆنەکەی وشەکە نەگۆڕدراوە، هەروەها لە بنزاری «نەهاوەندیـ»ی سەربە دیالێکتی لەکی وشەی «هۆمە» بەکار دەبرێت کە دیسان واتا ڕاستەقینە و کۆنەکەی خۆی پاراستووە، لە دیالێکتی هەورامیدا وشەی «شمە» وەکوو ڕێزگرتنیش لە کەسایەتیی تاکەکان بۆ دووهەم کەسی تاک بەکار دەبرێت، بەڵام فارسەکان لە فارسی نوێ و سەدە نوێیەکاندا وشە هەورامییەکە کە ڕیشەی هیتیی هەیە وەرگرتووە و لە باتی پیتی «ـە» پیتی «ا»یان بۆی داناوە و بۆ دووهەم کەسی کۆ دیسان ڕێک وەکوو هەورامییەکان بۆ ڕێزگرتن لە دووهەم کەسی تاکیش بەکاری دێنن و وشەکەیان لە «شمە»وە کردووە بە «شما».

لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەی «سۆران حەمەڕەشـ»دا کە باس لە پێوەندیی نێوان زمانەکانی کوردی و فارسی و چەواشەی فارسەکان دەکات، وێڕای ئەوەی کە ڕیشە زمانی فارسی لەسەر زمانی پەهلەوەی ڕەت دەکاتەوە و زمانی پەهلەوی بە زمانی ئەشکانییەکان دەزانێت و ئاماژەی بەوەش کردووە کە فارس یان

پارس و ئەشکانییەکان دوو پێکهاتە یان هۆزی (قوم) جیاوازن، باسی لەوەش کردووە کە فارسەکان هەنووکە زمانەکەیان بەسەر سێ قوناغدا دابەش کردووە کە بریتین لە فارسیی کۆن (ئەو فارسییەی کە لەسەر بەردەکان نووسراوە)، فارسیی ناوەندی (ناوێکی ترە بۆ زمانی پەهلەوی) و فارسیی نوێ (ئەو فارسییەی کە ئەمڕۆ قسەی پێ دەکرێت).

لە هەرسێ ئەو قوناغانەی زمانی فارسیدا وشە و دەستەواژەیان لە زمانی کوردی و گشت دیالێکت و شێوەزار و بنزارەکانی زمانی کوردی بردووە بۆ ساخکردنەوە و دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی زمانەکەی خۆیان، تەنانەت زۆر جاریش بۆ ئەو مەبەستە پەنایان بۆ بێڕێزیکردن بە زمانی کوردی بردووە کە تاکوو ئێستاش ئەو بێڕێزییانە درێژەی هەیە، فارس یان پارسەکان خۆشیان ئەو ڕاستییە بۆیان ئاشکرا بووە کە بە بەڵگەی دروستکراو و دەستکرد نەیانتوانیوە بەتەواوەتی مێژووی زمانی کوردی بە لاڕێدا ببەن و زمانی نەتەوەکەمان بفەوتێنن و نەتەوەی کورد بتوێننەوە، بۆیە ناچارن پەنا بۆ بێڕێزی ببەن و کوردوتەنی؛ «بێڕێزی چەکی بێدەسەڵاتییە».

### مێژووی ڕێنووسی زمانی کوردی

مێژووی زمانی نووسین و مێژووی زمانی ئاخاڤتن بە هەر زمانێک جیاوازییان هەیە و مێژووی قسەکردن کۆنتر لە مێژووی نووسین بەو زمانەیە، بۆیە بێگومان مێژووی ئاخاڤتنی زمانی کوردیش کۆنترە لە مێژووی نووسینەکەی، «ئیبن وەحشییە»، نووسەر و لێکۆڵەری بەناوبانگی عەرەب لە ساڵی ٨٥٦ی زایینی،

لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئەلفبێی زمانە کۆنەکانی ئەو سەردەمە کە فیلسووف و زانا حەکیمەکان بەکاریان هێناوە، کۆ کردووەتەوە کە زمانی کوردیش بە یەکێک لە گرینگترین زمانەکان لەو سەدەمەدا ناو بردووە و لەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەدا ژمارەی پیتی ئەلفبێیە کوردییەکان بە ٣٧ پیت نووسیوە، لەو لێکۆڵینەوەکەیدا بەشێکی تایبەت کردووە بە ئەلفبێی زمانی کوردی و نووسیویەتی: «ئەلفبێی زمانی کوردی یەکێک لە ئەلفبێیە کۆنەکانی ترە کە کۆمەڵێک پیتی لە پیتە ستانداردەکان زیاتر هەیە و کوردەکان دەڵێن ئەمە ئەو ئەلفبێیەیە کە بینوشاد و ماسی سووراتی کتێبەکانیان پێی نووسیوە، ئەو دووانە هەموو زانست و هونەر و کتێبەکانیان بەم ئەلفبێیە نووسیوە، من لە بەغدا ٣٠ کتێبم بینی کە بەو ئەلفبێیە نووسرابوون، لە شام دوو کتێبم لە لا بوو، کتێبێکیان سەبارەت بە ڕواندنی مێو و دار خورما بوو، کتێبەکەی تریان سەبارەت بە کێشەکانی ئاو و چۆنیەتی دەرهێنانی ئاو بوو لە ناوچە نەنووسراوەکاندا، من ئەو کتێبانەم لە زمانی کوردییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی عەرەبی تاکوو مرۆڤایەتی سوودیان لێ ببینن».

**دەقی ئەو ئەلفبێیە کوردییەیە کە «ئیبن وەحشییە»ئاماژەی پێ کردووە.**

«سۆران حەمەڕەش» پێی وایە کە ئەو کتێبە بەڵگەنامەییەی «ئیبن وەحشییە» جگە لەو ڕاستییەی کە نووسین بە زمانی کوردی لە دوای سۆمەری، هۆری و کاسییەکان هەر بەردەوام بووە، ئەو تەم و گومانەش لەسەر ڕاستییەک لا دەبات کە زمانی کوردی هەتاکوو سەدەی نۆزدەهەم زمانێک بووە کە ئایین، زانست

و هونەر و ئەدەبی پێی نووسراوە، ئەم بەرهەمانە بە زمانی کوردی بووەتە سەرەکیترین و بنەماییترین هۆکاری ئەوەی کە نەک تەنیا زمانی کوردی لە فەوتان ڕزگاری بێت و ببێتە یەکێک لە زمانە مێژووییی و بەهێزەکانی ئەو سەردەم کە تاکوو ئێستاش بپارێزرێت، بەڵکوو ڕووبەڕووی بووژانەوە و گەشە هەنگاوی بۆ هەڵبگیردرێت، بەڵام نابێت ئەو ڕاستییەش لەپێش چاو نەگرین کە لە ڕابردوودا ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامە و بڵاوکراوە کوردییەکان دەور و ڕۆڵێکی زۆر باشیان لە بەرەپێشبردنی زمانی کوردیدا هەبووە، بۆیە «مێقداد مەدحەت بەدرخان» لە یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» کە ساڵی ١٨٩٨ی زایینی بەرانبەر بە ١٢٧٦ی هەتاوی، لە شاری قاهێرە، پێتەختی وڵاتی میسر بڵاو کراوەتەوە، نووسیویەتی: «من ڕۆژنامەیەکم بە ناوی کوردستان دەرکرد، ئامانجم لەم کارە ئەوەیە کە گەلی کورد لە بوارەکانی کولتووری، سیاسی، زمان، ئابووری و زانستەوە هۆشیار بکەمەوە»، لەو ڕۆژنامەیەدا جیا لەو خاڵانە کە باس کرا، ڕۆڵێکی زۆر ئەرێنی و باشی لە بووژاندنەوەی زمانی کوری و پاراستنی ئەلفبێی کوردیدا هەبووە، هەروەها «میر جەلادەت بەدرخان» کە لە ڕووی ڕێزمان و وشە زمانی کوردییەوە شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو و پسپۆڕ بووە، لە یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «هاوار» کە گۆڤارێکی ڕامیاری و ئەدەبی بوو و ساڵی ١٩٣٢ی زایینی بەرانبەر بە ١٣١٠ی هەتاوی، لە باکووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە، نووسیویەتی: «زمانمان مێژوومانە، زمانمان کەرامەتمانە، کولتورمان لە زمانماندا شاراوەیە، وەرن با بە زمانی خۆمان قسە بکەین، وەرن بە کوردی قسە بکەین، وەرن بە کوردی

یەکتریمان خۆش بوێت، وەرن با زمانی کوردیمان خۆش بوێت»، ناوبراو لەو سەردەمەدا کۆمەڵێک لە شاعیران، ئەدیبان، نووسەران و کەسایەتییەکانی کورد وەکوو «عوسمان سەبری، حەسەن هۆشیار، کامەران بەدرخان، جگەرخوێن، نوورەدین زازا و قەدری خان» لە دەوری خۆی و گۆڤاری هاوار کۆ کردووەتەوە و لە گۆڤارەکەدا زۆر شیعر و بابەت و وتاری جوان و بەپێزیان لەسەر زمانەوانی و زمانی کوردی، کولتوری کورد و مێژووی کەسایەتییە ئەدەبییەکانی کوردستانیان بڵاو کردووەتەوە و خزمەتێکی زۆر باشیان بە زمانی نەتەوەکەمان کردووە و ئەم هۆکارەش وای کردووە کە گۆڤاری هاوار لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بابەتەکانی پێگە و بایەخێکی تایبەتی هەبووە کە ئێستاش هەیەتی و بووە بە ئیلهامێک بۆ چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکەی پاش خۆی، گۆڤاری هاوار تاکوو ساڵی ١٩٤٣ی زایینی بەرانبەر بە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی، واتە بۆ ماوەی ١١ ساڵ بەردەوام بوو و ٥٧ ژمارەی لێ چاپ کراوە.

لێکۆڵەران، زمانەوانان، نووسەران، شارەزایان و بەتایبەت پسپۆڕانی زمانی کوردی، مێژووی زمانی کوردییان بە شێوەی جۆراوجۆر پۆلێبەندی کردووە و دابەشیان کردووە بەسەر قۆناغگەلێکی جیاوازدا و زۆر جاریش لێکۆڵەرانی بیانی و بەتایبەت ئەو لێکۆڵەرانەی کە خەڵکی وڵاتە زلهێزەکانی سەردەمەکان بوون و بە هۆکاری ئەوەی کە دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان پێوەندیی لەگەڵ داگیرکەرێکی کوردستاندا بووە، لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر مێژووی کوردستان و نەتەوەی کورد بە گشتی و بەتایبەت پۆلێنبەندی و دابەشکاریی زمانی کوردی، لە ڕاستای بەرژەوەندییەکانی

دەوڵەتی وڵاتەکەیان و بە قازانجی داگیرکەرێکی کوردستان بووە و هەر بەم هۆیەشەوە زۆر جار مێژووی زمانی نەتەوەکەمانیان چەواشە کردووە و ڕاستی و زانیارییە ڕاستەقینەکانیان تێک داوە و سەریان لە مێژوو شیواندووە، هەنووکەش برێک لە نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد بەبێ بەدواداچوون و دۆزینەوەی سەرچاوە ڕاستەقینەکان هەمان نووسراوەی لێکۆڵەرە بیانییەکان دووپات دەکەنەوە و ئەو چەواشەکارییە بەرژەوندیخوازانەیەی ئەو سەردەمەی لێکۆڵەرە بیانییەکان جارێکی تر زیندوو دەکەنەوە.

«سۆران حەمەڕەش» هەموو ئەو پۆلێنبەندییە کۆن و چەواشەکارییانەی کە لە ڕابردوودا بۆ زمانی کوردی کراوە ڕەت کردووەتەوە و پێی وایە کەسانێکی بیانی وەکوو «مەکەنزی» کە لێکۆڵەرێکی بریتانیایی بووە، زۆر جار بە ئامانجێکی سیاسی و لە پێناو بەرژەوندیی کۆلۆنیالیزمیی وڵاتەکەیان لە ناوچەکە و بەتایبەت لە کوردستاندا یان کەسانێکی تر بە ناشارەزایانە و بەبێ بەڵگەی هەم مێژووی نووسین و ڕێزمانی زمانی کوردییان نووسیوەتەوە و هەم پۆلێنبەندیی زمانی کوردییان کردووە، لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا نووسیویەتی: «بە مەبەستی ئاسانکاری دەتوانرێت زمانی کوردی بەسەر سێ قوناغی کۆن و ناوەندی و نوێدا دابەش بکرێت»، بە شێوازێکی نوێی زمانی کوردی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کردووە و ڕوونکردنەوەشی لەسەر هەرسێ قۆناغەکە داوە کە بەم شێوەی خوارەوەیە:

**١ـ قوناغی کوردیی کۆن:** زمانی سۆمەرییەکان کە کۆنترین زمانی نووسراوەیە لە جیهاندا و بناغەی ڕێزمان و وشەکاریی کوردیی

نوێیە، دەتوانرێت بە قوناغی سەرەتاییی زمانی کوردی دابنرێت، ئەم قۆناغە زمانی هیتی، هۆری، کاسی، لۆلۆیی و چەندین زاراوە تری تێکەڵ بووە و بووەتە هۆی دروستبوونی زاراوە جیاوازەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی.

لەبەر نەبوونی تێکستی پێش سۆمەرییەکان، ناتوانرێت شتێکی ئەوتۆی ڕوون سەبارەت بە زمانی پێش سۆمەرییەکان بگوترێت، بەڵام قۆناغی زمانی کوردیی کۆن هەتاکوو هەزارەی یەکەمی پێش زایین بەردەوام بوووە و ئەو زمانە لە مێزۆپۆتامیا و ئاناتۆڵی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی لەژێر ناوی جیاوازدا قسەی پێ کراوە.

**٢ـ قوناغی کوردیی ناوەندی:** بەپێی ئەو بەڵگانەی کە لە کتێبی «کورد کێیە»دا خراونەتە ڕوو، دەتوانرێت زمانی مانی و میدی کە لە ژێر زاراوەی جیاوازدا بەکار هاتووە، بە قۆناغی ناوەندیی زمانی کوردی دابنرێت، ئەم قۆناغە بە نزیکی لە هەزارەی یەکەمی پێش زایینەوە دەستی پێ کردووە کە زمانی ئەو سەردەمەی مێزۆپۆتامیا و بەشێک لە ناوچەکە بووە.

٣ـ قوناغی کوردیی نوێ: هەموو ئەو دیالێکت و لکەزار و بنزارانە و وێژانەیە کە هەنووکە لە سەرجەم ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا قسەی پێ دەکرێت و لە نزیکەی سەدەی هەشتەمی زایینییەوە کۆنترین شێعری پێ نووسراوە، دەتوانرێت سەدەی هەشتەمی زایینی، واتە سەردەمی باڵۆڵی ماهی (باڵۆڵی دێوانە) بە دەستپێکردنی ئەم قۆناغە دابرێت.

**لە کۆتاییدا**

سەرەڕای ئەوەی نەتەوەی کورد زمانێکی بەهێز و دەوڵەمەندی هەیە هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی ڕێزمانی و ڕێنووسییەوە، بەداخەوە تاکوو ئیستا نەمانتوانیوە زمانێکی ستاندارت کە پێکهاتوو و گیراوە بێت لە هەموو دیالێکت و لکەزار و بنزارەکانی زمانەکەمان دروست بکەین کە زۆر بە ئاسانی کوردێکی شاری ئەلشتەر لە پارێزگای لوڕستان، کوردێکی شاری نەهاوەند لە پارێزگای هەمەدان (ئێکباتانی پایتەختی دەسەڵاتی مادەکان) و کوردێکی شارەکانی هەولێر و قامیشلوو و وان و هەکاری و سنە و شنۆ و ورمێ و کۆبانێ و کەرکووک و دیاربەکر و سەرجەم کوردستان بە ئاسانی لێی تێ بگەن، ئەمەش بە هۆی دوو ڕێنووسیی زمانەکەمان کە سەرەکیترین بەربەستە و هۆکارگەلێکی سیاسی کە دیالێکتەکانی زمانەکەمانی لە یەکتر جیا کردووەتەوە لەوانەیە تۆزێک زەحمەت بێت، بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتی و لە ئێستاشدا هیچ کارێک نەبووە بە دەستی مرۆڤ جێبەجێ نەکرێت و هیچ کارێک ناکرێتی بۆ نییە و دەتوانین بێژین هەموو گرێیەکان بە دەستی مرۆڤەکان دەکرێتەوە و ئەم کارەش ماندووبوونی گەرەکە.

بۆ پێکهێنانی زمانێکی ستانداردی هاوبەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی وردبینانە لەسەر شێوەی ئاخاوتنی هەموو ناوچەکانی کوردستانە بەبێ جیاوازیی کە بە دڵنیاییەوە بۆ ئەم ئەرکەش کۆسپ زۆر دەبێت و گرینگ کۆڵنەدان و بەردەوامبوون و شیلگیربوونە لەسەر ئەرکەکە، لەم پێوەندییەشدا «عەلائەدین

سەجادی»، مێژوونووسی بەناوبانگی کورد نووسیویەتی: «لە زمانێکی وەکوو زمانی کوردیدا دوو کۆسپی زۆر گەورە لە ڕێگەدایە، یەکەم بێسەرچاوەیی، دووهەم یەکنەخستن و یەکنەکردنی شێوەکانی زمانی کوردی، بەڵێ شێوەکانی زمانی کوردی هەموو لە یەک ڕیشەیە و پەل پەل بوونەتەوە، بەڵام ئاگاداریی بەسەر ئەو پەل و لقانەدا وەک نەبێت شتێکی ئاسان بێت.

لێکۆڵینەوە لە شێوەیەک تێگەیشتن لە بنچینەی زمانی کوردی، تەنیا خۆی ژیانێکی سەربەخۆی ئەوێت کە چی سەرەڕای ئەمە پەلاماردان بۆ شێوەکانی تر دیارە، ئەمە ئەبێت لە وزەی تاقە کەسێکدا نەبێت، لە کوێ ئەکرێت کە پیاو تەنیا خەریکی لێکۆڵینەوەی شێوەی موکری بێت؟ و لە کوێ ئەکرێت بچی بۆ هی بۆتان و لوڕ و هەورامان؟ ئەگەر یەکێک بە چاوێکی وردبینییەوە ورد ببێتەوە، لام وایە ئەم ئەرک و عەزیەتە بە کەم نازانێت و ئەکەوێتە سەر ئەو باوەڕە کە پێکهێنانی شتێکی وەها کاتێکی دووردرێژی ئەوێت و حەرامکردنی هەموو ناز و نیعمەتەکان».

لە کۆتاییدا تەنیا ئەوە دەبێژم کە نەک تەنیا نووسین بە زمانی دایکی و زمانی نەتەوییمان ئەرکی هەرە گرینگی ژیانی هەموو تاکێکی کوردە و ئەگەرچی بە هۆکاری بارودۆخی هەنووکەییی نیشتمانەکەمان کە لە کەشێکی کۆلۆنیالیستیدایە و زمانی کوردیمان بڤەیە و بەو هۆکارەشەوە نیوەی زیاتری لە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان نووسین و خوێندنەوە بە زمانی

کوردی نازانن، بەڵام لانیکەم هەر بە قسەکردنەدا تۆزقاڵێک دەزانین بنووسن یان لانیکەم کەسێک یان کەسانێک شک دەبن بزانن بنووسن و جیا لەوەش خۆ ئێستا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئەو هەلەی ڕەخساندووە تاکوو هەمووومان بە ئاسانی کەسێکی شارەزا لە زمانی کوردی بێت یان لانیکەم بتوانێت بە جوانی کوردی بنووسێت و بخوێنێتەوە بدۆزینەوە و داوای لێ بکەین کە فێر خوێندن و نووسین بە زمانی کوردیمان بکات کە بە دڵنیاییەوە زۆربەیان بە دڵخۆشیشەوە وەکوو ئەرکێکی نەتەوەیی قەبووڵی دەکەن، بۆیە هەر هیچ نەبێت دەبێت هەوڵ بدەین کە ڕۆژانە بەو تۆزقاڵ و تەقە تەقەشەوە کە دەزانین هەر بە زمانی خۆمان قسە بکەین و بنووسین، ئەوش بێژم کە ناخۆشترین هەستی هەر تاکێکی دڵسۆزی نەتەوەیی کورد و بەتایبەت دڵسۆزێکی زمانی کوردی ئەوەیە کە ببینیت کوردێک بە زمانی داگیرکەر حەزەی دڵی خۆی دەردەبڕێت یان هەستی دەروونی بنووسێتەوە، بە کورتی پاراستنی زمانی دایکی و زمانی نەتەوەیی تەنیا ئەرکی زمانەوان و شارەزایانی زمانی کوردی نییە، بەڵکوو ئەرکی هەموو تاکێکی نەتەوەی کوردە.

**سەرچاوەکان:**


کتێبی کورد کییە؟

ماڵپەڕی زێڕین.

ڕۆژنامەی ئاوێنە

ماڵپەڕی ئاماژە

ماڵپەڕی ناوەندی نۆچە و شرۆڤەی ڕۆژ

وێبلاگی تاکەکەسیی جەماڵ نەجاڕی، شاعێر و نووسەر

ژمارە ٣ی حەفتەنامەی بانگ.

ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان

ماڵپەڕی ڕێزمانی کوردی.

ماڵپەڕی پەیسەر پرێس.

# زمانی کوردی و ناسنامە
## حەوتەوانەی زمانی دایك (دیدار)

**سازدانی: شەریف فەلاح**

لە بارەی پێگە و گرنگیی زمانی زگماک (دایک) و پێشخستنی زمانی کوردی و دەوری ئەم زمانە لە پرۆسەی نەتەوەسازیدا، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی حەوت نووسەر، مامۆستای زانکۆ، پسپۆڕی بواری زمان و ئەدیبی کورد کردووە کە بریتین لە "دوکتور ڕەحیم سورخی، شارەزای زمان و مامۆستای زانکۆ، دوکتور هەژار ڕەحیمی، مامۆستای زانکۆ، دوکتور هاوژین سلێوە مامۆستای زانکۆ، مەسعوود بابایی، نووسەر و پسپۆڕی زمان، شەهلا دەباغی نووسەر، جەماڵ نەجاڕی نووسەر، خەبات ڕەسووڵی چیرۆکنووس" کە هەرکام لەو بەڕێزانە لە ڕوانگە و گۆشەنیگای جیاوازەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەیان داوەتەوە، بێگومان پرسی زمان وەکوو ڕۆحی نەتەوە و کلیل و دەروازەی

ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کورد لەم ساڵانەدا بۆچوون و ڕوانگەی جۆراوجۆری  لە بارەوە خراوەتە ڕوو، بێگومان جیاواز لەم ڕوانگانە بۆچوونی دیکەش لە ئارادان، بەڵام لە سەرووی هەموو ئەمانەوە پرسی زمان بەندە بە بنەمای زانستی زەمانەوانی و بەرژەوەندیی باڵای نیشتمانییەوە.

**زمان وەک ڕۆحی نەتەوە و ئاخێزگەی ناسنامەی تاک و کۆمەڵگە، بۆ ئێمەی نەتەوەی کورد لە دۆخێکدا کە فاکتەکەکانی دیکەی نەتەوەییمان وەکوو خاک و نیشتمانمان لێ زەوت کراوە، دەتوانێت لە پرۆسەی نەتەوەسازی و وشیاریی نیشتمانی و ناسنامەییدا، چە دەورێک بگێڕێت؟**

**د. ڕەحیم سورخی – زانکۆی کارلتن-کانادا:** کۆمەڵەی کوردی لە ئێران وەکوو هەر کۆمەڵەیەکی دیکەی زمانی لە ڕێگای پێوەندیکردن بە زمانەوە کۆمەڵەیەکی زمانی تایبەت بە خۆی پێک هێناوە کە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتییە بووە بە سەرچاوەیەکی بەهێزی ناسنامەیی بۆ ئەندامەکانی، ئەندامانی ئەم کۆمەڵە زمانییە  لە هاوکاری و هاوپێوەندییاندا پێکەوە کۆمەڵەیەکی تایبەتی ئەتنۆ زمانییان پێک هێناوە کە زمان و ناسنامە ئەتنییەکەیان دەقاودەق پێکەوەیە و هەستێکی زەینیی وای لە لای ئەندامانی ئەوە گرووپە ئەتنۆزمانییە دروست کردووە کە سەر بە نەتەوەیەکی تایبەتن، ئەوەی کە دەگوترێت نیشتمانەکە زەوت کراوە، کە باشترە بڵێین لەباری سیاسی- سەربازیی (نیزامی) داگیر کراوە، بەڵام ئەو کۆمەڵە ئەتنۆزمانییە لەسەر خاکی خۆی و لە بەردەوامی و پێوەندیی بە ڕەهەندە پێکهێنە ئەتنییەکانیدا دەژیت و بۆ مانەوەی خۆی خەبات دەکات.

فیشمەن (١٩٧٧)، زماناسی کۆمەڵایەتی، ئەم ڕەهەندانە لە سێ ڕەهەندی پشتایەتی، کەلەپوور و دیاردەناسیدا پۆلین دەکات، بۆ نموونە وەکوو نەتەوەی کورد، لەباری بنچینە/پشتایەتی (Paternity)یەوە، کۆمەڵەمیراتێکی ئەتنۆ زمانی پشتاوپشت لە باوباپیرانی بۆ بەجێ ماوە و ئەمەش هەستێکی لە بەردەوامی پێبەخشیوە، بە پاڵپشتیی ئەم هەستی بەردوامییە لەگەڵ ڕەوتی مێژوو خۆبەرهەم دێنێتەوە، کەواتە، ئەم نەتەوەیە خۆی بە ڕیشەدار دەزانێت و شوێن پەنجەی باوباپیرانیشی لەسەر مێژوو و لە ڕووداوە مێژووییەکاندا دەناسێتەوە، لایەنێکی دیکە، کەلەپوور (patrimony)ـە، واتە ڕەوشت و ڕوانگەکانی بۆ میراتی گشتییە، وەک نموونە فێرکارییەکان، مۆسیقا، جلوبەرگ، ئەویندارییی و پیشە تایبەتەکانە کە لە جیلەکانی پێش خۆی بۆی ماوەتەوە، ئەم سامانە میراتییە سەرچاوەی ناسنامەی کولتوورییە بۆ نەتەوەی کورد، سیمایەکی کولتووری پێ بەخشیوە کە لەوانەی دیکە جیا بێت، هەستی داگەڕانـ (convergence)ی بۆ نێو خۆی بەهێز دەکات و شانازیکردنی بە ئەتنیسیتە و نەتەوەی خۆی دەباتە سەرێ، ئەم هەستە بۆ کورد لە ناوچەکەدا گرنگە کە وەکوو بەشێک لە ئایدئۆلۆژیای کولتووری لە بەرانبەر سیاسەتی تواندنەوە (assimilation)دایە و هەڵگەڕانەوە (divergence)ی لە ئەوی دیکە، پێک دەهێنێت، واتە تۆ یان ”یەکێک لە ئێمە“ی یان ”یەکێک لە ئەوان“، کە زمان سیمایەکی گرنگی ئەم سنووردانانەیە لە نێوان ئێمە و ئەواندا.

سیاسەتی دەوڵەت ـ نەتەوە، لە ڕاستیدا کار دەکات بۆ جیاکردنەوەی ئەتنیسیتە لە زمان کە دیهەوێت لە یەکیەتیی

نیشتمانی یان یەکپارچەیی سنووری دەوڵەت ـ نەتەوەدا گرووپە ئەتنۆ زمانییەکان پێناسە بکاتەوە و ناسنامەی دەوڵەت ـ نەتەوەی وەکوو ئێرانیبوون لەباتی کوردبوونی پێ ببەخشێت، چونکە زمان کاناڵێکی بەهێزی نواندنەوەی ئەم هەڵگەڕانە (واگرایی)یە لە دەوڵەت ـ نەتەوە و داگەڕانە (همگرایی) بۆ نێوخۆی کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکان، لێرەدایە کە زمان لە ڕەهەندی سێهەم، واتە "دیاردە ناسی"(phenomenology) یەکە دەوری خۆی دەگێڕێت، واتە ئەو واتاسازییەی خەڵک لە پێوەندیی لەگەڵ گرێدانەوەی بنچینە و کەلەپوور بۆ لێکدانەوەی خۆیان و دەوروبەریان و ئەندامەتییان لەم کۆمەڵە ئەتنۆزمانییە کوردییەدا دەیکەن، دیاردەناسییەکە بەندە بە تێڕوانینی زەینی و ئامیدیاکانی خەڵکەوە بۆ ئەندامەتییان لە پێکهاتەیەکی ئەتنی بەناوی "کورد"ەوە کە لە واتا بەرفراوانەکەیدا "گوتار"ی نەتەوەیی یان ئەتنی لەسەر بنیاد دەنرێت، کە واتە ناسنامەکە لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی – مێژوویدا بە داگەڕانە ناوخۆییەکان لە سەربنەمای "لێکچوون" و هاوبەشییەکان و هەڵگەڕانەوە لە ئەوانی دیکە، واتە "جیاوازبوون" لە گوتاردا بنیات دەنرێت، هەر بۆیە ناسنامەکە بەپێی بارودۆخ، هەلومەرج و بەستێنە کۆمەڵایەتییەکان پێک هاتووە گەشە دەکات و دەشگۆڕێت، لێرەدایە کە خەبات لە پێناو پاراستنی ئەم ڕەهەندە سێ کوچکە ئەتنییە گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوامیی لە بوونێکی مانادار و جیاوازدا، بەو سیما بنچینەیی و کەلەپووری و دیاردەناسییەوە کە زمان دیگوازێتەوە.

لێرەدا، بە پێویستی دەزانم شتێک ڕوون بکەمەوە، ئەویش ئەوەیە کە زۆرجار لە ڕەهەندە دیاردەناسییەکە کەم دەهێنین و

له واتاسازیی و گوتارسازیی بۆ لێکدانەوەی پێوەندییەکانی نێوان بنچینە و کەلەپوردا، یان بەهۆی هێژمۆنی و چەواشەکارییەکانی گوتاری دەوڵەت ـ نەتەوەوە لێکدانەوەکانی ئەم پێوەندییەمان لا تەماوی دەبێت، یان لەبەر چەقبەستوویی خۆمان لە خوێندنەوەیەکی تاکڕەهەندی هێزی فیزیکی، چەکداری یان حیزبییەوە توانا، سامان و وزەی نەرمی کولتووری، زمانی و کۆمەڵایەتی نابینین، بەتایبەتی، ئەوکاتە ئەوە بەرجەستە دەبێت کە ئەو تاک، گرووپ و ڕێکخراوانە بە دابڕانیان لە خاک و جوگرافیا خۆ لە دەرەوەی کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکە دەبینین.بە دەیان جار ئەم بابەتە لە لایەن ئەندامان و کادرانی ڕێبەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان بەگشتی و حیزبەکانی باشوور بەتایبەتی، کراوە یان لە دیبەیت و وتووێژەکاندا خراوەتە ڕوو کە ڕۆژهەڵات لە ڕۆژەڤدا نییە، بێ سەرۆکە، لاوازە، یان ئەم حیزبانە چییان پێ دەکرێت، هۆیەکەشی ئەوە بووە کە هەر لە بنەڕەتدا بنچینە، کەلەپوور و مێژوو لە دیاردەناسیی ئەواندا دەورێکی گرنگی نییە، چونکە جگە لە هێزێکی ڕووتی حیزبی کە بە زەبری هێز خۆی بەسەر کۆمەڵدا دەسەپێنێت، بنچینە و کەلەپووری نەتەوایەتیی گەلی کورد لە باشوور نابینێت، زمانەکەی شێواندووە، سنووری لێکدانەوەی دیاردەناسییەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا زۆر ڕوون نییە، زۆرجار هەڵگەڕانەوەی لە کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکەی خۆی بە زەقی پێوە دیارە و بە کردەوە پیلانی داگیرکەر بەڕێوە دەبات، بۆیە هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، بزووتنەوەی بووژانەوەی ئەتنۆزمانیی لە نێوخۆی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵات نابینێت و دەیهەوێت لە ژمارە، توانا، ڕوانینی دیاردەناسانەی تەسکی حیزبیی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا سنووورداری بکات و بچووکی بکاتەوە.

لە بزووتنەوەی نوێی ڕۆژهەڵاتدا، زمان، جلوبەرگ، مۆسیقا، شانۆ، هونەر، ئەدەبیاتی بەرگری و هەستی بەردەوامی و پێوەندیی بە بنچینەیەکی هاوبەش و داگەڕانی نێوخۆیی و هەڵگەڕانەوە لە ئەوی دیکەی داگیرکەر بە زەقی لە کۆڕ و کۆبوونەوە، بۆنە و ڕێوڕەسم و فێستڤاڵە هونەرییەکانیدا دەبینین، هەرچەندی پێوەندیی نێوان زمان و ناسنامەی کوردی بەهێز بێت، ناسنامە لە بەکارهێنانی زماندا دەپارێزرێت و بەرهەم دێتەوە.

بۆ بەهێزکردنی زمانیش، پێویستە فاکتەرە ئەتنۆزمانییەکانی وەکوو پێگە، ژماری قسەکەران و پشتگیریی دامەزراوەیی بەهێز بکرێت کە زیندوویەتیی زمانەکە دەربخات بۆ ئەوەی کۆمەڵەیەکی ئەتنی وەکوو کۆمەڵەیەکی چالاک و جیاواز لە پێوەندییە نێوان کۆمەڵییەکاندا هەڵسوکەوت بکات، هەرچەندی بکرێت پێگەی زمانەکە بەرزتر بکرێتەوە و لە باری ئەرک پێسپاردن و فەرمیکردنییەوە زیاتر پێش بکەوێت، شانازیکردن و متمانەی تاک بە خۆی و زمانەکەی بەهێزتر دەبێت، بە چڕی ژیانی ئەندامانی گرووپێکی زمانی لە پانتایەکی جوگرافی و لە ناوچەیەکی دیاریکراودا شانسی مانەوە و پاراستنی زمانەکە زیاتر دەکات، لە باری دامەزراوەییەوە زۆر گرنگە کە زمانێکی وەکوو زمانی کوردی لە دامەزراوە حوکمی، پەروەردەیی، مزگەوتەکان و ڕێکخراوە کولتوورییەکاندا بەکار بێت، ئەگەر لە باری زەینییەوە هەستی هاوبەشی ”ئێمەیی“ لە کۆمەڵەیەکی زمانیدا بەهێز بێت، هەرچەند لە جلوبەرگ، زمان، یان ئایینیش لە یەکتر جیاواز بن، ئەوە هەستی ئێمەی هاوبەش یان ئێمە لە بەرانبەر ئەواندا بەسەر فاکتەرە بابەتییەکانی دیکەدا زاڵ دەبێت.

**مەسعوود بابایی:** بۆ نەتەوە مێژووییەکان زمان فاکتەرێکی ئێجگار گرنگە، لەبەر ئەوەی تێکڕای خەیاڵکردی نەتەوە و یادەوەریی لە مێژوودایە و لە پرۆسەی "شوناسسازیـ"دا هەمیشە بۆ زمان دەگەڕێنەوە، بەتایبەتی نەتەوە بندەستەکانی وەکوو کورد کە فاکتەرەکانی سەربەخۆییی خاکیان لەکیس داوە، زمان سەرەکیترین فاکتەری نەتەوایەتی و ڕەمزی مانەوەیە، ئەگەر زمان وەکوو تاکە فاکتەری پێناسە بخرێتە ڕوو، لەو دۆخەدا هەموو هەوڵ و تێکۆشانی نەتەوە دەخرێتە خزمەتی پاراستنی زمانەکە، زمان گەورەترین فاکتەری ناسیونالیزمی کوردییە، بەداخەوە ناسیونالیزمی زمانی، ناسیونالیزمێکی هەستیارە و زوو دەکەوێتە بەر مەترسی، تێکڕای وێناکان، سیمبۆلەکان، نیشانەکانی "بوونی نەتەوە" کە کەڵەکەکراوی ژیانی مێژوویین لە ئەدەب و هونەری نەتەوەدا وەکوو فایلی یادەوەری و یادگەی مێژوویی هەڵ دەگیرێت.

"گێڕانەوە" توخمی بنەڕەتیی پەیوەندیگرتن بە فەرهەنگ و مێژووەوە، کەرستەکانی "ئارشیڤسازی" و پۆلێنکردنی بەشە جیاجیاکانی فەرهەنگ بۆ نەتەوەی بندەست گەلێ کەمن، بۆیە زمان وەکوو سەرەکیترین فاکتەری پێوەندی، تێگەیشتن، ڕایەڵکردن، ڕاڤە، ئەرشیڤ و وەکوو سیستمێکی نیشانەناسانە لە ڕاژەی نەتەوەدایە، نەتەوە مێژووییەکانی وەکوو کورد زۆر درنگ دەرفەتی نووسینیان بۆ دەرەخسێت، هەمیشە لە مەترسیی دوژمنانیاندا، هەوڵ دەدەن بەرەنگاری "وێژمان" (دیسکۆرسـ)ی نەتەوەی سەردەست نەبنەوە، چونکە بەرەنگاربوونەوەیان، زیاتر دەیانخاتە بەر پەلاماری دوژمنان، لە لایەکی دیکەوە "دۆخی

ژیانی سروشتی“ و ئاژەڵداری و باخەوانی و کشتوکاڵ و ژیانی گوندنشینی دەبێتە مایەی پاراستنی ڕووبەری زمانی سروشتی و ئەدەبیاتی زارەکی یادەوەریی مێژوویی و فەرهەنگیی زمان دەپارێزێت، لەو دۆخەدا تەنیا نەتەوەیەک دەتوانێت بیکات، پاراستنی توانستی زمانەکەیە کە لە زمانی سروشتیدا ئەرشیڤ کراوە، بەڵام ئەم زمانە لە جیهانی هزر و زانست کە جیهانی بەریەککەوتنی هزر و زانست و باوەڕ و جیهانبینی... هتد، جێ دەمێنێت، چەمکسازی وەکوو کرۆکی ژیانی هزریی مرۆڤ، لە زماندا ناخولڵقێت، زانست بەم زمانە نانووسرێتەوە و بیرکردنەوەش وەکوو توخمێکی هەرە سەرەکیی مرۆڤایەتیی مرۆڤ لە زماندا ڕەنگ ناداتەوە.

بەڵام بە گۆڕانی بارودۆخی سیاسی و کرانەوە و هوشیاریی نەتەوەیی و دامەزرانی حیزبی سیاسی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی، زمانی نەتەوەی بندەست دەخرێتە خزمەتی دەربڕینی باوەڕی سیاسی و بەرنامە و پێڕەوی سیاسیی بزووتنەوەی سیاسی، من پێم وایە لە هەمبەر کوردەوە یەکەمین تاقیکردنەوەی زمان لە بواری چەمکییەوە لە سیاسەتدا ڕووی داوە، لە ئەدەبدا زمان سرکە و بەندبوون و گیرسانەوە لەسەر گوتەزا و گوزارەکان تایبەتمەندیی فەلسەفە و زانستە و یەکەمین بەریەککەوتنی کورد لەتەک هزردا مەیدانی تیۆریی سیاسی و فیکری سیاسی بووە، تەنانەت ئەگەر لە سەرەتاکاندا زۆر کرچوکاڵ بووبێت، بووەتە مایەی ئەوەی کە زمانی کوردی بۆ یەکەمجار بەر ئەم چەمک و زاراوانە بکەوێت و هەوڵی وەرگێڕانیان بدات.

کاتێک ”نەتەوە“ بەکردەوە لە مەیدانی سیاسەتدا دەکەوێتە پێناسەی جوگرافیا و ژینگەوە، جارێکی دیکە پێناسەکان

دادەڕێژێتەوە، جوگرافیای نەتەوە مانایەکی سیاسی پەیدا دەکات، "ژینگە" لە دۆخی سروشتیی خۆی دەترازێت و "نیشتمان" وەکوو مانایەکی سیاسی لە زماندا دادەڕێژرێتەوە، ئەم ئەزموونی مانایە، هەمان مانای چەمکییە کە هەڵگری ڕۆحی نەتەوەیە کە سەرتاسەری جوگرافیای نەتەوە، لە ویژمانێکی نویدا نۆژەن دەکاتەوە، لەو باوەڕەدام ئەمە چرکەساتی بەرەنگاربوونەوەی ئەوی دیکە (داگیرکەر)ە لە زمانێکی چەمکیدا و "ویژمان"ی نەتەوە دەکەوێتە "باشار"ی ویژمانی داگیرکەرەوە، ئەم "ویژمان"ە دەبێتە مایەی ڕەواندنەوەی ناتۆرەکانی (فارس و تورک و عەرەب) کە زمانی کوردییان بە هەند وەر نەدەگرت و لەو ڕێگەیەشەوە بڕوای کوردیان بە زمانەکەی لەق کردبوو، تەوس و گاڵتەی ئەم سێ نەتەوە سەردەستە لەمەڕ زمانی کوردی گەلێ نموونەی هەن کە لێرەدا پێویست ناکات باسی بکەین، کە وابوو "سیاسەت" وەکوو دەرخەرێکی "ویژمان" لە پرۆسەی "نەتەوەسازی لە ڕێگەی زمانەوە" گرنگ بووە، چونکە "سیاسەت" یەکەم هەنگاوی پێناسەکردنێکی جیاوازە بۆ ژینگە و جوگرافیای سروشتی و چەمکەکانی "نیشتمان" و "جوگرافیای سیاسی"ی خۆیان وروژاندنی"بیرۆکە"یەکی نوێیە کە زمان بە باشترین شێوە دەتوانێت ئەو بیرۆکەیە بپەڕژێنێت.

کەمتر نەتەوەیەک لە جیهاندا هەیە کە زمانەکەی هێندە سیاسی بێت، ئەو بارە سیاسییەی کە "زمانی کوردی" لە خۆیدا هەڵی گرتووە و کارلێکی بەهێزی زمانی کوردی لەتەک سروشت و دەوروبەر و نیشتمان ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی شۆڕشگێڕیدا، جۆرێک بەرخۆدان و خەباتی فەرهەنگی ـ سیاسیی ئافراندووە کە

زیاترە لەو وشیارییەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان وەدەستیان هێناوە، بە زیندووڕاگرتنی خاک، وڵات، کوردستان لە زمانی کوردیدا هەمیشە هەوێنی وشیاریی شۆڕشگێڕان بووە و زمان وەکوو یەکەمین سەنگەری پارێزگاری لە نەتەوە خۆی نیشان داوە.

**د. هەژار ڕەحیمی:** بەبێ هیچ شک و گومانێک، زمان بە یەکێک لە بەهێزترین و کاریگەرترین فاکتەرەکانی نەتەوەسازی دادەنێم و پێم وایە باسکردن لە پڕۆسەی درووستکردنی نەتەوە لە دەرەوەی زمان، ئەستەم و مەحاڵە، تەنانەت باسکردن لە بوونیش، بەشێوەیەکی گشتی بەبێ زمان ئەستەمە، ئەوەی ئێمە وەکو مرۆڤ، لە بوون و تێگەیشتن لە بوون و بەرجەستەکردنی ئەو بوونە هەمانە، هەمووی کەم و زۆر لە زماندا بەرجەستە دەبێت، ئەمەش پەیوەستە بە پڕۆسێسی کۆنسێپتسازی مرۆڤ، کە لە زماندا خۆی دەنوێنێت، بگەڕێینەوە سەر باسی نەتەوەسازی و ئەرکی زمان لەم نێوەدا، زمان لە پڕۆسەی نەتەوەسازیدا ڕۆڵێکی سەرەکی و جەوهەری دەگێڕێت، چونکە هەر لە چوارچێوە زەینییەکانەوە بگرە تا چوارچێوە مادییەکان و بەدیهێنانی هەستی هاوسۆزی و هاوپێوەندی، زمان ئەو ڕۆڵە دەگێڕێت.

زمان تێگەیشتنی ئێمە سەبارەت بە بوونی خۆمان زۆر پتەوتر دەکات، هەست و سۆزەکانمان دەنەخشێنێت، هەستی هاوبەشمان تێدا بەدیدێنێت، پێوەندیی نێوان نەوەکان دەڕەخسێنێت، هەموو ئەمانەش ئەو بابەتانەن کە دەتوانن ببنە هەوێنی پڕۆسەیەکی نەتەوەسازی و خۆراکی پێویست بۆ تێرکردنی هزری نەتەوەخوازی

دەستەبەر بکەن، وەکوو لە پرسیارەکەشتان ئاماژەتان پێ داوە، ئێستا بە هۆی ئەو هەلومەرجەی کە بەسەر کوردستاندا زاڵە، تەنها فاکتەرێک کە دەتوانێت چوارچێوە و بەربەستە مادییەکانی لێککردنی ئەم نەتەوەیە بشکێنێت و یەکی بخاتەوە زمانە، بۆیە گرنگیدان بە زمان و هەبوونی سیاسەتێکی تایبەتی زمانی، دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت و مەوداکانی لێکدابڕان و پەرتەوازەییمان کەم بکاتەوە، بەڵام ئەمەش پێویستی بە زانینی چۆنیەتی بەکارهێنانەوە هەیە، پێویستی بە دانانی سیاسەتێکی زمانیی پتەوە، بەداخەوە ئێمە زمانمان بۆ هەموو سیاسەتێک هەیە، بەڵام تا ئێستا سیاسەتێکی ڕوونمان بۆ خۆدی زمان نییە، کە چییە و چە شوێن و پێگەیەکی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و مەعریفی ئێمەدا هەیە.

**د. هاوژین سلێوە:** وتەیەکی باو هەیە کە دەڵێت: زمان ناسنامەی نەتەوەیە، وتەیەکی پڕاوپڕە لە جوانی، بەبێ زمان نەتەوە بوونی نابێت، کە نەتەوەش بوونی هەبێت، حەتمەن دەبێت لەسەر خاکێک بژیت، زۆر جار ئەو خاکەی کە لەسەری دەژیێ لەلایەن نەتەوەکانی ترەوە داگیر کراوە، بەڵام ئەو داگیرکردنە کاتییە تاکوو ئەو کاتەی نەتەوەی داگیرکراو زمانی هەبێت، ئەوا ناسنامەی خۆی دەپارێزێت، کە زمانەکەی لە نێو برا نەتەوەش دەتوێتەوە، زۆر جاریش وتراوە، کولتوور و جلوبەرگ و خواردن... ئەمانەش ناسنامەی نەتەوەن، بەڵام ئەوەتا دەبینین لە سایەی علیمەوە (بەجیهانیبوون) دیوارەکان تێک شکاون و کولتوورەکان تێکەڵ بووین، ئێستا گەنجێکی کۆیە و سلێمانی وەکوو گەنجێکی بەریتانی

و فەڕەنسی پۆشاک دەپۆشن، نەوەی ئێستا بە خواردنەکانی باب و باپیرانیان ڕازی نین و تاکوو "ماکاروونی و فاسفووت و هەمبەرگەر و پیتزا و لەزانیا و فەتوش" و...ئەو خۆراکانە هەبێت، بەلای کەشک و دانۆک و سەمەنیدا ناچێت، کەرەستە و کەلوپەلی دەستی و خۆماڵی نەماوە، مەگەر لە مۆزەخانەکاندا ببینرێن، هەرچەندە میللەتی کورد لە ڕووی شێوەوە دەموچاوێکی درێشکۆڵەیان هەیە و زۆربەی گەنمڕەنگن، میللەتی عەرەب زیاتر سەریان خڕە و ئەسمەر و ڕەشپێستن، کۆرەیی و چینییەکانیش لە ڕووی پێست و دەموچاوەوە دەناسرێنەوە، کە بەرچاویان لەپکدار و بەژنیان کورتە، بەڵام وا مەزەندە دەکەم لە داهاتوودا دەموچاوی نەتەوەکانیش بگۆڕدرێت بە هۆی تێکەڵاوبوون و وەچە خستنەوە لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە زمانەکەیەتی هەر زمانەکەشیەتی ناسنامەی نەتەوایەتی دەیپارێزێت، زمان تەنیا هۆکارێک نییە بۆ قسەکردن، بەڵکوو هۆکارێکە بۆ نووسین و ڕۆشنبیری، چونکە ئەگەر تەنیا هۆکارێک بێت بۆ قسەکردن، ئەوا لە بڕست دەکەوێت و پەل و پۆدار نابێت، لەمێژە دوژمنانی نەتەوەی کورد هەوڵی لەنێوبردنی زمانی کوردییان داوە، لە باکووری کوردستان تاکوو ئەو ساڵانەی دواییش تەنانەت قەدەغە بوو بە زمانی کوردی بدوێن، لە ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای کوردستانیش ڕۆشنبیرییەکەیان زمانی بێگانەیە و زمانی فارسی و عەرەبییە، بۆیە دەبینین دەیان نووسەری بەتوانا لە نێو کورد هەڵکەوتوون، بەڵام بە زمانی زگماکیی خۆیان نەیاننووسیوە، ئەو نووسەرانەی کوردن و بە زمانی عەرەبی نووسیویانە بۆ نموونە: قاسم ئەمین، عەقاد، ئەحمەد شەوقی، زەهاوی، ڕەسافی، حوسێن

مەردان، سەلیم بەرەکات و هتد... دەروێشیان بە زمانی فارسی نووسیویەتی، یەشار کەمال و دەیانی دیکە بە زمانی تورکی نووسیویانە، ئەم نووسەرە گەورانە دوو جار چەوسێندراونەتەوە، بەبێ ئەوەی خۆشیان زۆر هەستی پێ بکەن، چەوسانەوەی یەکەم ئەوەیە کە زمانەکەی خۆیان لێ وەرگیراوەتەوە، چەوسانەوەی دووهەم ئەوەیە کە بیر و بەهرە و شەونخوونیان وەکوو جۆگەلە ئاوێک دەڕژێتە دەریای زمانی بێگانە و ناتوانن خزمەت بە نەتەوەی خۆیان بکەن، چونکە دەبنە موڵکی ئەو زمانەی بەرهەمەکانی خۆیانیان پێ نووسیوە.

**جەماڵ نەجاڕی:** ئەو قسەیە زۆر باوە کە دەڵێن: زمان، شوناسی نەتەوەیە. واتە هەر نەتەوەیەک بە زمانەکەیەوە دەناسرێتەوە و شوناس وەردەگرێ. گەلی کورد لە هەر چوار بەشی نیشتمان نەتەوەیەکی بندەستە، زمانەکەی زمانی دەسەڵات نەبووە، بەردەوام لە لایەن هەر سێ زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی لە رۆژهەلات و باکوور و باشوور و رۆژوا چەسێندراوەتەوە و هەوڵی ئەوە دراوە لە نێو بچێت، حکوومەتە داگیرکەرەکان هەرکام بە شێوازی خۆیان هەوڵی سڕینەوە و لەنێوچوونی زمانی کوردییان داوە، بەڵام ڕووی زەق و ئاشکرای ئەو داگیرکارییە ئەوکاتە دەردەکەوێت کە زمانی خوێندن و ڕاهێنان لە قۆناغی سەرەتایی و قۆناغەکانی سەرتریش هەمووی بە زمانی زاڵ، واتە زمانی دەسەڵاتە. لەم ڕێگەیەوە نەیانهێشتووە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان بخوێندرێت، منداڵی کورد بە فارسی و تورکی و عەرەبی فێری نووسین و خوێندنەوە بە زمانێکی‌تر دەبێ، ئەمە

غەدرێکی گەورەیە و بە هیچ جوبران نابێتەوە، ئاسەوارەکانی ئەم داگیرکارییە کولتووری و زمانییە لە کۆمەڵگە خۆی نیشان دەدا، کاتێک تاکی کورد ناچارە بۆ هەموو کارێک پەنا بباتە بەر زمانی دەسەڵات، ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئاخاوتن و بیر و هزریش دەکات، لە باشووری کوردستان ڕاستە دوای ڕاپەڕین خوێندن بە زمانی کوردییە، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کار نەکراوە هەتاکوو لە نێوان دوو شێوەزاری کورمانجیی سەروو و کورمانجیی ناوەڕاست زمانێکی ستاندارد بۆ خوێندن و ڕاهێنان و بۆ میدیاش بەکار بهێندرێت، ئاڵۆزییەکی زۆری زمانی لەم بەشەی نیشتمان دەبیندرێت، میدیاکانی باشوور دەوری سەرەکییان هەیە لەو ئاڵۆزییەدا.

لە ڕۆژهەڵات بە هەوڵی چالاکانی مەدەنی و دڵسۆزانی زمان و ئەدەبی کوردی بەخۆشییەوە لە زۆربەی شارەکان، سەرەڕای زەخت و گوشاری ناوەندە ئەمنییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ناوەندی تایبەت بە فێربوونی زمانی کوردی کراوەتەوە، کاری زۆر باش کراوە و نووسەران و ئەدیبان و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان بۆ زیندوومانەوەی زمانی کوردی کاری باشیان کردووە، لە باکوور و ڕۆژاوای کوردستانیش زمانی کوردی لە گەشەسەندندا بووە و جێی دڵخۆشییە، بۆیە بایەخدان بە زمانی دایکی یان زمانی زگماکی، بایەخدان بە پرسی نەتەوە و ئەرکی هەموو تاکێکە بۆ گەیشتن بە نیشتمانێکی ئازاد، زمانەکەی بپارێزێت و پەرەی پێ بدات.

**خەبات ڕەسووڵی**: بە ڕواڵەت زمان تەنیا شتێکە کە بە دەستمانەوە ماوە، ئێستاش وەهمی ئەوەی کە زمان دەتوانێت ڕۆڵی هێزی

بەرگری و هێزی دەسەڵات و هێزی پەروەردە و ڕاگەیاندن و ...هتد بگێڕێت، زۆر کەسی تووشی سەرلێشیوان کردووە، ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەوە زیاتر خۆفریودانە تاکوو ڕاستی ژیان، پاراستنی زمان و دەوڵەمەندکردنی زمان زۆر گرینگە و کەس حاشا لەوە ناکات، بەڵام بەداخەوە کاتێک تۆ دەسەڵاتی بەڕێوەبردنت نەبێت و لە بوارەکانی دیکەدا بێتوانا بووی، زمان ناتوانێت قەرەبووی ئەم بێتواناییانە بکاتەوە، ئەوپەڕەکەی دەبینە دیلێک کە زمانەکەی خۆی دەزانێت، ئەوەی دەڵێن زانینی ئەم زمانە وەکوو ئەوە وایە زیندانییەکە کلیکەکەی بەدەست خۆیەوە بێت بۆ ئێستا وەڵامدەر نییە، بۆ گەلێکی داگیرکراو ڕزگاری لە سەرەوەی ئەم قسانەیە، خۆزگە هەمووومان کوردیمان لەبیر بێچێتەوە، بەڵام بتوانین دەسەڵاتێکی بەهێز دامەزرێنین و هەڕەشەی لەنێوچوون لەسەر گەلەکەمان لابەین، چون کە دەسەڵاتت بوو دەتوانیت زمانێکیش بۆ ئەو دەسەڵاتە بدۆزییەوە.

دەوری ئەمڕۆی میدیای کوردی لە گەشە و لاوازکردن و شێواندنی زمان چۆن دەبینن؟ هۆکاری ئەو شپرزییەی زمان لە میدیای کوردی بۆ چی دەگەڕێننەوە؟ چی بکرێت هەتاکوو پێش بەم ڕووشاندن و لە گرێژنە دەرچوونەوەی زمان لە میدیا بگیرێت؟

**د. ڕەحیم سورخی:** میدیا لە فەزای گشتیی کوردیدا بەشێکە لە واقعی پارچەکراوی کورد خۆی، کە واتە ئەم پرسیارە زۆر گشتییە، میدیای کام پارچەی کوردستان؟ لە نێو ئەو پارچەیەدا میدیای حکومی کە بە زمانی کوردی یان دووزمانە دەردەچن یان

میدیای ئەهلی و تایبەتی؟ لە نێو پارچەکانی کوردستاندا میدیای کام پارچە؟ کامە حیزب و ڕێکخراوی سیاسی؟

بەگشتی، سەبارەت بەم پرسیارە دەبێت زمانی میدیا لەگەڵ چەند بابەتی دیکە و لە دەوروبــەرە کۆمەڵایەتییەکەیەوە لە چوارچێوەی سیاسەت و پلانی زمانیدا لێی بڕوانین، زمانی میدیا لە پێوەندیی لەگەڵ دەسەڵاتدا دەکرێت تاوتوێ بکرێت. دەسەڵات و میدیا تەنیا لە باشووری کوردستان دەکرێت بخرێتە بەر شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە، چونکە دەسەڵات بەو مانایە کە بتوانێت بە یاسا زمان، میدیا و سیاسەتی کولتووری ڕێک بخات تەنیا لە ئەوێ هەیە.

میدیا دامەزراوەیەکی سەر بە گرووپە دەستڕۆیشتووەکانی کۆمەڵە، ئەوەی لە میدیادا دەنوێندرێت لە ڕاستیدا ئەجیندا و سیاسەتی نواندنی گرووپەکە دەنوێنێت، ئەو زمانەی بەکاری دەهێنێت ناسنامەی دەزگاکە و گرووپی بەکارهێنی میدیاکەش دەخاتە ڕوو، ئەو بەهایانەی ڕووداوێــک لە نێوان چەندین ڕووداوی دیکەدا بۆ ئەو میدیایە دەخرێنە بەرایی نواندنی میدیاکەوە، ئایدیۆلۆژیای گرووپە پشتگیر و بەڕێوەبەرەکەی میدیاکەش دەخاتە ڕوو، بەگشتی گوتاری میدیاکە لە چۆنیەتیی ڕێکخستنی دەقەکانی، کردە گوتارییەکانی دابەشکردن و گەیاندنی و بەکارهێنانی کۆمەڵایەتییانەی بەکارهێنەکانی پێکی دێنێت.

میدیای کوردی، زۆربەی میدیایەکی بەستراوەی حیزبییە، حیزبیش خۆی لە ســەرووی دامـــەزراوە شەرعییەکانی حکومەتەوە دەبینێت، بە گشتی ئەندامانی حیزبی دیسان لە دامەزراوە پەروەردەیی، میدیایی و ڕۆشنبیرییەکاندا هەمان

ئەجیندای حیزبی جێبەجێ دەکەن یان پێگەی حیزبییان بۆ بەرژەوەندی و سەلیقەی تاکەکەسیی خۆیان بەکاری دێنن، بۆیە بۆ نموونە هەرکامە خۆی سیاسەتێکی زمانیی تایبەت بە خۆی هەیە، زۆربەیان ڕەچاوی ڕێنووسی ئەکادیمیای کوردی ناکەن، لە زۆربەی ئەو میدیایانەدا زمانناسیان نییە کە سەرپەرەشتی دەرچوونی دەقی نووسینی هەواڵ بکات، زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی جیلی نوێ پێوەندییان لەگەڵ زمانی نووسینی کوردی لە ڕابردوودا نییە، تەنانەت بۆ نموونە نووسینەکانی مەسعوود محەممەد، هێمن، شکور مستەفا، هەژار موکریانی، عەزیز گەردی، فەرهاد شاکەلی، محەمەدی مەلاکەریم و زۆر نووسەری شارەزای باشی زمانی کوردی ناخوێننەوە تاکوو داڕشتنی کوردی بەباشی فێر ببن، بۆیە داڕشتن و نووسینی کوردییان زۆر لاوازە و ئەمەش لەبەر نەبوونی ئیدیتۆری (کەسێک کە پێداچوونەوە بە بابەت یان دەقێکی نووسراوەدا دەکات) زمانناسی کورد لە میدیاکەیان لە دوا قۆناغی دەرچوونی بەرهەمە میدیاییەکاندا بە کرچوکاڵی دەردەچێت، لەبەر ئەوەی حیزب خۆی لە سەرەوەی یاسایە، میدیای وابەستە بە حیزب لە هێزێکی سەروو یاساییەوە لەگەڵ خوێنەر، بینەر و بیسەری خۆی هەڵسوکەوت دەکات، نێوەڕۆک، زمان و پەیامی میدیاکە کەم وایە لەسەر پێویستی یان بە هێند وەرگرتنی وەرگر دابڕێژرێت، بۆیە فیدبەکی وەرگر لەسەر هەڵە زمانییەکان و ناوەڕۆکی میدیاکە کار ناکاتە سەر بەڕێوەبەرەکانی میدیا بۆ چاککردنیان یان ڕەچاوکردنی وەرگران، بەگشتی.

**مەسعوود بابایی**: زمان لە قۆناغی ڕاگەیاندن و میدیا لە جیهانی ئەمڕۆدا دەورێکی سەرەکی دەگێڕێت، لە بارودۆخی کۆمەڵگای ئێستای کوردستاندا، نەبوونی "سیاسەتێکی فەرهەنگی" و "سیاسەتێکی زمانی" زمانی کوردیی گیرۆدەی کۆمەڵە ڕاگەیاندکارێکی کوردینەزان کردووە، کە هەتا فێری زمانەکە دەبن، سەدان وشە و دەستەواژە و ڕستە و زاراوەی هەڵە و بێواتا دەرخواردی کۆمەڵگا دەدەن، ئینجا ئەگەر هێندێکیان پاش ماوەیەکی دووردرێژی ئەزموون فێری زمانی کوردی ببن، هەر ئەو کەسانە دەبێت جارێکی دیکە خەریکی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیان بن! لە چوارچێوەی "سیاسەتی فەرهەنگی"دا، ئێمە "سیاسەتی زمانی" پێناسە دەکەین، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکدا سیاسەتی فەرهەنگی نەبێت، سیاسەتی زمانیش لە گۆڕێدا نابێت، خودی "سیاسەتی فەرهەنگی"ش دەبێت بە داڕشتەیەکی زمانی چەمکییانە دابڕێژرێت، واتە زمان لە سیاسەتی فەرهەنگیدا دەورێکی هەرە سەرەکی دەگێڕێت، لە بارودۆخی ئێستای باشووری کوردستاندا زمانی کوردی وەکوو فەرامۆشکراوێکی سەدە دوورەکان وە بەرچاو دەکەوێت کە کەم کەس هەن فێری ببن و لە ڕێگای زمانی بێگانانەوە وشەی دەرخوارد دەدەرێت، گوایە بەمە خزمەتی پێ دەکرێت، "سیاسەت" کە جاران خۆی وەکوو پارێزەری زمان نیشان دەدا، ئێستە وەکوو دوژمنی زمان دەردەکەوێت.

دامەزراوەی زانکۆ و پەروەردە و فێرکردن، زمانی کوردییان پەراوێز خستووە، کۆمەڵێک خامەبەدەست وەکوو پاسەوانی زمان، تێدەکۆشن لە ڕێگەی دەقەکانیانەوە "دروستنووسین" بۆ

سەردەمانی داهاتوو بگوازنەوە، بەڵام بارودۆخێک کە ئێستا لە باشوور لە ئارادایە، پرۆسەی "مەرگی بەرەبەرەی زمان"ـە کە جارێک بە نەخۆشکەوتنی زمانە دەستی پێ کردووە، زمانی کوردی لە پرۆسەی خوێندندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نادرێت و لە ڕێگەی "زمانی ئینگلیزی"یەوە وەکوو بڵێی هەوڵی پووکانەوەی دەدرێت، وەکوو بڵێی دوژمنانێک لە ژوورە تاریکەکاندا بڕیاری لەنێوبردنی زمانی کوردییان لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزییەوە دابێت و هێندێک سەنتەر و دامودەزگاش خەریکن پیلانەکە جێبەجێ دەکەن! بەندە بەگشتی لە دۆخی زمانی کوردی لە باشوور بە تەواوەتی بێهیوام و سیاسەت لەم وڵاتەدا بەرپرسی ڕاستەقینەی شێواندنی زمانی کوردییە، دۆخی ڕۆژنامەگەری، وەرگێڕان، نووسین، ڕادیۆ و تەلەفیزیۆن بێجگە لە باری نێوەڕۆکەوە لە باری زمانییەوە جێی نیگەرانییە.

**د. هەژار ڕەحیمی:** بە بڕوای من کێشەکە تەنیا لە میدیادا بەرجەستە نییە و زۆر دادپەروەرانە نییە هەموو ئەو پاشاگەردانییە بخەینە پاڵ میدیا، ڕاستە میدیا بە هۆی ئەوەی لە کەمترین کاتدا دەچێتە زۆرترین ماڵ و کاریگەری خێرا دادەنێت، زۆرترین پرسیار و بەرپرسیارەتی لەسەرە، بەڵام کێشەکە زۆر لەوە گەورەترە، بەشێکی پەیوەستە بە مێنتاڵێتی تاکی کورد لە تێگەیشتن سەبارەت بە خۆی و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی، نەبوونی دەوڵەت یان یەکەیەکی یاسایی و سیاسی سەربەخۆ، مێنتاڵێتی تاکی کوردی لە ئاستێکی یەکجار بەرفراواندا لەرزۆک و لێڵ کردووە سەبارەت بە تێگەیشتنی بۆ ماهیەتی خۆی، ئەمە وای کردووە کە بە چاوێکی

سووکەوە سەیری کۆی ماهیەتی خۆی و یەکێک لەو ڕەگەزانە، کە زمانە، بکات.

لە لایەکی تریشەوە، بەشێکی ئەم پاشاگەردانییە پەیوەستە بە رۆحی سەردەم و ئارەزووی تاکەکان بۆ دەرخستنی و نیشاندانی خۆیان وەکوو ڕیوایەتە بچووکەکان، کاتێک کە مێنتالێتی شێواو لە ئارادا بوو و ڕۆحی سەردەمیش مەودای بەربەستەکان بۆ پێناسەکردنی تاکەکان کەمتر بکاتەوە، بۆیە پاشاگەردانی دێتە کایەوە، ئێستا بەس سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکە، دەزانی کە سەرەڕای ڕاگەیاندنە باوەکان کە هەن چەندە لە ئاستی سۆشیال میدیادا، هەتکی زمان دەکرێت و چەندە بێخەمی لە بەکارهێنانی زمان هەیە کە ئەمەش دواجار کاریگەرییەکانی خۆی دەگوازێتەوە بۆ بوارەکانی تر و ئاستەکانی تر، بەشێکی تری ئەم کێشەیە پەیوەستە بەوەوە کە ئێمەی کورد سروشتی مەسەلەکەی خۆمانمان وەکوو کێشەی کورد لەدەست دەرچووە و شێواندووە، ئێستا لە ئاستێکی یەکجار زۆردا سروشتی کێشەی کورد لە سیاسی ـ کولتوورییەوە گۆڕاوە بۆ کولتوری ـ ئابووری و ئەمەش وای کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نەتەوە، لۆژیکێکی بازرگانی و ئابووریيان بەسەردا زاڵ بکەین کە بە داخەوە لەم بارەوە زمان زیانی زۆری بەر کەوتووە، یەکێک لە گرنگترین کارەکان کە دەبێت ئێستا بکرێت ئەوەیە کە هەوڵ بدرێت باوەڕ و ئیعتبار بۆ زمانی کوردی بگێڕدرێتەوە و ڕێکاری پێویست بگیرێنە بەر تاکوو مامەڵەیەکی بازرگانییانە بە زمانی کوردی نەکرێت، بەڵکوو بە بەشێک لە سیاسەت و ئاسایشی نەتەوەیی و شکۆمەندی نەتەوەیی بێتە ئەژمار، ئەمە دەتوانێت

تا ڕادەیەک ئەو مێنتاڵیتییە لەرۆزک و لێڵە چارەسەر بکات و دواجاریش کاریگەریی لەسەر بەکارهێنانی بەرپرسیارانە و دروستیی زمان دابنێت.

**د. هاوژین سلێوە:** کەناڵە کوردییەکان زۆری و بۆرییان تێ کەوتووە، بە کەمی کەسی پسپۆڕ و شارەزا و زمانەوان لە کەناڵەکانن، بۆیە تێکدان و شێواندنیشی تێدایە، بۆ باشکردن و بەرەوپێشبردنی کەناڵەکان پێویستە کەسی پسپۆڕ و زمانەوان لەو کەناڵانە دابندرێن و چاودێرێکی سەرسەخت بن لە داڕشتەنەوەی هەواڵ و بەرنامەکان و بە دروستی نووسینی ژێر نووسەکانی تەلەفزیۆن، سالانەش خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە و ئاگاداری هەموو ئەو گەشە و گۆڕانانە بن، ئاگاداری ئەو ڕێنماییانە بن کە ئەکادیمیای زمانی کوردی دەریان دەکات.

**جەمال نەجارێ:** هەروەک لە پرسیاری پێشوودا باسم کرد، لە باشوور هەست بە ئالۆزییەک دەکرێت لە زمانی کوردیدا و ئەمە بە زەقی لە میدیاکانی باشووردا دەبیندرێت و ڕۆژانە لە لایەن نووسەران و ئەدیبان و خەمخۆرانی زمانی کوردییەوە ڕووبەرووی ڕەخنە دەبێتەوە، بوونی میدیا دورێکی یەکجار گرنگی لە گەشەکردنی زماندا هەیە، میدیا ئەلکترۆنی و مەجازیشی لێ زیاد بکەین، ئەگەر بێت و میدیای کوردی ڕەچاوی ئەوە بکا کە یەک شێوەزار و یەک ڕێنووس وەکوو زمانی پێوەر، یان هاوبەش بەکار بهێندرێت، بێشک کاریگەریی زۆر باش و ئەرێنی دەبێت، بەڵام بەم شپرزەییەی زمان لە میدیای باشوور دەبینین

که کاردانەوەکان خراپ و نەرێنین، بۆ نەمانی ئەم شپرزەیی و ئاڵۆزییە دەبێت حکوومەت بە سوودوەرگرتن لە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ ناوەندێکی ئاکادیمی تایبەت بە زمان بکاتەوە و لەوێوە بڕیار بۆ ناوەندەکانی خوێندن و دامودەزگا میدیاییەکان بدرێت و پێویستە هەموو میدیایەک ڕەچاوی بڕیارەکانی ئەو ناوەندە بکات و لێی لا نەدا، هەتا ئێستا لە باشووری کوردستان وەها ناوەندێک نییە و حکوومەتی هەرێمی کوردستان خەمی لە زمانی کوردی نەخواردووە و بە ئیشی خۆی نەزانیوە کە کاری بۆ بکات، لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات دەوری ناوەندەکانی فێرکردنی زمانی کوردی و ئەنجومەنە ئەدەبییەکان زۆر گرنگ و بەرچاوە، دەتوانم بڵێم لە ڕۆژهەڵات ئاڵۆزیی زمان بەو شێوەیەی کە لە باشوور هەیە هەستی پێ ناکرێت، ڕەنگە ئەگەر لەوێش میدیا دەوری هەبوایە، زمانی کوردی تووشی ئەو ئاڵۆزی و شپرزەییە بێت، بۆیە بوونی ناوەندێکی تایبەت بە زمان بۆ پەروەردە و میدیا لە هەرکام لە بەشەکان زەروورییە و دەبێت بوونی هەبێت بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت کە کام شێوەزار و کام ڕێنووس وەکوو زمانی پێوەر، یان هاوبەش بەکار بهێندرێت، ئەمە پێویستی بە کەسانی ئاکادیمی و شارەزا لە زمانە کە بەختەوەرانە لە هەموو بەشەکانی کوردستان کەسی وامان هەیە.

**خەبات ڕەسووڵی:** میدیای کوردی لە سەرەتای گەشەی خۆیدایە، ئێمە بە درێژایی مێژووی ڕاگەیاندن لە دنیادا شتێکی ئەوتۆمان نەبووە و ئێستاش ئەوەی کە هەیە هی حیزبەکانە کە ئەوانیش ئەوەندەی گرینگی بە حیزبایەتی دەدەن هێندە گرینگی بە لایەنەکانی

دیکەی کاری میدیایی نادەن ئاساییە لێرەدا تاوانی میدیاکان نییە، چونکە کاتێک تۆ بەڕێوەبەر و سەرنووسەری میدیایەک بەپێی پلەی حیزبی دادەمەزرێنی نابێت چاوەڕوانی ئەوەت لێی هەبێت کە ئەو کەسە پەرجۆت بۆ بکات و  لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، بە شێوەی گشتی کاتێک کارێک دەسپێرن بە کارنەزان هەر ئەوەی لێ دەردەچێت و با حیزبەکان لە جیاتی دەیان گۆڤار و سەدان کاناڵ و ڕادیۆ و ڕۆژنامە، چەند میدیایەکی بەهێز دامەزرێنن و کسانی پسپۆڕ دامەزرێنن ئەوکات گرفتەکان وردە وردە دەڕوێنەوە و زمانیش ڕەوتی ئاسایی خۆی دەگرێتەوە و پێش بەم هەموو هەڵە و نەزانیەش دەگیرێت.

هەر لەم پێوەندییەدا شەهلا دەباغی ژنە نووسەری کورد لە بارەی پرسی زمانی کوردی بەم چەشنە ڕوانگەی خۆی خستە ڕوو: "زمانی کوردی، زمانی نەتەوەیەکی بێدەوڵەتە، لە ژێر کاریگەریی کولتوور و دەسەڵاتی سیاسیی نەتەوەکانی باڵادەست بووە و ئەمەش بووەتە هۆی جۆرە "داپچڕانێکی دەستکرد" لە نێو ئەندامانی نەتەوەی کورد و لە نێوان زاراوەکاندا، نەبوونی زمانی ستاندارد لە نێو کورددا بە گشتی و لە باشووری کوردستان بەتایبەت، ڕەنگە یەک لە گرفتە سیاسییەکانی ئێستای کورد و گرفتی سەرجەم کۆمەڵگەی کوردی بە نووسەران، ئیدارەکان، زانکۆوەکان، قوتابییان و هتد بێت، لە چەند مانگی ڕابردوودا، کەسانێک لەسەر ئەو باسە گرینگە دواون، وتاریان نووسیوە و لە تیڤییە کوردییەکاندا بیروڕای خۆیان دەربڕیوە، بەداخەوە هێندێک لەو ڕا و بۆچوونانە ڕۆحی نەتەوەییی کورد ژاراوی دەکەن و بێ بەرپرسانە ئاسۆی نادیاری کورد لەوە کە هەیە تەماویتر

دەکەن، هێندێک لەو بۆچوونانە، مێژووی "شەڕی براکوژیـ"مان بیر دێننەوە، مەگەر حەیران و لاوک هەر دوو کوردی نین؟ مەگەر شێعری خانی، مەولەوی و هێمن وەکوو یەک بەشێک نین لە خەزێنەی ئەدەبی کوردی؟

هەڵبژاردنی زمانی ستاندارد، بڕیارێکی سیاسییە و دەسەڵاتی سیاسی دەبێت خۆی لەگەڵ ئەو گرینگە یەکلا بکاتەوە، دیارە ئەو بڕیارە ئەگەر بە ئاگاییەوە نەبێت و لە زانایانی دڵسۆز کەڵک وەرنەگیرێت، دەتوانێت گرفتی زۆر بێنێتە پێش، کاتێک دەڵێم زانایانی دڵسۆز مەبەستم بوونی ئەو تایبەتمەندی گرینگەیە کە ئەو کەسانە یەکگرتنی نەتەوەییان پێ لە سەروی هەموو شتێک بێت و ناوچەگەری، شەڕە شار و شەڕە زاراوە، یان پێوەندیی سیاسی بە کامە حیزب و دەسەڵاتی سیاسی، ئایینی، کولتووری و عەشیرەیی، نەبێتە پێوانە بۆ بڕیاردانیان، ئێستا باسەکان زیاتر لەسەر دوو زاراوەی سەرەکییە، هێندێک کەس لە ڕووی مەیلی سیاسی، یان بەستراوەیی کولتووری و ناوچەیی پێیان وایە کە دەبێت ئەم یان ئەو زاراوە وەکوو زمانی ستاندارد هەڵبژێردرێت و لایەنەکەی تر لە قەڵەم دەخەن و وای بۆ دەچن کە ئەوە ڕاوەستان لە بەرانبەر هێرشی فارس، تورک و عەرەبدا.

**شەهلا دەباغی:** زمانی ستاندارد چییە؟ لە ڕۆژاوا بە چە پرۆسەیەکدا تێ پەڕیوە؟ زمانی ستاندارد زمانێکی هاوبەشی سەرانسەری، واتە لێکچوو و هێمۆژێنە کە زاراوەکان خۆیانی لەگەڵ تەنزیم دەکەن، بەکارهێنانی زاراوەیەک، بە مانای لەنێوبردنی زاراوەکانی تر نییە و بگرە زاراوەکان بەدەوام دەوڵەمەندی دەکەن، چەند

بۆچوون لەسەر زمانی ستاندارد هەیە: هێندێک دەڵێن کە زۆر جار زاراوەیــەک وەکوو لادان لە زمانی سەرەکییە، کەچی لە ڕاستیدا زمانی سەرەکی خۆی لادانە واتە بەو مانایە کە پێشتر زاراوەکان بوون و دواتر زمانی سەرەکی جێ کەوتووە، هێندێکیش زاراوەکان وەک بناغە و ئەسڵ دەبینن و دەڵێن کە زمانی ستاندارد تەنیا واریانتێکی (بژارە) تازەیە، زمانی ستاندارد زۆر جار لە قالبێکی نەگۆڕدا و کۆنسێرواتیڤدا ماوەتەوە لە حاڵێکدا زاراوەکان بەرەو پێش چوون، هەرچۆنێک بێت کاتێک باسی زمانی ستاندارد دەکرێت، دەبێت لە نێوان ئەو زمانە بە نووسین و بە ئاخاوتن هێندێک جیاوازی دابندرێت، ڕاستە کە هــەردوو کاریگەرییان لەسەر یەک تر هەیە و پێکەوە گرێ دراون، بەس لە زۆر شوێندا هــەوەڵ نووسینەکە ستاندارد کراوە، لە زۆر وڵاتدا بۆ وێنە لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا جگە لە زمانی خۆیان، بە "لاتین" و "فەڕانسیـ"ش نامە ئیداری و یاساییەکانیان دەنووسی، دواتر چەندان زاراوە، وەکوو سیستێمێکی تێکەڵاو، بەکار هاتووە و فاکتەرەکانی سیاسی، کولتووری و ئابووری لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە، چەمک و زاراوەکان ڕۆڵی گرینگیان گێڕاوە، پڕۆسەی بەستانداردکردنی زمان، تا ڕادەیەک ئاگایانە، بەتایبەت لە ڕێگای کەنیسەکان و پەرتووکنووسینەوە لەوێ دەستی پێ کرد، تاکوو پێشتر لە دەربارەکاندا چەند زمانی جیاواز بەکار دەهـات، بەس لەمەودوا وردە وردە زمانێکی یەکگرتوو لـەدایک دەبــوو، بوونی پاشایەک، سیستمیماڵیاتی و پارە، سیستمی یاسایی ئیدارەکردنی وڵات، بەرهەمهێنانی چاپی کە یەک ستانداردی تێکنیکی دەخواست و هەروەها نووسینەوە و خوێندنی

ئینجیل بە یەک شێوە لە هەموو شوێنەکان، هۆکاری سەرەکییبوون لە پێکهێنانی زمانێکی هێمۆژێن کە ئەوەش لە ڕێگای دەردانی قامووس سەقامگیر دەکرا.

ئێستا لە سەردەمی ئینتێرنێتدا، زانیاریی زمانە جوراوجۆرەکان، لە نێو وڵاتان و دوڵەتەکاندا بەردەوام ئاڵوگۆڕ دەکرێت، بۆ وێنە ستانداردکردنی سیستمەکانی کامپیوتێری و ئینتێرنێتی، یان زانستە پزشکی، تێکنیکی و ئێکۆنۆمییەکان، زمانی خوێندن و نووسینی نابینایان و ئەو کەسانەی کە نابیسن و هتد، هەمووی ئەمانەش بۆ ئاسانکردنی پێوەندیی نێوان نەتەوەکان و مرۆڤەکان و ڕاپەڕاندنی کارەکانە، هەروەها زمانی ئینگلیزی کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زمانەکانی تر داناوە و هاوتەریب لەگەڵ زمانەکانی تر، ڕۆژانە بەکار دێت، هەڵبەتە زۆر کەسیش ئەو دیاردەیە وەکوو مەترسییەک بۆ سەر زمانی دایکیی خۆیان دەبینن.

دیارە لە ڕەوتی مێژوودا زمانی کوردیش بە هەموو زاراوەکانییەوە زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە و ئێستا نەتەوەی کورد، یان باشترە بڵێم دەسەڵاتی کوردی دەبێت لە سەر بڕیارێک ساغ ببێتەوە، بە ڕای من ئەو یەکلاکردنەوەیە بەو مانایە نییە کە هیچ لایەنێک هەڵاوێردرێ، بۆ جێخستنی زمانێکی ستاندارد دەبێت لە هەموو زاراوەکان کەڵک وەرگرین، هێندێک خاڵی تەکنیکی هەن کە ڕەنگە ناتەبایی لەسەر ساز بێت، بۆ وێنە ئەو زمانە ستانداردە بە کام ڕێنووس بنووسرێت، من پێم وایە کە ڕێنووس دەبێت لەگەڵ بارودۆخی سەردەم خۆی ئینتێگرە بکات و ئینتێگرەکردنیش بە مانای لەنێوبردنی ڕێنووسی ئارامی (عەرەبی) نییە، ئایا ئەلفبێی لاتین کە تایبەتمەندییەکانی کوردی تێدا لە بەرچاو بگیردرێت،

ئاسانکاریی زیاتر بۆ لقوپۆوەکانی زانستی و تەکنیکی ناکات؟ ئایا پێوەندیی خەڵکانی ڕۆژاوا لە ڕێگای ئەلفبێی لاتین کە لە زۆربەی زۆری جیهان بەکار دێت لەگەڵ کورد ئاسانتر نابێت؟ مرۆڤێکی ئورووپایی بە کام فۆرم زووتر دەتوانێت فێری وشەی ئاو / Aw بێت؟

یان نا، ئایا ناکرێت هەردوو ڕێنووسی ئارامی و لاتین بەکار بهێنین؟ ئایا ئەگەر تەنیا ئارامی بەکار بهێنین بەشیکی گەورەی کوردمان (بگرە زۆربەی کوردمان لە باکووری کوردستان) دەر نەهاویشتووە؟

هیچ زاراوەیەک بە تەنیا ناتوانێت ئەرکی زمانی ستاندارد لە ئەستۆ بگرێت، هەر بۆیە کورد چارەیەکی نییە جگە لە کەڵکوەرگرتن لە هەموو زاراوەکان و بەم کارە، خەزێنەی وشەکان زۆر فراوانتر و دەوڵەمەندتر دەبێت و دەکرێت وشەکانی عەرەبی و تورکی جێگای خۆیان بدەنە وشەکانی کوردی کە ناو زاراوەکاندا هەن، (زۆر وشەی فارسی و کوردی لە بنەڕەتدا لە یەک سەرچاوەوە هاتوون، بۆیە تەنیا وتم عەرەبی و تورکی) دانی ئیمکانات بە هەموو ناوچەکان، تەنانەت لە دەرەوەی باشووری کوردستان، بۆ پەرەسەندنی زاراوەکان، یەک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی کوردییە و دەبێت ڕێگا خۆش بکرێت تاکوو هەموو ئەندامانی نەتەوە و زاراوەکانی کوردی بتوانن لەسەر ژیانی خۆیان کاریگەرییان هەبێت و لە ئیمکاناتی سەرانسەری کەڵک وەربگرن و لەو ڕێگاوە وشە و دەربڕینی جیاواز بێنە ناو زمانی سەرانسەری، ئەمە یەک لە بناغەکانی دیموکراسییە کە تاک بتوانێت لە ئیمکاناتی وڵات کەڵک وەربگرێت تاکوو بیروڕای خۆی لە ڕێگای زمانەوە دەرببڕێت.

**له درێژەدا شەهلا دەباغی وتیشی:** ئەوەی کە زۆر زۆر گرینگە ئەوەیە کە ئێمە یەک نەتەوەین و نابێت باس لەسەر زمانی ستاندارد ببێتە هۆی لێک دوورخستنمان، نابێت کەس لە ژێر ناوی شاعێر و ڕۆشنبیر، بێڕێزی بە ڕابـردوو و زەحمەتی کەسانی پێش خۆی بکات، یان بە هۆی گرێدراوی بە ناوچەیەک خەت بەسەر نیوەکەی تری کۆمەڵگای کوردیدا بێنێت دەسەڵاتی کوردی بە هیچ شێوەیەک نابێت لەو هەڵبژاردن و بڕیارەدا بکەوێتە ژێر کاریگەری و دەمارگرژیی ناوچەیی، عەشیرەتی و ئایینی، ئەو بڕیارە دەبێت بە پێشکەوتنی کورد لە بواری سیاسی و کولتووری لە سەردەمی ئینتێرنێت و گۆلوبالیزاسیۆن یارمەتیی بدات.

ئەرکی ئێستای دەسەڵاتی کوردی پێکهێنانی لێژنەیەکی تایبەت لە زانایانی بـواری زمـان، زانستەکانی پزشکی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و کولتوور و سیاسەتە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە و هەوڵدان بۆ دەرکردنی قامووسی کـوردی کە هاوکات وشەکان بە چەند زاراوە و بە هەر دوو ڕێنووس بنووسرێنەوە و ئەو کارەش دەبێت بـەردەوام بکرێت و وشە تازەکان بێنە نێو قامووس، دیارە سەدان کاری تەکنیکی و کردەیی بۆ جێخستنی زمانی ستاندارد هەیە کە دەبێت بکرێن بۆ ئـەوەی کە ئاسانتر و زووتـر ئەم کاروانە بە مەنزڵ بگات، گرینگترین خاڵ ئیرادە و هەستی نەتەوایەتییە کە بە دڵفراوانی بەرەو پێشوازی ئەو ئەرکە بچین، ئێمە یەک نەتەوەین و زاراوە کوردییەکان هەموویان سەر بە زمانی کوردین، زمانێک دەوڵەمەند دەبێت کە لە وشە و بەهرەکانی هەموو زاروەکان کەڵک وەربگرێت، خۆی لەگەڵ سەردەم ڕێک بخات و لە زمانەکانی ئینگلیزی و لاتین کەڵک وەربگرێت تاکوو کەموکورتییەکانی زمانی پێ پڕ بکاتەوە.

من هەمان هەستم بەرانبەر بە لاوکێک هەیە کە بۆ شەهیدێک لە چیای سیپان و ئاگرین گوتراوە کە بۆ بەیتی "سەیدەوان" و یان حەیرانی ناوچەکانی هەولێر و موکریان، وشەی "پێگران"یشم لە کورمانجیدا زۆر پێ جوانترە لە "حاملە"ی عەرەبی کە زۆربەمان کەڵکی لێ وردەگرین، کە کوردێک لە ئافریقا و یان چین نەخۆش بکەوێت و بە دوکتور بڵێ: "ئاسم"، دوکتورەکە لێ تێ دەگات، چە وشەیەک بۆ ئینتێرنێت و پێ. سی. باشتر لە خودی ئەو وشانەن؟ لە سەردەمی ئێستادا ئەلفبێی لاتینش زۆر زیاتر خزمەت بە کێشەی کورد دەکات.

لە باس و بڕیار لە سەر زمانی ستاندارد دەبێت جوانکاری، کارایی، دەوڵەمەندبوونی زمان و یەکگرتوویی تێدا قسەی ئاخر بکەن نەک شەڕێکی ناڕەوا کە ئاکامی لێک دابڕانە.

**گەشەکردنی دیالێکت و شیوەزارەکانی کوردیی خوارین "گۆرانی کۆن (هەورامی)، کەلهوڕی، فەیلی، لەکی و لوڕی" لە وشیاریی نەتەوەیی و ناسنامەی کوردبووندا چە دەور و ڕۆڵێک دەگێڕێت، گەشەی ئەو دیالێکتانە لە هەمبەر دوو دیالێکتی دیکە (کورمانجیی سەروو و کورمانجیی ناوەڕاست) بە دەرفەت دەزانن یان خەسار؟ ئەی پرسی زمانی پێوەر – هاوبەش چی بەسەر دێت؟**

**د. ڕەحیم سورخی:** بابەتی زمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بابەتگەلی وەکوو ناسنامە، بەرهەڵستیی هەڕەشە و مەترسی و ناسیۆنالیزمی کەمینە یان ئەتنی لە بەرانبەر ناسیۆنالیزمی دەوڵەت -نەتەوەدا تێکەڵ بووە، بابەتی ناسنامەی ئەتنی خۆی لە ئەنجامی گفتوگۆ و دیبەیەتی ئەندامانی کۆمەڵەیەکی ئەتنۆزمانی لە بەستێنێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا پێک دێت، بۆیە لە قۆناغی خەبات بۆ

خۆ پاراستن و نەتوانەوە لە ناسنامەی نەتەوەی سەردەستدا لایەنی داگەڕان (convergence) بۆ نێوەوەی کۆمەڵەکە و هەڵگەڕان(divergence) و مەیلی دەرچوون لە کۆمەڵە ئەتنۆزمانییەکە لە پێککەوتنی دیالێکتەکان لە کۆمەڵەیەکی زمانیی فرەزرادا وەکوو کوردی گرنگە، ئەوە کە ئاخۆ ئەم پێککەوتنانە کاریگەرییەکانیان لەسەر یەکتر چۆنە؟ ئایا ئاخێوەرانی دوو زار یان شێوەزاری جیاواز لە کۆمەڵەی زمانی کوردیدا لە کاتی پێکەوە دووانیان ئەگەر هەرکەس بە زاراوەی خۆی بدوێت یان بە یەک لەو زارانە، لە ئێستادا دەبێتە پێگەیەک لە دەسەڵات بۆی یان هاوپێوەندیی و داگەڕانە نێوخۆییەکەیان لەوە بەهێزترە زار یان شێوەزارەکەیان ببێتە هۆیەک بۆ خۆ بەکەم زانین، پەراوێزخران، لاوازبوونی پێگەی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییان، لە پێوەندی لەگەڵ زاری کوردیی ناوەڕاست و زارەکانی کوردیی باشووری وەکوو "لەکی" و "کەلهوڕیـ"یدا، دەکرێت بڵێین کارلێککردنەکانیان لە باری پێگەوە تا ڕادەیەکی زۆر هاوشانە و خەڵک پێکەوە پێوەندی دەگرن بەبێ ئەوەی یەکیان خۆ لەوی تریان بە کەمتر یان زیاتر بزانێت، دیارە ئەمە بە گشتییە و مەرج نییە تێڕوانینی تاکەکەسییش وابێت، واتە دیالێکتەکانیان نابنە ئیمتیازێک بۆ خۆزاڵکردنی یەکیان بەسەر ئەوی دیکەیاندا، لە باری پێکهاتەی ڕێزمانییەوە، جیاوازییەکی وا زاق نییە کە بشێ لە یەکتر تێنەگەن.

جیاوازیی سەرەکیی ئەم زارانە لە شێوەی دەربڕین و باری فۆنۆلۆژی و هێندێک لایەنی وشەییە کە ئەوەش تایبەتمەندییەکی سروشتیی هەموو زمانێکە و ئەگەر کورد دەسەڵاتی پلاندانان بۆ زمانەکەی هەبێت دەتوانێت بە ڕەچاوکردنی سیاسەتێکی

زمانیی دروستی سەردەمییانە ستانداردەکە بەو زارانـە و بە شکاندنەوەیەکی زیاتری بەرەو دیالێکتە باشوورییەکان موتوربە و دەوڵەمەندتر بکات، سەبارەت بە هەورامی ئەم بابەتە جیاوازە، هەرچەند شیوەزاری جافی لە نێوان سۆرانی، هەورامی و کەلهوڕیدا بەپێی دووری و نزیکی لە یەکتر لەو زارانە دەگۆڕدرێت، بەڵام هەورامی تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکانی دوورترە لەوانەی زاراەکانی دیکە، بەڵام هیچ هەورامییەک نابینیت خۆی بە کورد نەزانێت، واتە هەورامیبوون نابێتە هۆی جیابوونەوە لە ناسنامە ئەتنی/ نەتەوەییەکەی وەکوو کوردبوون، بۆیە ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی ناوچەیی کوردیی هەورامی بۆ پاراستن و گەشەپێدانی لە شێوەی خۆیدا نەک هەر هیچ گرفتێک نییە، بەڵکوو پاراستنی یەکێک لە جۆرە کوردییە دەگمەن و دێرینە کوردییەکانیشـە، ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ کورمانجییەکەشدا وایە، پێوەندییە مێژوویی، کولتووری، ئەدەبی، سیاسی و هونەرییەکان و گێڕانەوە فۆلکلۆرییەکان و بەگشتی کەلەپوور و بنچینەی کوردبوونەکە ئەگەر لە ڕەهەندە دیاردەناسییەکەیەوە زیاتری کار لەسەر بکرێت و پێوەندییەکانی ئەمانە بە کوردبوونەوە بۆ واتاسازیی لە گوتارێکی نەتەوەییدا بخرێتە بەر لێکدانەوە و پێوەندییە ناوخۆییەکانی لە بەرانبەر ئەوی دیکەی خۆسەپێنی دەوڵـەت -نەتەوەدا بەرجەستە بکرێت، فرە دیالێکتی و گەشەکردنیان لە باری ناوچەیی گرفتێکی ئەوتۆ نابێت لە بەردەم نەتەوەسازیدا، لەماوەی دوو / سێ ساڵی ڕابردوودا بینیمان چۆن ئەم پێوەندییانە دەتوانن زاڵ بن بەسەر جیاوازییە زارییـەکانـدا، کـەواتـە لـێرەدا ئـەوەی گرینگە تێڕوانینە زەینی (subjective)یەکەیە بۆ ئەتنیسیتە و نەتەوە کە بەشێوەیەکی

بنیادنەرانە(constructive) لە بارە کۆمەڵایەتییەکەوە لە نێوان "ئێمە" و "ئەوانـ"دا پێک دەهێنێت، جۆرە کوردییەکان لە خۆیاندا ئەو هەڵگەڕانە ناسنامەییەیان بەرانبەر بە کوردی یان کوردبوون نییە، بەو شێوەیەی بۆ ئێرانیبوون هەیانە، کورد وەکوو نەتەوە و کوردستان وەکوو نیشتمان لە دەربڕینە ناوچەییەکانی جۆرە کوردییەکاندا بە پیرۆزی و بەشێوەیەکی گیانی (ڕۆحی) بەگشتی و بەتایبەتی لە کەلهوڕی و هەورامیدا دەبینرێت، بۆیە گەشەکردنی ناوچەیی ئەو جۆرانە لە خۆیاندا بەشێکە لە گەشەکردنی ناسنامەی ئەتنۆزمانیی کورد بەرانبەر بە شۆڤینیزمی خۆسەپێن، چەواشەکار و چەوسێنەری نەتەوەی فەرمانڕەوا و بە دەرفەتی دادەنێم، ئەوەی وەکوو مەترسیی دەبینرێت ململانێی تەسک و کورتبینی حیزبییە کە بۆ زاڵبوونەوەی گروپێک یان باڵێکی حیزبی بێ زانیاریی یان هەستکردن بە بەرپرسیارەتی جاری وایە ئەو شتانە زەق دەکرێتەوە و دەکرێتە موزایدە بێ ئەوەی خۆی بتوانێت هیچ دەورێک لە ڕێکخستن یان بەڕێوەبردنی دیالێکتەکان بگێڕێت، تەنانەت لە نێوخۆی حیزبەکەشیدا.

ناسنامەی ئەتنۆزمانیی کوردی زۆر لە ناسیۆنالیزمی کوردەوە پێچراوە، بۆیە دواکەوتوویی گوتاری سیاسی و ناسیۆنالیستیی کورد دەتوانێت کار بکاتە سەر لاوازبوونی ئەو ناسنامەیە و تووشی پارچە پارچەبوونی بکات و بەپێچەوانەکەشی ڕاستە، سێ فاکتەری زمان، نیشتمان و ئەتنیک و پێوەندیی نێوان ناوچەیی و بەردەوامییان پێکەوە سەرچاوەی هێزن بۆ گەشەکردنی ناسنامەی نەتەوەیی، دابینبوونی مافە سیاسی، کولتووری و زمانییەکانی نەتەوەی کورد، بۆیە بەتایبەتی هەرچەندی پێوەندییە ناوخۆ ئەتنییەکان زیاتر و

چڕتر بن، دەورێکی گرینگتریان دەبێت لە بڵاوبوونەوەی سیما زمانییەکان لە سنووری زارەکانی زمانەکەشدا لە نێوخۆیدا.

**مەسعودد بابایی**: لە باسکردنی زمانی دایکدا، دەبێت زۆر وردبین بین، زمانی دایک و زمانی نەتەوەیی دوو چەمکی هاوواتا نین؛ کەسانێک زمانی دایک وەکوو بابەتێکی سیاسی دەوروژێنن کە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بە مافی ئیتنیکییەوە هەیە، بە سیاسیکردنی زمانی دایک ئەگەر مەبەستەکە شێوەی ئاخاوتن بێت دالەنگاندنی چەمکی زمانی نەتەوەییە بۆ زمانی دایک، ئەم دالەنگاندنە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە ئاخێوەرانی زمانی دایک وەکوو کۆمەڵە ئیتنیکێک سەیر بکەین کە خەریکن لە نێو دەچن و دەبێت وەکوو میراتی مرۆیی بپارێزن، ئەگەر وەها وێنای زمانی دایک بکەین، مانای زمانی نەتەوایەتی تێیدا ون دەبێت و دالەنگاندنی مانایی ڕوو دەدات، زمان لە باری سیاسیی خۆی دادەڕنین و تا ئاستی مافێکی ئیتنیکی فەرهەنگی دایدەشکێنین، بەداخەوە هێزە سیاسییەکانی کورد لە شێوەی گەڵاڵەکردنی مافی خوێندن بە زمانی دایک، هێشتا لە جیاوازیی زمانی نەتەوایەتی و زمانی دایک تێنەگەیشتوون، خۆ ئەگەر مەبەستمان لە زمانی دایک شێوەی ئاخاوتنی دایک بێت کە بۆ منداڵەکانی دەگوازرێتەوە، وەکوو ئەوە وایە کە سنووری دیالکت و زمانمان تێکەڵ کردبێت، ئەگەر هەڵهێنجانێکی سیاسیمان لەم بابەتە هەبێت، دەبێت ئاگادار بین زمانی نەتەوایەتی و زمانی دایک دوو بابەتی جیاوازن، هەر بۆیە کەسانێک لە پشت بابەتی زمانی دایکەوە داواکارییەکی دالەنگێنانە (تقلیلی، ڕیدەکشناڵ)یان هەیە کە ئەمە زیان بە خودی مافەکەش دەگەیەنێت.

هەموو دیاردەیەک هەم دەتوانێت وەکوو دەرفەت و وەکوو هەڕەشەش سەیر بکرێت، نیاز و مەبەستی ئێمە ئاراستەی بەکارهێنان و بەرەنجامەکان دەستنیشان دەکات، با بە ڕاشکاوی بێژم: ئەگەر مەبەست لە داواکردنی ماف دابڕاندنی لقێک لە زمانێک بێت کە دڵنیاین لە سیاسەتی داگیرکەراندا ئەم ئامانجە دانەدوو دەکرێت ئیدی هیچ گفتوگۆیەک بۆ ئەم مافە قەدەخەیە، ئەگەریش لە چوارچێوەی وێژمانی "کوردبوون"دا ئەم گەنگەشەیە بکرێت ئەو کاتە دەبێت ڕێوشوێن و میکانیزمی گەنگەشەکە دەستنیشان بکرێن، ئاشکرا و دیارە گەشانەوەی دیالکتەکانی زمانی کوردی خزمەت بە سەرلەبەری زمانەکە دەکات، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم خزمەتە کاتێک خۆی نیشان دەدات کە ئێمە زمانێکی پێوەرمان هەبێت، دەستنیشانکردنی سنووری "ماف"، "چوارچێوە"، "پەروەردە و خوێندن" بابەتێکە پێوەندیی بە "سیاسەتی فەرهەنگی"یەوە هەیە، ئێمە تاکوو زمانێکی پێوەرمان نەبێت، ناتوانین سنووری مافەکان دەستنیشان بکەین، بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەگەر بتوانین بە شێوەیەکی دیمۆکراتیک لەسەر "زمانی پێوەر" ڕێک بکەوین، بە شێوەیەکی دێموکراتیک دەتوانین لەسەر سنوورەکانی مافی دیالکتەکانیش ڕێک بکەوین، خۆ ئەگەر "ڕێکاری دێموکراتیک" سەر نەکەوت و پەنامان بۆ "زەبروزەنگی سیاسی" برد کە لە "مودێڕنیتەی ئێرانی ـ تورکی" و هێندێک مودێڕنیتەی ئەوروپاییدا هەیە، ئەوا چارەنووسەکە بە چەندین قۆناخی بەریەککەوتندا دەڕوات کە ئێمە ناتوانین ئاکامەکەی پێشبینی بکەین، هەر چۆنێک بێت؛ بەپێچەوانەی کەسانێک کە ئەم پاشاگەردانییە بە ئاسایی دەزانن و زمانی

پێوەر بە فاشیزم لێک دەدەنـەوە، بەندە بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە دەڵێم؛ ناسیونالیزمی زمانی لەگەڵ هەموو تۆکمەییەکەی، زۆریش لەرزۆکە، ئەگەر ڕێکاری دیمۆکراتیک بە ئاکام نەگات یان دەبێت واز لە پرۆسەی بە نەتەوەبوون بهێنین، یان بتوانین هێندێک تایبەتمەندی و پاوەجێکەر (مقوم) بۆ ناسیونالیزمی کوردی دابتاشین، بەڵام پاوەجێکەر شتێک نییە کە دابتاشرێت، باشترین ڕێگە "ڕێکاری دێموکراتیک"ە، بە جۆرێک هەم زمانی پێوەرمان لە چوارچێوەی سنوور و دەسەڵاتە پێناسەکراوەکاندا هەبێت، هەم دیالکتەکانیش شانبەشانی زمانی پێوەر لە جوگرافیای خۆیاندا بخوێنرێن، ڕاستییەکە ئەوەیە کە بە ڕەخساندنی زمانی پێوەر وەکوو داڕێـژەری وێژمانی نەتەوەیی، سیاسی و فەرهەنگی دەتوانین بیر لە خاڵی دووهەمین، واتـە سنووری دیالێکت و بەکارهێنان و گەشانەوەی دیاری بکەین، لە وەها دۆخێکدا زمانی پێوەر لە "تاک سیمایی"ەوە بەرەو "فرەسیمایی" هەنگاو دەنێت، واتە هەم "تاکسیما" و هەم "فرەسیما" دەبێت، خۆی بە ڕووی دیالێکتەکاندا دەکرێتەوە و دیالێکتەکانیش دەتوانن توانستێکی زیاتر پێ بە پێ گەشەی خۆیان بە زمانی پێوەر بدەن، تەنیا لە وەها دۆخێکدا دەتوانین هەڕەشە بۆ دەرفەت وەرچەرخێنن، بەڵام ئەگەر ئەم دۆخە شێواوە زمانییەی کورد بەردەوام بێت، ناتوانین دۆخی چەقبەستووی مێژووییمان تێپەڕێنین و "ناوچەگەری" و "خێڵایەتی" و دابڕانی جوگرافیایی کورد بەردەوام دەبێت، کە وابوو باسکردن لە زمانی دایک لە ئێستادا بەبێ گرێدانەوەی بە زمانی پێوەرەوە، بێمانایە.

**د. هاوژین سلێوە:** پێویستە گرنگی بە هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردی بدرێت، فۆلکلۆرەکەی کۆ بکرێتەوە، گۆرانییەکان تۆمار بکرێن، توێژینەویان لە بارەوە بکرێت، زمانی پێوەر ڕێگر نییە لە گەشەکردنی دیالێکتەکان، بەڵکوو دیلێکتەکان ڕۆڵیان دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی زمانی پێوەردا، هەموو زمانێک لە کۆمەڵە دیالێکتێک پێکهاتووە، بەڵام یەکێک لە دیالێکتەکان دەبێتە زمانی پێوەر، بۆ نموونە زمانی فارسی تازە لەو کاتەوە دروست بووە، کە ڕوودەکی و فیردەوسی بە شێوەی (دەری) هۆنراوەیان پێ نووسیوە، زمانی ئینگلیزی لە سێ دیالێک پێکهاتبوو، بەهۆی گەشەکردنی چاپەمەنی لە لەندەن ئەو شێوەزارە بووە زمانی ستاندارد، زمانی ستانداردی عەرەبیش لە ڕێگای قورئانەوە دروست بووە، هەرچەندە کۆمەڵێک هۆکار وای کردووە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی (زمانی ستاندارد) کوردی دروست نەبێت، یان دروست بووە، بەڵام دەڵەمەیە و نەمەیوە، کێشەی سێ جۆر ڕێنووس، ڕێنووسی سلاڤی و ڕێنووسی لاتینی و ڕێنووسی عەرەبی، کوردێکی باکوور هیچ تاوانێکی نییە کە فێرە ئەلفبێی عەرەبی نەبووبێت، چونکە ئەوان بە ئەلفبێی لاتینی وانەی تورکی دەخوێنن، لێک نزیکبوونەوە و تێکەڵکردن و ئاشنابوون بە دیالێکتی کورمانجیی سەروو و کورمانجیی ناوەڕاست ئیشێکی زۆر باشە، بە ڕای من کێشە رامیارییەکانی میللەتی کورد تاکە هۆکاری ئەوەن، کە زمانێکی ستاندارد بە تەواوەتی دروست نەبێت، خوازیارین لە داهاتوو دروست ببێت.

**جەماڵ نەجاڕی**: زمانی کوردی زمانێکی یەکجار دەوڵەمەندە، بە کۆمەڵێک دیالێکت و شێوەزاری جۆراوجۆر، بە هەرکام لەم دیالێکت و شێوەزارانە ئێمە ئەدەبی زارەکی و فۆلکۆرێکی دەوڵەمەندمان هەیە کە سەرمایەی نەتەوەییە، دیارە لە شوێنە ئاکادیمییەکان و زانکۆوەکانی جیهان کاتێک باسی زمانی کوردی دەکرێت تەنیا دوو بەشی کورمانجیی سەروو و کۆرمانجیی ناوەڕاست کە بە کورمانجی و سۆرانی ناو دەهێندرێن لە بەرچاو گیراوەن، بۆ وێنە لە زانکۆی ئینالۆی پاریس کە زانکۆی زمانە رۆژهەڵاتییەکانی جیهانە و بەشی کوردیشی هەیە، ئەم بەشە دابەش کراوە بەسەر کورمانجی و سۆرانیدا، واتە خوێندکارەکانی باشوور و رۆژهەڵات بە سۆرانی و خوێندکارەکانی باکوور و رۆژاوا بە کورمانجی دەخوێنن، ئەمە پلانی زانکۆی ئینالکۆیە و خوێندکار دەبێت بەپێی ئەو پلانە خوێندنەکەی تەواو بکات.

ناتوانین حاشا لە دەوڵەمەندیی دیالێکت و شێوەزارەکانی دیکەی زمانی کوردی بکەین، یەک لەوان شێوازی کوردیی خواروو یان هەورامییە، ناوچەی گۆران لە ڕووی ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆر و دەقە کۆن و مێژووییەکان یەکجار دەوڵەمەندە، سەرلەبەری کەلام و ئاوازەکانی یارسان بەم شێوەزارە گوتراون و نووسراون، بەرهەمی گەورە شاعێرانی وەکوو مەولەوی و بێسارانی دیسان هەر بەم شیوەزارە نووسراون، سەدان نووسەر ئیستا بەم شیوەزارە دەنووسن و دەخوێننەوە.

وەکوو چۆن پێویستە کار بۆ پاراستنی زمانی کوردی بکرێت، ئاوەهاش دەبێت خەم لە دیاکێکت و شیوەزارەکان بخوێن و لە ناوچەکانی خۆیاندا خولی ڕاهێنان بۆ نووسین و خویندنەوە هەبێت لە پاڵ زمانی پێوەر یان زمانی هاوبەش.

دەوڵەمەندیی زمانی کوردی بە بوونی ئەم دیالێکتانەیە و هەرکامیان تێدا بچێت و نەمێنی زیان و خەساری گەورە بەر زمانی کوردی دەکەوێت.

دیاریکردنی زمانی پیوەر، یان زمانی هاوبەشی کوردی لە ئەستۆی شارەزایانی زمانە و ئەمەش سەرکەوتوو نابێت هەتاکو گەلی کورد لە هەرکام لە بەشەکان نەبێتە خاوەن خاک و وڵاتی خۆی، ئێستا لە باشوور دەرفەتی ئەوە هەیە کە کار بۆ دروستبوونی زمانی هاوبەش بکرێت، بەڵام بەداخەوە دەسەڵات بە ئەرکی خۆی نازانێت و شارەزایانی زمانیش بەبێ پشتیوانیی دەسەڵات هیچیان پێ نەکراوە و ناکرێت.

**خەبات ڕەسووڵی:** یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو زمانەکان زاراوەکانە، کە وایە زاراوەکان بنچینەی زمانەکانن، کەسیش ناتوانێت تاکێک ناچار بکات بە زاراوەیەکی دیکە قسە بکات و بنووسێت، بەڵام لە پشت ئەم پرسیارەوە قسەیەک خۆی حەشار داوە، ئەویش ئەوەیە کە ئەگەر دەمانهەوێت ئەو ناوچانەش لە باری هەستی نەتەوەییەوە گەشە بکەن حەتمەن دەبێت بە زاراوەی خۆیان بنووسن ئەو قسەیە ناواقعییە، بۆ نموونە کاتێک دەمانەوێت کوردێکی فەیلی هەست بکات دەبێت لە بەرانبەر توانەوەدا بوەستێت و هەوڵی دەربازبوونی نیشتمانەکەی بدات، دەبێت ئاستی تێگەیشتنی ئەو و شوناسی بەرینە سەرێ، ئەو چونکە زاراوەکەی زمانی ستاندارد نییە تووشی توانەوە نەبووە، بەڵکوو لە بێهێزی و نایەکگرتوویە ئەوەمان بەسەر هاتووە، هەر وەکوو لە وڵامی پرسیاری یەکەمدا عەرزم کردن کاتێک تۆ دەبی بە

دەسەڵات، خاوەن دەسەڵاتەکان زمانێک و زاراوەیەک هەڵدەبژێرن و دەیکەنە زمانی فەرمی، ئەم قسە و باسانەی کە ئیستا لە گۆڕێیە زیاتر خۆدزینەوەیە لە بێتوانایی سیاسی و سەربازی (نیزامی) و ئابوورییە تاکوو بێتوانایی زمانی، ئێستاش کەس پێشی بە کەس نەگرتووە کە بە زاراوەی خۆی بنووسێت، بەڵام کاتێک تۆ کتێبێک دەنووسی و ناتوانی چاپی بکەی، یان کە چاپی دەکەی تووشی گرتن و لێدان و دوورخستنەوە دەبی، لە ڕاستیدا بێدەسەڵاتی گرفتی سەرەکیتە، نەک زاراوە، سەبارەت بە زمانی پێوەر پێم وایە هەنووکە دوو زاراوەی کورمانجیی سەرەوو و کورمانجیی ناوەڕاست جێگەی خۆیان گرتووە و دەتوانن ببنە بنەمایەک بۆ دەسەڵاتێک کە ئەگەر لە داهاتوودا کورد هەیبێت.

وروژاندنی بێوەخت و ناپسپۆڕانەی پرسی زمان دەتوانێت خەساری گەورەی سیاسی بە دوای خۆیدا بێنێت، بە کورتی بە بڕوای من باشترە خۆمان فریو نەدەین کورد دەبێت بیر لە یەکگرتوویی سیاسیی هێزەکانی بکاتەوە و خۆی لە بوارە جۆراجۆرەکاندا بەهێز بکات، گەلێکی بەهێز و خاوەن دەسەڵات تووشی قەیرانی زمان نابێت و زمانێک هەر دەبێت قسەی پێ بکات و پێی بنووسێت، بەڵام گەلێکی ژێردەستە و دیل لە دریژخایەندا بە تەنیا زمان ناتوانێت خۆی دەرباز بکات و ڕزگاری بێت، نموونە زۆرن لە دەوروبەرمان کە زمانەکەیان تووریکی قوڕاوی ناهێنێت، بەڵام لەسەر کورد کەڵەگان، ئێمە تاکە زیرەکەکانمان و وزەی مرۆییمان و ئاو و زەوی و کانزاکانمان و سامانە سرووشتییەکانمان تاڵان دەکەن و ڕۆژانە بە دەیان کەسمان بێسەروشوێن دەکەن، حیزبەکانمان هەر یەکەی لە هەوایەک

دەخوێنن و بە خۆیان بوونەتە بەڵڵا لەسەر کورد، لە هەلومەرجێکی ئاوادا دێین گیر بە زمان دەدەین و پێمان وایە ئەوەی بارۆدۆخمان ئاوایە خەتای فلانە زاراوەیە، یان ئەگەر فلانە زاراوە بێتە سەریێ کورد ڕزگاری دەبێت، هیوادارم چاومان بکەینەوە و چیتر خۆمان فریو نەدەین، پرسی زمان نابێت ببێتە هۆی ئاڵۆزتربوونی پرسی کورد و ئەوەی کە تاکوو ئێستا کراوە کەموکوڕی زۆرە، بەڵام بە وێرانکردنی ئەوەی ئێستا هیچ کوێی دیکە ئاوەدان نابێتەوە.

# زمانی کوردی و ئەدەبی فۆلکلۆریك

**حیسامەدین ئەمین (حسام‌الدین امین)**

«الصوت» بە عەرەبی، «ئاوا» بە فارسی، «دە نگ» بە کوردی، کاتێک کە دەبێت بە بزووتنەوەی دەم و لێو، بە عەرەبی ئەوەیە: الکلام ، اللغە، اللسان، بە فارسی: زبان، زبان، زفان، بە کوردی: زوان، زمان، ئەم وشانە، ناوە بۆ ئەوەی کە بە دەنگ، دەبێتە پردی پێوەندی بۆ مرۆڤایەتی، بۆ پێوانی ڕێگای شارستانییەت و لێک نزیکبوونەوە، کە لە درێژەی ژیاندا چی کراوە، چی بووە، و ژین و چارەنووسی مرۆڤ چۆن نەخشاوە.

**زمان دوو جۆرە، واتە بۆ گەیاندنی پەیام بە دوو ڕێگادا دەڕوات:**

**یەکەم:** «نثر، پەخشان» کە بە شێنەیی ڕێ دەبڕێت.

**دووهەم:** «شێعر، هەڵبەست» کە لێکۆڵینەوەکەی ئێمەی لەسەرە.

«شعر»یش ڕێ دەبڕێت، بەڵام بە هەڵپەڕکێ  ئەمەش شیاوی تێفکرین و زانینە، کە لە فەرهەنگی دیاریکراوە، «شێعر» جێگەیەکی تایبەتی هەیە، چۆن پێگەکەی، ناسکترین قوژبن و سووچی «عاتفە و خەیاڵە» بۆ گریان، بۆ پێکەنین، بۆ دەربڕینی شادی و ناشادی، بۆ بالۆرە و لاواندنەوە، بۆ نواندنی عشق و خۆشەویستی، بۆ بانگکردنی دڵێ لە دڵێ، بۆ هـاوار!؟ تەنانەت، ئـەوەی کە مانگا دەدۆشێت، کە گوانی دەگووشێت، گۆرانییەکی تایبەتی بۆ دەڵێت.

زۆرتـری دەنگی سروشت و پـەراوێزی ژیـان کە گۆرانییە، نێوەڕۆکەکەی «شێعر»ە، چۆن ئاهەنگێکی تایبەتی هەیە

قووقەی کەڵەباب، حیلەی ئەسپ، قالەقالی بزن، بـاڕەی گا، سەڕەی گوێدرێژ، .....هەمووی ئەم دیاردانەی ژین، «شێعر»ە، چۆن قاڵب و کێشێکی تایبەتیان هەیە و هەرگیز، هیچکام لەو پارە پارەیانە، لەگەڵ یەک، زۆر و کەم نییە.

پاش ئە م کورتە نیوە سەرەتایە، ئەمەش بڵێین کە «شێعر» وتە و وتاری خۆمان جیاوازە، قووقەی کەڵەباب، حیلەی ئەسپ، بە فەرمانی «وارسکە»یە و بەس، بەڵام کەلامی مرۆڤ، بەتایبەت «شێعر» هەر بناغەکەی «وارسکە»یە، بـەڵام نێوەڕۆکەکەی، لەسەر «بیر و تێفکرینە « و بە جۆرێک لەسەر «شعوور»ە، لە زمانی عەرەبیدا «الشعر، الشعور» یەکێکە: کل من تلقاه یشکو دهره لیت «شعریی» هذه الدنیا لمن، واتاکەی ئەمەیە: هەرکەس دەیبینی سکاڵایەتی لە ڕۆژگاری، بریا بمزانیبای ئەم دونیایە هی کێیە!؟

**«شعوور و شێعر» و «ئەدەب» بەتایبەت «شێعر»ی فۆلکلۆریک چییە!؟**

ئەم ناوە پێک هاتووە، لە دووبەش: «فۆلک» بە واتای «خەڵک» کە بە فارسی دەبێتە «تودە و مردم» بە عەرەبی «الشعب، الجماهیر»، «لیر، لۆر» واتە «گۆرانی، ستران» بە فارسی: «ترانە، آواز» بە عەرەبی دەبێتە: «الاغنیە، الغا».

وشەی لێکدراوی «فۆلکلۆریک» وەشەیەکی یوونانییە! کە وابوو «گۆرانیی فۆلکلۆریک» واتە گۆرانییەک کە لە ناخی کۆمەڵ دەرهاتووە و وەکوو کانیاو کە لە داوێنی کێو کە لە دڵی کێو و باران و بەفر پێک هاتووە، «شێعر»یش چاوەکەی ئاوی مێشک و دڵ و هەستی مرۆڤە بۆ سکاڵای دڵ، لە ئاخ و داخی ژیان و سۆزی عشق، «شێعری فۆلکلۆریک» لە کێ و لە کوێ هاتووە، نازانرێت! بەڵام زمان و بانگی دڵانە و هاواری دەرد و دەرمانە، «شێعری فۆلکلۆریک» لە بارەی پەیامیشەوە، سنووری بۆ نییە، وەکوو بیر و بڕوا، وەکوو پەیامە مێژووییەکان، کوتری دارستانی کۆمەڵە و هێلانەی لە هەموو دڵانە !

شیاوی زانین و پێزانینە، کە تایبەت لە بارێکەوە شێعری فۆلکلۆریکی کوردی ئاوێنەیەکە وەکوو ئاوینەی «سکندر» جامێکە وەکوو «جامی جەم» لە هەر لایەکەوە چاوی لێ بکرێت، چاوکەیەکە کە زۆر پەیامی تێدایە کە لە بەرنامەی «کەشکولی ڕەنگاورەنگ» لە ڕادیۆی «کرماشان» ساڵانی ١٣٤٧، گوتبووم کە لە زمان گەلی: سووچ و کناری ناوچەی نزیکمان لە ڕێی ڕاستەوخۆ یان بە وەرگێڕان وێنە و هاوسەنگی شێعری فۆلکلۆریکی کوردیم نەدیوە، لە لایەکی تریشەوە پێویستە بزانین کە تاکوو باشتر تێبگەین پێوانە و بای ئەم شێعرەمان چۆنە کە خانمێکی خەڵکی «شیکاگۆ» لە

دوا به دوای سەدەی بیستەمدا، «اطروحه رساله «ی دوکتورای لە بارەی گۆرانیی ئێرانی نوسیووە و وتوویەتی: «هەموو ئێران ئەمپەڕ تاکوو ئەوپەڕ لە زەوین و ئاسمان گەڕاوم ۱۲۰۰، شریتم پڕ کردووەتەوە و وێنە و چەشنی گۆرانیی فۆلکلۆریکی کوردیم نەدی جا پێم وایە، کە ئەم بەشە لە گۆرانی و مۆسیقای ناوچەکە ماوەی مۆسیقای «نەکیسا و باربود و رامتین» بێت کە لە سەردەمی «ساسانیـ»یەوە گەیشتووەتە ئەمڕۆ ... جا کتێبی ئەم خانمە خۆی بەڵگە و دیکۆمێنتێکی بەنرخە لە مەڕ گۆرانی و مۆسیقای کوردی، بەڵکوو ئەم کتێبە دەست بکەوێت و بکرێت بە فارسی و کوردی و تەنانەت عەرەبی.

یان لەو دوو ڕوانگەوە، شێعری فۆلکلۆری خۆمان وەکوو پیاسەکردن لە قەراغ دەریادا چاو لێ بکەین کە نێوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکامانە :

**ئەلف ـ** بزانین ئایا ئافرەتانمان لە دانانی «شێعر»دا بەتایبەت، لای « فۆلکلۆریک» دیاربووە یا نە؟

**بـ ـ** پێوانەکردنی بایی و نێوەڕۆکی ئەم چەشنە شێعرەی کوردیمان؟

**ئەلف ـ** لە بیرەوەری خۆمدا، جگە لە ژنێک بە ناوی «رابعە العدویە « کەس نییە کە لە ئەدەبی عەرەبیدا و بەتایبەت لە ڕۆژگاری پێش «ڕونسانسـ»ی ئەورووپا «ژن» لە ناوچەی تاریکستانی دیکتاتۆریدا لە گۆڕەپانی کۆمەڵ و فەرهەنگدا دیار نییە بە ئاشکرا، بەتایبەت لە شێعرکوتندا، یان ئەگەر هەبووبێت، شوێنەواری لای ئێمە دیار نییە، ژن لەو سەردەمەدا لە پشتی

پەردەی نادیاری و فەراموشی بووە و دەرفەتی خوێندن و شێعرکوتنی پێ نەدراوە، چۆن بەپێچەوانەی، نەریت و یاسا و تەنانەت بە دژی دین ژمێردراوە، ڕەنگە ژن شێعری گوتبێت بەڵام شاراوەتەوە و نەماوە!

**جا ئێستە بە گومان دەتوانین هێندێک جێپێی ژن لە شێعری فۆلکلۆردا پەیدا بکەین :**

**١- نازانم کێیە و بۆ کوێنە دەچێ   ئەم پێچە لارە لە کوڕە کورد ئەچێ**

**٢- سەماوەر وەرشەو ئاگر بخەن تێ   تا قیبلەم تێتەو لە ڕێیەکەی بەردێ**

دیارە هەردوو بەیت کە هی دوو ژنە، چۆن لە یەکەمیدا، تامەزرۆیی و چاوەنواڕی دیارە، کە بۆ «کوڕە» و ئەم بەیتە لەوی تر کۆنترە، بەڵام شێعری دووهەمیش کە تازەترە هی ڕۆژگاری «سەماوەر وەرشەو»ە، گوتراوەی ئافرەتە، چۆن چاییلێنان تایبەتی ژن بووە، لە لایەک ترەوە، وشەی «قیبلە» بەتایبەت ئافرەت بۆ پیاوی هەڵداوە، بۆ نموونە؛ «خاتوو ڕەزیە مەردۆخی» لە نامەکەیدا بۆ شێخ عەبدوڵڵا هەزارکانیانی برای، گوتوویەتی:

**ای کە چون نامت برم آتش فتد برجان من   قبلە من، کعبەی من، دین من، ایمان من !**

واتە:

«ئەی ئەو کەسەی کە هەر کە ناوت دەبەم، ئاورم لە گیان بە ر دەبێ، ڕووگەی من، کەعبەی من، دینی من، ئیمانی من»

ئەلبەتە «مەولەوی تاوەگۆزی» ئەو وشەیەی هێناوە، جا لەم بەیتەیدا «قبلە» بە ڕۆژگاری «لاوێنی» دەڵێت: کە وەکوو تۆران ڕویشتووە و نایتەوە :

**کۆسالان خاڵ خاڵ بەفری ناچێتۆ    قبلەم تۆریاگە و ئاشتی نابێتۆ**

**٣-  هەی داد هەی بێداد، کەس دیار نییە   کەس لە دەردی کەس خەبەردار نییە**

**٤ - هەی داد هەی بێداد، لەم گەورە شارە     نە دەنگەی دۆست تێ نە یار دیارە**

لە پێشدا بزانین کە ئەم دوو بەیتەی ٣ و ٤ هی ناوچەی سنە و کوردستانی ناوەڕاستە تا کرماشان، چۆن کێشی شێعرەکان، بیست هێجاییە کە لە شێعری گۆرانیی و فۆلکلۆری ناوچەی ناوبراودا و لە شێعری زۆر شاعێری وەکوو؛ مەولەوی، خانای قوبادی، میرزا عەبدولقادری پاوەیی، مەلا مستەفا بێسارانی، بەکار بروا.

ئەو دوو بەیتە، لە باری «شێواز و سەبکـ»یشەوە، لەو پەڕی «ڕئالیزم» بەڵکوو «سوور ڕئالیزمـ»دایە، چون چۆنیەتی تەنگ و چەڵەمەی ژیان و ناکامی و داغی تێدایە و بەتایبەت پیشان دەدا کە زۆربەی خەڵک پەرێشان و سەرلێشێواون.

نە دۆستایەتی دیارە نە «عشق» شوێنەواری هەیە، نە کەسێک ئەمڕۆی لەکیسچووی لە دوورەدەستی دواڕۆژدا دەبینێتەوە و هەرچی شار گەورە دەبێتەوە، هەست و پەرەدژی یاری و هاودەردی کەم دەبێتەوە! دەبینین کە لە دونیا ئەمڕۆدا جەماوەر زۆر بووەتەوە بەڵام «ڕەحم و خۆشەویستی» کەم بووەتەوە! جا

به ڕاستی ونبووی مرۆڤ له کوێیه؟! هەموو دەردەدارن، بەڵام کەس له دەردی کەس هەواڵی نییه، هەموو بە سەرلێشێواوی لە شوێن کەسێک دەگەڕێن کە دیارنییه! کە وایە با دەرەتانی ئەم شێعرە قووڵە بڵاوتر بکەینەوە، گەلانی پاشماو لە باتی ناسینی دوژمنی خۆیان، بوونەتە دوژمنی یەکتر هەر وەکوو چوار میللەتی مێژینەی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست «عەرەب، تورک، فارس، کورد»!

کە ئاوا دەچینە بناغەی»فۆلکلۆر» و ناخی پەڕداخی لێوانلێو، لە پەیامی شێعری ئەم ناوچەیە، بۆ لێکۆڵینەوەی ڕوانگەی کۆمەڵناسی «سوسیۆلوژی» هەر نەتەوەیەک پێویستە بەرژەوەندیی فەرهەنگ و سەقافەتی بهێنێتە بەرچاو کە لایەکی بریتییە لە فۆلکلۆری ئەو نەتەوەیە، جا دیارە کە هەر بەیتێکی ئاوێنەیەکە لە پەیامێک و دەردێک:

**هەی دا د و بێداد دەردم تاو تاوە** **شەو لە دەردی من سیروان بێ ئاوە**

ئەم بەیتەش هی ناوچەی «مەریوان و هەورامان»ـە و کێشەکەیشی بیست بڕگەییە، شاعێرەکەی گیرووده‌ی سۆزی عشقە و لە دەردی ژین ڕۆچووەوە هاکە گوێی هاژەی سیروان نابیسێت، کە چی سیروان هەر هەیە و هەر هاژەی دێت بەڵام ئەو نایبیسێت و تووشی (هەڵەی هەست) بووە .

**باڵاکەت بەرزە مەیدە لە دیوار** **دڵ هەر یەکێکە و مەیدە بە هەزار**

به ڕواڵەتی دیاری شێعرە کە دوو نیودێڕی (مسراعی) شێعرەکە پێوەندیەکی لەگەڵ یەکتردا نییە، بەڵام لە «ئیماژیزاسیونـ»ی قوڵاییەکەیدا، پێوەندییەکی باریک و ناسک هەیە ! بەو باڵابەرزەت حەیفە پاڵ بە دیوارەوە بدەیت و جلەکەت خۆڵاویی ببێت، کە وایە، بێجگە لە من هەرکەس وەکوو دیواری خۆڵاوورییە بۆ تۆ، هەر من شیاوی تۆم! دڵ یەکێکە و دڵی تۆیە شیاوی تۆیش، یەکێکە و ئەویش منم، ئەمەش دیارە کە شێعری ژنە بەرەو پیاو، زۆرتر پیاوانن بە چاوەڕێی کەسێک پاڵ بە دیوارەوە ئەدەن!

**بەشکەم هەروا گەرد و تۆز بێ دەسڕۆکەی لەملان ئاڵۆز بێ**

جوانترین و دڵڕاکێشترین هاودەنگیە لەگەڵ «سروشت» کە شاعێری عاشق چاوەڕێیە هەر باگژە بێت وەها کە بدات لە دەسڕۆکەی جوانەکەی خۆشەویستی و ملی دەرکەوێت و چاوی شاعێر پاراو ببێت، کە وایە «عشق و جوانی»، تەنانەت لە گەرد و تۆزیشدا دیارە و یاری دەوێت و ئەنگێوەی جوانی و جەماڵی یار، شاعێر پێی حەیفە جوانی گەردنی ئەو ئافرەتە بە دەسڕۆکە شاراوە بێت، گەرچی دەرکەوتنی بە بای تۆزاوی بێت...!؟

**پاشەڕۆکی وتار :**

لە زۆرتری شێعری کوریدا بەتایبەت» فۆلکلۆریک چێژوبۆی ڕێالیزم – واقعبینی ـ» زۆر دیارە، جیاوازیی شێوەی «ڕێالیزم «و شێوەکانی تر کامەن؟

شێعری کوردی بە تێکڕا و چەشنی «فۆلکلۆریک «ی بەتایبەت پێچەوانەی بڕێک لە شێعری فارسی، پاڵپشتی نە لە دیواخانی شاهان و خانان، بەڵکوو لە ناخی گیانان و لە قوژبنگەلی گیانی گەل بووە تا ڕادەیەک کە کەلامە بۆ هەمووان و پەیامە بەرەو هەمووان! بزانرێت کە لە ژینی کوردە و لە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی کورددا، چین و چینایەتی، تاکوو ڕادەی تاریکی و ڕووناکی نەبووە! دیاردەی دیار و ڕووناکی ئەم مەبەستە لە لێکچوونی جلوبەرگ و ڕەسم و یاسای ژیندایە، خان و سەپان «وەزیر و فەقیر» یەک جۆر بوون! شاعێر شێعری بۆ دڵی خۆی و دڵانی ئەوان داناوە و بەتایبەت «شێعری فۆلکلۆریک» کە پەتی و بەبێ زێڕ و زێوە، زمانی هەمووانە لە شادی و شیوەندا، هاواری دەردەدارانە، گۆرانی و چەپڵەی دڵخۆشانە، زمان و پەیامی دڵدارانە، بەیانی سۆزی دووری و ئاواتی دیدارە، لەگەڵ لۆرەی جوانی و دڵڕفینی! جا دووپاتکردنەوەی پێویستەکە: «شێعری فۆلکلۆریک»ی کوردی، مێژووی پڕ لە گۆرانی و هاوار و پێکەنین و گریانە، هاوارە، ئاخە، داخە! بەڵام تایبەتی تێکڕای شێعری کوردی کە جێگای شانازی و نازینە و تا ڕادەیەک لەگەڵ شێعری فارسی جیاوازە، تەنانەت لەگەڵ شێعری هێندێک لە شاعێرانی کورددا کە قەڵەمی شاعێرەکەی سەری بۆ کەس دانەنەواندووە و کڕنۆشی بۆ کەس نەبردووە! جیرەخۆر و مووچەبەری دەستەڵاتداران نەبووە، شێعر و ناوی خۆی لە ژێر پێی نەزان دانەناوە!

جا بۆیە دەتوانین بڵێین: شێعری کوردی بەتایبەت و زۆر بەتایبەت پشتیوانی سەربزێوی و مایەی پێنازین و پێزانین و چاوبڕینە! چۆن شاعێرەکەی ئەوە دەڵێت کە پێویستە، ئەوەی

دەوێـت کـە دەبێت ببێت، شاعێری «ڕئـالـیزم» پەیامهێنەری پێویستەی ژیانە و هاواری گەلان و سۆزی دڵان !

بەڵێ شاعێری «ڕئـالـیزم» ئـەوەی دەڵێت کـە هــەژاران و غەدرلێکراوان و زەحمەتکێشان دەیانەوێت نە ئەوەی کە زۆرداران و ئاڵاهەڵگرانی جەنگ و شەڕ و شۆڕ پێیان خۆشە!!

# زمانی کوردی و ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆر

**جەمال نەجاری**

هەمووومان لەسەر ئەو ڕستەیە کۆکین کە دەگوترێ: «زمانی کوردی زمانێکی دەوڵەمەندە» بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم قسەیە دەبێت ئاوڕ لە ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی بدەینەوە.

کوردستان وڵاتێکی پان و بەرینە و پتر لە ٤٠ میلیۆن کەس بە زمانی کوردی دەدوێن. زمانی کوردی سەر بە بنەماڵەی زمانە هێندوئۆوروپییەکانە و بەسەر چەند شێوەزاردا دابەش دەبێ. لە ڕووی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکیش وڵاتێکی پڕ پیت و بەرەکەتە و لە نێو هەموو شێوزارەکانی زمانی کوردیدا بابەتی فۆلکلۆری بەرچاو دەکەون.

**جۆرەکانی ئەدەبیات:**

باسکردن لە ئەدەبی زارەکیی کوردی کارێکی ئاسان نییە و زۆر هەڵدەگرێ، بەگشتی لقە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی هەڵگری لێکۆلینەوەن، "سیاچەمانە" و "هۆرە" و "لاوک" و "حەیران" و "قەتار" و "بەیت"، دەچنە خانەی ئەدەبی زارەکیی کوردیدا و بۆ ئەمڕۆ بوونەتە سەرمایەکی کەلەپووری نەتەوەیی بۆ گەلی کورد.

لێکۆڵەرانی زمان و ئەدەب ئەمڕۆ ئەدەبیات بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەکەن: ئەدەبیاتی زارەکی و ئەدەبیاتی نووسراوە، بەڵام دوکتور عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا سێ هێڵی دیاری کردووە لە نێوان بەرهەمی ئەدەبیی کوردیدا.

**یەکەم**: ئەدەبیاتی فۆلکلۆری کوردی.

**دووهەم**: ئەدەبیی میللی کوردی.

**سێهەم**: ئەدەبیاتی نووسراوەی کوردی

ئەوەی لێرەدا تیشکی دەخرێتە سەر، قسەکردنە لەسەر ئەدەبیاتی فۆلکلۆر لە خەرمانەی ئەدەبی زارەکیی کوردیدایە.

دوکتۆر ڕەهبەر مەحموودزادە ڕای وایە: «بازنەی فۆلکلۆر لە بازنەی ئەدەبیی زارەکی فراوانتر و گشتیترە. فۆلکلۆر جۆرێک سوننەتە کە هەم ئەدەبێکی تایبەتی دە هەنبانەیدا هەیە و هەم ڕەگەزی ئاوەها کە لە جۆری دابونەریت و شتی لەم چەشنەیە، نەک لە چەشنی ئەدەب. کەوایە باشترە بڵێین فۆلکلۆر دابەشکردنێکی لەم چەشنەی هەیە: ئەدەبی فۆلکلۆری، نەریتی فۆلکلۆری و ....

سەرنجی ئێستای ئێمە زیاتر لەسەر ئەدەبی فۆلکلۆریە. دەکرێت بڵێین ئەدەبی فۆلکلۆری، تەقریبەن هەر ئەدەبی زارەکییە. بۆیە گوتم تەقریبەن چونکە بە گوێرەی تێگەیشتن و بۆچوونی هێندێک کەس ئەدەبی فۆلکلۆری مۆرکێکی کۆن و ڕەسانەیەتیشی پێوەیە. ئەوانە فۆلکلۆر بە جۆرێک کەلەپوور دادەنێن، کەلەپوور واتە میراتی کۆن. بەڵام ئەدەبی زارەکی حوکم نییە کۆن بێت، بەڵکوو بۆ نموونە ئەو نوکتە و قسە خۆشانەش کە خەڵک ڕۆژانە بۆ گاڵتە و جەفەنگ بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، دەگرێتەوە.»

لە هەر کام لە بەشەکان و تەنانەت لە ناوچەکانی کوردستانیش ئێمە ئەم ئەدەبە دەوڵەمەندە دەبینین کە سینگ بە سینگ و بە شێوەی زارەکی تا بە ئەمڕۆ گوازراونەتەوە.

بەیت لە ناوچەی موکریانی ڕۆژهەڵات و سیاچەمانە و هۆرە لە هەورامان و حەیران لە دەشتی هەولێر و لاوک لە بادینان و باکووری کوردستان و پەندی پیشینیان لە بست بە بستی ئەم کوردستانە، باس لە ئەدەبێکی دەوڵەمەند دەکەن کە کەمتر لە بارەیەوە نووسراوە و کەمتر ئاوڕی لێ دراوەتەوە.

وردبوونەوە و لێکۆلینەوەی لە هەر کام لەم ژانرانە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەیە لە سەر زمانی کوردی و داب و نەریتی کۆمەڵگە و تەنانەت لە ڕووی زانستی ئانترۆپۆلۆژی (مرۆڤناسی)یشەوە پێویستە کاری لەسەر بکرێت.

**ڕۆڵی زمان لە ئەدەبیاتی زارەکیدا:**

زمان و ئەدەبیاتی زارەکی لە پەیوەندی بەردەوامدان. زمان

جوانیی بە نێوەڕۆکی دەقە فۆلکلۆرییەکان دەبەخشێت و ئەدەبیاتی زارەکی هێز لە زمان وەردەگرێت و هەر لە ڕێی هێزی زمانیشەوە پارێزراوە و گەیشتۆتە ئەمڕۆ.

لە ڕوانگەی شەریف فەلاح نووسەر و لێکۆلەر،»خەسلەتی هەرە بەرچاوی ئەدەبیاتی زارەکی، زمانەکەیەتی. ئەم زمانە، هەمان زمانی ڕۆژانە و ئاساییی خەڵکە کە پێشینیان بە ناوی «زمانی سەوق» ناودێریان کردووە. هەمان ئەو زمانە زیندووەی کە خەڵک لە ناو بازاڕ و شار، لە ناو گوند و لە کاتی کار و تێکۆشاندا وەکوو ئامرازی پێوەندی لەگەڵ بەرامبەر بەکاریان هێناوە.»

زمان لە ئەدەبیاتی زارەکیدا ڕەسەن و پوخت و پاراوە. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەیتبێژان و حەیرانبێژان و لاوکبێژاون و هۆرەبێژان و بەندبێژەکانی ڕابردوو، هەموو ئەوانەی خزمەتی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی کردووە، بەشی زۆریان نەخوێندەوار بوون و ئەوانیش لە کەسانی پێش خۆیان بیستوویانە و لەبەریان کردووە و سینگ بە سینگ گوازتوویانەتەوە. کەمتر هەوڵیان داوە لە ڕووی پێکهاتەی زمانی و دارشتنەوە دەسکاری بکرێن و هەر بۆیە ئەمڕۆ دەتوانین جیا لە لایەنی فۆلکلۆری لە ڕووی زمانزانیشەوە لێیان ورد بینەوە. دەقە زارەکییەکان، پێچەوانەی بەرهەمە نووسراوەکان کە بەرهەمی داهێنانی فکر و زەینی تاکێکی دیاری کراون، دانەر و نووسەرێکی دیار و تایبەتیان نییە.

(واسیلی نیکیتین) ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی، ساڵانێکی زۆر لە تەمەنی خۆی بۆ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەمەڕ بەرهەمە فۆلکلۆرییە کوردییەکان تەرخان کردووە، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی کورد و کوردستان نووسیویەتی: ئەوەی لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەدەبیاتی کوردی مرۆڤ تووشی سەرسووڕمان دەکات، گەشەی لەڕادەبەدەری فۆلکلۆرەکەیەتی، کە بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دێتە ئەژمار. لەبەر ئەوەی خەڵکی کورد دەرەتانی خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکیی خۆی نەبووە و لەو مافە بێبەش بووە و لە بەراورد لەگەڵ دراوسێیەکانی  وەکوو: تورک و فارس و عەرەب لەم بارەوە ژێرچەپۆکە بووە و زوڵمی لێ کراوە و ناچار بووە بۆ دەربڕینی خەیاڵ و ئێش و برک و ئازارەکانی ژیان بپەرژێتە سەر ئەدەبی زارەکی و بە شێوەیەکی بەرین و لەم دەریایە قووڵ و مەنگەدا مەلە بکەن و ئەمەش خۆی دەبڕی ئەوەیە کە ئەم خەڵکە مەیل و هۆگریەکی زۆریان بە فێربوونی زمانی زگماکیی خۆیان هەبووە. کەوایە هەر هەرچەشنە توێژینەوە و بەدواداچوونێک لە بارەی ئەدەبەوە دەبێ سەرەتا و پێش هەر هەوڵێک بگەڕێینەوە بۆ فۆلکلۆر، بەیت و باو، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق و بە گشتی فەرهەنگ و ژیاری لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم نەتەوەیە، کە نەتەنیا هەڵگری میراتێکی زۆر دەوڵەمەندی ژیان و جیهانبینیی نەوەکانی پێشووە و زۆر جاریش لە بابەت و هەوێنی فۆلکلۆریکی نەتەوە دراوسێیەکانی کەڵکی وەرگرتووە و بە تواندنەوەی لە لەناو فۆلکلۆری کوردیدا هەردەم بۆ گەشە و پەرەپێدانی هەوڵی داوە.»

ئێمە لە بەیتەکاندا لە گرنگی و بایەخی زمانی کوردی تێدەگەین کاتێ دەبینین بەیتبێژەکان ڕووداوە مێژووییەکان و حەماسییەکان و ئەشق و خۆشەویستی و دڵداریمان بۆ دەگێڕنەوە، ئەگەر زێدەڕۆیی تێدا نەکەم ئەوان لە یەک کاتدا چەند کاریان پێکەوە کردووە، ڕۆڵی مێژوونووس و ڕۆڵی سیناریۆنووس و ڕۆڵی دەرهێنەری فیلمی سینەماییشیان گێڕاوە، لە زەمەنێکدا کە مێژوونووس و سینارنۆنووس و دەرهێنەری سینەمایی لە نێو کورددا نەبوون.

بەیتەکانی سەیدەوان و قەڵای دمدم و شۆرمەحموود و مەرزینگان و باپیرئاغای مەنگوڕ و لاس و خەزاڵ و دەیانی تر کە دەتوانین لە چەند گۆشەنیگای جیاوازەوە لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە بکەین.

لە حەیراندا ئێمە پاراوی و زمان دەبینین کاتێ حەیرانبێژێک لەو پەڕی سادەییدا باس لە ئەشق و خۆشەویستی و دڵداریی نێوان دوو دڵدار دەکات. هەندێ لە لێکۆڵەرانی زمان و ئەدەبیات پێیان وایە فۆرمی حەیران بە فۆرمی شێعری نوێی ئەم سەردەمە داڕێژراوە و ئەمەش باسێکی بەرینتری لێ دەکەوێتەوە. دەتوانین بڵێین لە ڕووی پێکهاتەی زمانی و فۆرمدا حەیران زۆر دەوڵەمەندە و حەیرانبێژەکان زمانزانانی سەردەمی خۆیان بوون و بە کەڵکوەرگرتن لە وشەی جوان و ناسک ئەدەبی زارەکیی کوردییان ڕازاندۆتەوە.

لە سیاچەمانەدا کە گۆرانی و ئاوازی تایبەت بە ناوچەی هەورامانە دیسان لە ڕووی زمان و نێوەڕۆکەوە باس لە لایەنی دڵداری و نیشتمانی و عرفانی دەکرێت.

له لاوکدا لاوکبێژان بەو زمانە پاراوە جارێکی تر ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەخەنە پیش دیدی ئێمە و لە سەردەمی مودێڕنی ئەمڕۆدا بە تۆمارکراوی بۆ نەتەوەکانی داهاتوو وەک ئەرشیڤێکی پڕبایەخ دەمێنێتەوە.

**گرنگیی ئەدەبیاتی زارەکی لای بیانییەکان:**

قادر فەتاحی قازی دەڵێت: «فۆلکلۆر ئەدەبیاتی ناو خەڵکە کە زۆر لەسەر قەڵەم و زمانی شاعێرەکان و نووسەرەکان شوێنی داناوە و دیارە ئاسەواری ئەوان لەسەر خەڵک ئەسەر دادەنێ، بەڵام لەسەر خودی «فۆلکلۆر» ئەسەرێکی وا بەرچاو ناتوانێ دانێ.»

ئەمڕۆکە بە هەوڵی شارەزایانی فۆلکلۆر و ئەدەبیاتی زارەکی کاری باش بۆ کۆکردنەوەی ئەم سامانە نەتەوەییە کراوە و پتر زمانی کوردی پێ بووژاوەتەوە.

لێکۆڵەرانی بیانی لە گرنگی و بایەخی ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی تێگەیشتبوون کە گوند بە گوند گەڕان و بەشی زۆری ئەم بەرهەمانەیان لە فەوتان ڕزگار کرد. کتێبەکانی ئوسکارمان لەسەر بەیت و بەندەکانی ناوچەی موکریان یەکێک لەو کارە دەگمەنانەیە کە تا ئەمڕۆش وەک گەنجینەیەک لە ناو ئەرشیڤی وڵاتی ئاڵمان بۆ گەلەکەمان ماوەتەوە.

قادر فەتاحی قازی ڕای وایە: فۆلکلۆری کوردی بە بەراوردکردن لەگەڵ فۆلکلۆری گەلانی دیکە لە باری زمانی و وشەناسی و هەروەها جوانیناسییەوە زۆر دەوڵەمەندە و لەمێژە خۆی بە دنیا ناساندووە، وەک کارەکانی ئۆسکارمانی ئەڵمانی و ..»

هەروەها مارگریتا رودینکۆی یەکێک بووە لەو ژنە ڕووسانەی کە لە بواری (کوردناسی)دا چەند بەرهەمی ناوازەی هەیە و لەمەڕ زمان و ئەدەبی زارەکی کوردی ناوبراو دەیان لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری ئەنجام داوە و یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی دەستەی کوردۆلۆژی لە ڕووسیا. کۆکردنەوەی حیکایەتەکانی کوردی لە زاری ژنانی کورد لە ئەرمەنستان یەکێکە لە شاکارەکانی ڕۆدینکۆ کە بە هەوڵی ئەو دەیان چیرۆک و حیکایەتی ناوازەی لە فەوتان پاراست و لە زاری ژنانەوە هێنایە سەر لاپەڕەی کاغەز و ئەمڕۆ بۆ ئێمە بۆتە سەرمایەکی بەنرخ.

ڕۆژی لێسکۆی فەڕەنسەوی شاکاری مەم و زین کە بەیت و چیرۆکێکی کۆنی کوردییە لە دووتۆیی کتێبێکدا بە زمانی فەڕەنسی بە ناوی (مەمی ئالان) نووسیوە.

یان ئاندرێ برونێلی فەڕەنسەوی چیرۆک و حیکایەتەکانی ڕۆژاوای کوردستانی لە کتێبێکدا بە ناو (گولیزار) کۆ کردۆتەوە کە لە زاری ژنان و پیاوانی کوردی بیستووە.

**زمانناسی و ئەدەبیاتی زارەکی:**

ئەرکی ناوەندەکانی ئاکادێمیای زمان و بەشی زمان و ئەدەبیاتی زانکۆکانی کوردستانە کە بە شێوەی جیددی ئاوڕ لە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەدەبیاتی زارەکی بدەنەوە و کاری لێکۆلینەوەیان لەسەر بکرێت.

لە سەردەمی ئەمڕۆدا بە کەڵکوەرگرتن لە تێکنۆلۆژیای نوێ و ئامێرەکانی تۆمارکردن دەبێ هەموو بەرهەمە فۆلکلۆرییەکان بخرێنە سەر ئینترنێت و بە هەموو کەس بەردەست بێت.

پێویستە شارەزایانی زمانی کوردی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبیاتی زارەکی بکەن و لە بنچ و بنەوانی ئەو سامانە نەتەوەییە ورد ببنەوە.

دوکتور ڕەهبەر مەحموودزادە لەم بارەوە دەڵێت: «زمانناسانی کورد بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشینەی زمانی کوردی، هیچ سەرچاوەییێکی باشتر لە فۆلکلۆر پێ شک نایە. هەڵبەت ئەو گرنگایەتییەی فۆلکلۆر هەتا هاتووە و کاتی بەسەردا تێپەڕیوە کەمتر بووە. من وای بۆ دەچم گرنگیدان بە فۆلکلۆر لە زەمانی (گۆران)دا زۆر زیادتر لە گرنگیدانی بەرەی ئێمە بووە.»

لە ڕووی کۆکردنەوەی پەندی پێشینیان کاری باش و بەسوود کراوە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵام دیسان پێویستە پتر کار بکرێ، چونکە پەندەکان وێڕای ئەوەی کورتن لە نێو خۆیاندا هەڵگری بابەتگەلی تایبەت و دەگمەن کە لە ڕووی شیکاریی کۆمەڵایەتی پڕن لە واتا و پەیام.

لە ڕووی زمانیشەوە پەندی پێشینیان زۆر دەوڵەمەندە و دەتوانین بە یەکێک لە کۆڵەکەکانی زمانی کوردی ناوی ببەین.

**کاریگەرییەکانی زمانی ئەدەبیاتی زارەکی لەسەر ئەدەبیاتی نووسراوە:**

شەریف فەلاح نووسەر و لێکۆڵەر ڕای وایە: «پێچەوانەی ئەدەبی نووسراو، بیچم و فۆرمی ئەدەبیاتی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای زار یان بەو چەشنەی کە باوە، واتە سینگ بە سینگ ئەنجام دەدرێ. ئەم بابەتە دەبیتە هۆی بەستێن و ڕەخسێنەری شکڵ و فۆرمگرتنی گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە دەقێک،

جا چ ئەفسانە، حیکایەت، پەند، مەتەڵ یان چیرۆکی درێژ بێت. کەم دەقی زارەکی لە نێو ئەدەبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێ کە لە دوو گێڕانەوەی جیادا بەتەواوەتی بەشەکانی پێکەوە هاوسەنگ و بەتەواوەتی لێک بچن.»

بەڵام دەبێ ئەو خاڵە لە بەرچاو بگرین کە ئەدەبیاتی زارەکی و کاریگەرییەکانی زمانی ئەم شێوە ئەدەبیاتە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر ئەدەبیاتی نووسراوەی ئەمڕۆش داناوە.

ڕەسووڵ سوڵتانی نووسەر و وەرگێڕ لەم بارەوە دەڵێت: «بەشێکی هەرە زۆری ئەوەی ئێستا بە ناوی شێعری نوێی کوردی بڵاو کراونەتەوە، ـ پێشتریش باسم کرد ـ نەیتوانیوە لە ڕەوانبوون و ئاوازی ناوەکی و فۆرم و وێنەی شازدا سنووری هێندێ کۆپلەی بەیت و حەیرانەکان ببڕێ. ئەگەر بێین و نێوەڕۆکەکەیان لە بەرچاو نەگرین و تەنیا بە پێوەری سەنعەتەکانی شێعر هەڵیانسەنگێنین، ئەوان بگرە سەنعەتکاری جوانتریشیان تێدا کراوە. بۆیەش ناوەڕۆک هەڵداوێرم، چونکە هەر کامیان باسی جیهانبینی و کەڵکەڵە و ویست و داخوازی سەردەمی خۆیانن. بۆ وێنە لە حەیران و بەیتدا نایە باسی گلۆپ و فڕۆکە و شەمەندەفەر بکا، کاتێ بە پێوەری سەنعەتە شێعرییەکان لێکیان دەدەیتەوە سەرت سووڕ دەمێنێ لەو لێزانی و وەستاییەی هۆنەرانی نەخوێندەواری بەیت و حەیران.»

لە ڕوانگەی قادر فەتاحی قازیشەوە؛ «شاعێر و نووسەر لە باوەشی گەل دێنەدەر، فۆلکلۆریش ئەدەبیاتی گەلە، کەوابوو فۆلکلۆر لەسەر شێعر، چیرۆک، ڕۆمان، ڕەخنە کاریگەری تەواوی هەیە. ئەو ئاسەوارە لە بۆشاییدا ناتوانن وەدی بێن و هەڵقوڵن.»

ئەحمەد بەحریش ڕای وایە: «نووسەر بە وەدیهێنانی بەرهەمی خۆی پێویستیی بە زمان بە وشە و عیبارەت و تایبەتمەندییەکانیەتی. پێویستی بە ئاگاداری لە سەر ئۆستوورە و ئەفسانە و قارەمانەکانە. بەشێکی هەر زۆری ئەوانە لە چوارچێوەی فۆلکلۆردا کۆ بوونەتەوە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا زۆرن نموونەی ئەو شاعێر و نووسەرانەی کە بە لێشاو بەرهەمەکانیان ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پڕیەتی لە بابەتی فۆلکلۆری.»

لە کۆتاییدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین کە ئەدەبیاتی زارەکیی کوردی دەریایەکە پڕ لە دوڕ و مەرجان کە پێویستی بە لیکۆلینەوەی وردتر هەیە. زمان دەوری سەرەکی دەگێڕێ بۆ گوازتنەوە و مانەوەی هەر کام لە ژانرە جیاوازەکان. ئێمە ئەمڕۆ خاوەنی سەرمایەکی نەتەوەیین بە ناوی ئەدەبیاتی زارەکی و دەبێ بۆ پاراستن و بە ئەرشیڤکردن و هێنانە سەر لاپەڕە بۆ کاری لێکۆلینەوە کاری جیدی بکرێ.

**بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەو سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:**


١/میژووی ئەدەبی کوردی، عێزەدین مستەفا ڕەسووڵ

٢/ ڕۆچنەیەک بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،بەرگی زمان و ئەدەبی زارەکی، ئامادەکردنی شەریف فەلاح

٣/ فۆلکلۆری کوردی و سێ ڕوانگە، دیمانە لەگەڵ قادر فەتاحی قازی، ئەحمەد بەحری و ڕەهبەر مەحموودزادە، سازدانی زانکۆ خەلیفە

٤/ ئەدەبی زارەکی و تایبەتمەندییەکانی، دیمانە لەگەڵ ڕەسووڵ سوڵتانی، سازدانی شەریف فەلاح

٥/ گەنجی سەر بەمۆر، بەحری، ئەحمەد، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

٦/بەیتی سەیدەوان لە ئەدەبی زارەکیی کوردیدا، جەمال نەجاڕی

# ئەدەبی زارەکی و خەسڵەتەکانی

**شەریف فەلاح**

**پوختە:**

ئەدەبی زارەکی بەشێکی گرینگە لە فۆلکلۆر و بۆ ئەوەی تێگەیشتن و فامێکی وردی بکەین، پێویستە لە پێشدا هێندێک شیکردنەوە و زانیاری لە بارەی فۆلکلۆرەوە بخەینە ڕوو.

فۆلکلۆر (Folklore) بە واتای فەرهەنگی خەڵک، فەرهەنگی کۆمەڵ، فەرهەنگی جەماوەر و... مانا کراوەتەوە، بۆ یەکەمجار لە لایەن «ویلیام جان تامز»ی بریتانیاییەوە لە ساڵی (١٨٤٦ی زایینی) داهێنراوە، بە ڕای ناوبراو ئەم وشەیە سەرتۆپی ئەو توێژینەوانە بووە کە دەبوا لە بوارەکانی، خۆ و خدە، دابونەریت و ڕوانین، خورافات و ئەو گۆرانی و ئاوازانەی کە لە سەردەمە کۆن و کەونارایییەکانەوە ماونەتەوە، لێکۆڵینەوە کرابا.

سەرەتا جێگرتن و قبووڵکردنی ئەم دەستەواژەیە لە لایەن لێکۆڵەر و توێژەرانەوە مشتومڕی زۆری لە بارەوە کرا، ئەوەش لەو تاریف و پێناسانەوە سەرچاوەی دەگرت کە لەمەڕ ئەم وشەیە هێنابوویە گۆڕێ، سەرەڕای ئەو پێداگریی و دژایەتییە زۆربەی لێکۆڵەران، سەرەنجام ئەم دەستەواژەیە لە نێو کۆمەڵی نووسەر و لایەنگرانی زانست و فەرهەنگدا جێگای گرت و کەوتە سەر زاران.

**پێشەکی:**

پێناسەی جۆراوجۆر لە فۆلکلۆر خراونەتە ڕوو، ئەم پێناسانە هێندێک جار زۆر لە یەکەوە نزیک و هێندێک جاریش مەودایەکی هەتا ڕادەیەک دووریان پێکەوە هەیە، پشکنین و ڕوانینی وشەدان و ئینسکلۆپیدیا گرینگ و سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی جیهان، دەربڕی ئەم جیاوازییانەن، لە فەرهەنگە تایبەتی و پسپۆڕییەکانیشدا لەگەڵ کێشە و جیاوازیی لەم چەشنە بەرەوڕوو دەبین، بۆ وێنە لە یەکێک لە فەرهەنگە پسپۆڕییەکان، بەناوی «فەرهەنگی ستانداردی فۆلکلۆر، ئوستوورەناسی و ئەفسانە» نزیک بە بیست و یەک پێناسەی جیاواز لە فۆلکلۆر خراوەتە ڕوو، ئەم جیاوازییانە پتر لە هەر شتێک پێوەندیی بەو هەڵێنجانانەوە هەیە کە بە نیسبەت دوو بەشی ئەم دەستەواژەیە، واتە «Folk و Lore» لە لای توێژەران لە گۆڕێدایە، لە ڕاستیدا مانای ئەم دەستەواژەیە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەو پێناسەوە هەیە کەلە «Folk» (خەڵک یان کۆمەڵ) و«Lore» (فەرهەنگ) دەخرێتە ڕوو. بۆ وێنە لە یەکێک لە فەرهەنگە ئەدەبییەکاندا «Folk» بە واتای

گشتی، یان جەماوەر لە بەرچاو گیراوە و بەپێی ئەم فامکردنە لەمەڕ«Folk Literature» کە بەشێک بووە لە فەرهەنگی گشتی، نووسراوە:

(١)»ئەدەبی جەماوەرپەسند لە نێو ئەو کۆمەڵانەی کە زۆربەی خەڵکەکەی توانایی خوێندن و نووسینیان نییە، برەوی هەیە».

(٢) لە یەکێکی تر لە فەرهەنگە فارسییەکاندا دەستەواژەکانی «FolkLore و LiteraturFolk »، بە یەک واتا هاتوون کە نووسراوە: «ئەدەبیاتی گشتی یان جەماوەرپەسند، یان فەرهەنگی کۆمەڵ، یان فۆلکلۆر، لە بەرانبەر ئەدەبیاتی فەرمی کە بەرهەمی زەینی خەڵکی خوێندەوار و ئاکادیمییە، کۆمەڵێکە لە گۆرانی، حیکایەتی نێو کۆمەڵ، شانۆنامە، مەتەڵ، سیحر و جادوو و پزیشکیی ڕەشۆکی کە لە نێو خەڵکی سەرەتایی و نەخوێندەواردا برەوی هەیە»، بەپێی ئەم دەرک و پێناسانە، ئەو کۆمەڵگایانەی کە زۆرینەی دانیشتوانی توانایی خوێندن و نووسینیان هەبێت، لە فۆلکلۆر بێبەش و بێبەرین، بەپێی ئەم پێناسانە، هەروەها دەکرێت بگوترێت لەو کۆمەڵگایانەش کە خوێندنەوە و نووسین گشتگیر نەبووە، ئەو گرووپ و تاقمانەی کە خاوەنی خوێندەواریی خوێندن و نووسینن، خاوەنی فۆلکلۆر نین.

وەها پێناسەگەلێک تەنیا تایبەت بە نەتەوە و گەلان و وڵاتانی ڕۆژهەڵات نییە، بەڵکوو لە لای نەتەوە و وڵاتە ڕۆژاوابییەکانیش دەکرێت لەگەڵ پێناسە و چەمکی لەو چەشنە بەرەوڕوو بینەوە.

بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە بە پشتبەستن بە پێناسەیەکی بەرتەسک لە دەستەواژەی FOLK خراونەتە ڕوو، ئەمڕۆکە فۆلکلۆرناسان لەناو کۆمەڵگا پیشەسازی و پێشکەوتووەکانیش

شێواز (ژانــره) جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتی زارەکی و جەماوەرپەسندیان دۆزیوەتەوە و بەپێی میتۆد و ڕێکارە زانستی و ئاکادیمییەکانی ئەمڕۆ توێژینەوەیان لەبارەوە دەکەن.

بۆ وێنە لەناو کرێکارانی کۆمەڵگا پیشەییەکان، یان تەنانەت لەناو کۆمەڵی خوێندەوارانی باڵای نەتەوە و گەلانی جۆراوجۆر، مەتەڵۆک، هەجو و تەنز، گۆرانی و ئاوازی کۆن و ڕەسەن برەویان هەیە کە بێگومان ئەچنە چوارچێوە و خانەی پێناسەی فۆلکلۆرەوە.

لە پەنای ئەم هەڵێنجانە کە دەگەڕێتەوە بۆ تێگەیشتن و فامی کۆمەڵێکی کەم لە «خەڵک» یان «گشت» (FOLK)ـە، دەکرێت ئاماژە بە هێندێک تێگەیشتن و پێناسە بکەین کە لە پێناسەی دەستەواژەی «فەرهەنگ» (LORE)یدا پێکەوە جیاوازییان هەیە، کۆمەڵێک تەنیا ئەدەبیات و هونەر و دەسکەوتە مەعنەوییەکانی دیکەی هاوشێوە بە فۆلکلۆر پێناسە دەکەن و هێندێکی دیکەش پێناسەیەکی گشتی و هەمەگیریان خستووەتە ڕوو، واتە سەرچاوە مادییەکانی کۆمەڵگاشیان لە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەدا گونجاندووە.

**وشە و دەستەواژە سەرکییەکان:**

**فۆلکلۆر، ئەدەبی زارەکی، فەرهەنگ، حیماسە، ئوستوورە، پێناسە و خەسڵەتەکان.**

سەرەڕای ئەو هەموو جیاوازیی و جۆراوجۆرەی کە لەو تێگەیشتن و پێناسانەی کە لە گۆڕێدان، هەتا ڕادەیەک هەموویان لەسەر بابەتێک کۆکن، واتە لەمەڕ شێواز و جۆری گواستنەوەی

فۆلکلۆر، ئەدەبی نەنووسراوی نەتەوەییە کە هەڵگری بیر و باوەڕ، ئەندێشە و تێگەیشتنی جەماوەرە لە ژیان وەکوو ماکە و هەوێنی فەرهەنگی نەتەوەیی هەر نەتەوەیەک دێتە ئەژمار کە لە چەندین لق و شاخەی جیاواز پێکهاتووە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، بەپێی ئەم خاڵە هاوبەشە، فۆلکلۆر بەو بەشە لە زانست و هونەر دەوترێت کە بە شێوەی زارەکی و زارە و زار، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە.

**مێتۆد و ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە:**

مەبەست لەم باسە، دەستنیشانکردنی ڕەهەندێکی بەربڵاو و گشتییە لە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی و خستنەڕووی سەرباس و تـەوەرکـان، خـاڵی هـاوبـەش، لێکچوو و جیـاوازییـەکـان و خەسڵەتەکانیانە.

ئەم خاڵە هاوبەشە، گەرچی دەربڕی بەشێک لەم کەتوار (واقیع) ـەیە، بە تەنیا خۆی ناتوانێت پێناسەیەکی کامڵ و پوخت بێت، چونکە دەکرێت زۆرێک لە مادە و نموونە خاوەکانی فۆلکلۆر وەک نموونە بێنینەوە کە بە شێوەی زارەکی ناگوازرێنەوە و پەرەش دەستێنن، هەڵبەت دەکرێت ناوی ئەم جۆرە لە فۆلکلۆر بنێینە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی نوێ و نەوەی ئەمڕۆ کە بەپێی سیستم و پێکهاتە و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی مرۆڤی هاوچەرخ دێننە بەرهەم و پەرە دەستێنن، بۆ وێنە، شێعرە زارەکییەکان، ڕستە و شێوە ڕستەکان کە لەسەر کامیۆن و ترەیلی و کەرەسەکانی دیکەی مرۆڤ دەنوسرێن و بەردەوام لە نێو خەڵکدا دووپات دەبنەوە، ئەمانەش ئەچنە خانەی فۆلکلۆرەوە، ئەو وشە و ڕستە بیرەوەرییانەی کە

لەسەر دار و دیوار و بەرد دەنووسرێن، نووسراوەی سەر گڵکۆ و کێلی گۆڕەکان، دۆعا، تەلیسم، گرێبەست، قەباڵەی کڕین و فرۆشتنی نەریتی و وەسیەتنامە بنەماڵەییەکان و دەیان نموونەی دیکە هەموویان بەشێکی بەرچاون لە فۆلکلۆر کە تەنیا لە ڕێگای نووسینەووە و لەبەرکردنەوە دەپارێزرێن و بۆ نەوەکانی تر دەگوازرێنەوە.

هەروەها دەکرێت لە بارەی هونەری ڕەسەنی خەڵکی ئاسایی و تایبەت سەما و هەڵپەڕکێ، ئەو پیناسەیەی سەرەوە بەربڵاوتر بکەینەوە و ئەمانەش بخەینە خانەی ئەو پێناسانەوە، هەڵپەڕکێ تەنیا لە ڕێگای ڕوانین و فێربوون و ڕاهێنان و تێکەڵبوونەوە دەکرێت پەرەی پێ بدرێت، نەک لە ڕێگای زمانەوە.

جیا لەو بابەتانەی کە باس کران، دەکرێت ئاماژە بەو زانست و زانیارییانە بکەین کە سەرەڕای ئەوەی بە شێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێنەوە، بەڵام ناچنە خانەی فۆلکلۆرەوە.

لەناو نەتەوەی کورددا وەکوو یەکێک لەو نەتەوە ڕۆژهەڵاتییانەی کە خاوەنی سامانێکی دەوڵەمەند و بەپێزە لەم بارەوە و گەلێک سەرچاوە و مادەی خاوی فۆلکلۆرێک و ئەفسانە و ئوستوورەی کۆن و ڕەسەن لە دووتوێی مێژوو و ژیار و شارستانیەتیدا حەشار دراوە، لە ماوەی نزیک بە سێسەد ساڵی ڕابردوودا کە نووسین و خوێندنەوە لە لای ئەم نەتەوەیە برەوی پەیدا کردووە، تەنیا زار بە زار و لە ڕێگای زەین و لەبەرکردنەوەوە ئەم سامانە خۆماڵیانەیان پاراستووە، بەپێی دەقە مێژوویی و بەڵگەی فۆلکلۆری و بەتایبەت بەیت و باو حیکایەت و داستانە رەسەنەکان ئەم شێوازە هەرچەند

هەتا ڕادەیەکی زۆر دەقە خۆماڵییەکانی بۆ هێشتووینەتەوە، بەڵام هەر گێڕەرەوە و بەیتبێژ و حیکایەتخوانێک بەپێی بەرژەوەندیی ناوچەیی، کات، شوێن و زۆر جاریش سەلیقە و هێندێک جاریش نەزانی و لەبیرچوونەوە، دەستکاریی دەقەکانیان کردووە، کە یان کەمی کردووە یان زیاد.

ئەم شێوازە زەربەی لە هێندێک دەقی کۆن و دانسقەی کورد داوە کە ئێستا لە بەیت، یان چیرۆک و حیماسەیەکی میللی یان مێژوویی و دڵداری چەند گێڕانەوەیەکی جیا بەرچاو دەکەوێت کە جیاوازیی و لێڵییان تێدایە.

دڵسۆزان و پێشەنگانی ئەم بوارە لەبەر نەخوێندەواری و هەست نەکردن بە گرینگیی ئەم وێژە بەنرخە، بەردەوام درێژەیان بەو کارە داوە و نەبوونی دامودەزگا و ناوەند و سیستمی خوێندن و نووسینی تۆکمە، بوونی شەڕ و ئاڵۆزیی کوردستان، دابڕانی زاراوەکان لە یەکتر و نەبوونی پێوەندییەکی چڕوپڕ لەناو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان زیاتر ئەم سەرچاوانەی لێڵ کردووە و کەسیش پێشی بەو ئاڵۆزییە نەگرتووە.

لە ماوەی نیو سەدەی ڕابردوودا مامۆستا، توێژەر و خوێندەوار و فۆلکلۆرناسانی کورد بۆ خۆیان شانیان داوتە بەر کۆکردنەوە و نووسینەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان و بەشێک لە ئەدەبی زارەکیی ئەم نەتەوەیەیان لە فەوتان ڕزگار کردووە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بەر لە نووسەرە خۆماڵییەکان هێندێک لە ڕۆژهەڵاتناسان بەشێکی بەرچاو لە ئەدەبی زارەکی، بەتایبەت بەیت، حەیران، گۆرانی و شێعرە دڵدارییەکانی هێندێک ناوچەی کوردستانیان کۆ کردووەتەوە و بە زمانی ئەڵمانی، فەرانسەیی

و ئینگلیزی و ڕووسی وەریانگێڕاوە کە دیسان لەو زمانانەوە کراونەتە کوردی و دواتر کەوتوونەتەوە بەرچاوی خوێنەری کورد.

لێکۆڵەرانی کورد لەبەر هەر هۆیەک بووبێت، تەنیا سەرچاوە و دەقە کۆنە خۆماڵی و فۆلکلۆرییەکانیان کۆ کردوونەتەوە و لە فەوتان ڕزگاریان کردوون، ئەوان بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە زانستایانە و بەپێی میتۆدی ڕۆژ، بابەتیانە و مەیدانی توێژینەوە لەسەر ژانرە جۆراوجۆرەکانی فۆلکلۆری نەتەوەی کورد بکەن.

هەتا ئێستاش توێژەران و فۆلکلۆرناسان و شارەزایانی ئەم بوارە نەهاتوون لە هەوێن و سەرچاوە و چاوگ و سەرهەڵدان، چۆنیەتیی بەدیهاتن، پاراستن، قۆناغەکان، گواستنەوە، زمان و جوانیناسی، لایەنی پەروەردەیی و ئامۆژگاری، شوناس و عەقڵانیەتی کورد لە فۆلکلۆر، دەروونناسی، کۆمەڵناسی، کاریگەریی کۆمەڵگایەکی خێڵەکی و دەرەبەگایەتی لەسەر ئەم جۆرە لە ئەدەب، کاریگەریی سروشتی کوردستان و نەتەوە و وڵاتانی دراوسێ و... توێژینەوەیەکی مەیدانی و هەمەلایەنە بکەن و بۆ نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتوو بیکەنە وانە.

کەوایە ئەم بەشە لە ئەدەبی ئێمە هێشتا بەسەر داپۆشراوی ماوەتەوە و نازانین بەشێکی زۆریان لە هەزێن و نێوەڕۆکیاندا چییان تێدا حەشار دراوە، کە هێشتا نووکی پێنووس و شنەبای هزری بیرمەندان ڕێیان لێی نەکەوتووە و بە شەقڵ نەکراوی ماونەتەوە و تەنیا بۆ پێداهەڵگوتن و تاریفکردنیان ئازاین، فۆلکلۆر بەشێکە لە نۆستالۆژیا و هەرێمی گەڕانەوەی کورد بۆ ڕابردوو و پاشخانی خۆی، لە دوتوێی گۆرانی، سیاچەمانە، لاوک و حەیران،

بەستە و بەیت و لایەلایە و چەمەری و بەستە دڵدارییەکاندا چە کسپە و هاوارێک پەنگیان خواردووە؟ ئەو مرۆڤە نەناسراوانەی کە دانەر و خولقێنەری ئەم ئەدەب و هونەرەن ویستوویانە چی بە ئێمە بڵێین، خولیاکانیان چی بووە، چۆن ژیاون؟ کە دەکرێت بە شیتەڵکاری و توێژینەوەی بابەتەکانیان لە رابردووی تاریکی مێژووی هزری نەتەوەکەمان بگەین.

لێرەدا بەپێی چوارچێوە و تایبەتمەندیی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکیی هەر نەتەوەیەک کۆمەڵێک ڕەهەند و سەرباس دەخەینە ڕوو و لە سەرچاوە و چۆنیەتیی پەیدابوون و گواستنەوە و قۆناغی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دەکۆڵینەوە کە زیاتر ئاراستەیەکی گشتی بەخۆیەوە دەگرێت، نەک تایبەتی.

**ئەو بابەت و چەمکانەی کە لە توێژینەوەی فۆلکلۆردا دەبێت بخرێنە ڕوو:**

یەک لە بابەتە بەرباسەکانی فۆلکلۆر ئەدبیاتی زارەکییە کە خۆی بە چەند جۆری جیاواز دابەش دەبێت:

ئوستوورەکان، حیکایەتە ئوستوورەییەکان، ئەفسانەکان، حیکایەتی پاڵەوانی، حیکایەتە ڕاستەقینەکان، ڕاز و چیرۆک، سەربوردە، پەند کە هەرکامەیان خاوەنی پێکهاتە، بابەتی دیاریکراو و جیاواز لە یەکترن، لە هەمان حاڵدا هەرکام لەو ژانرانە بۆ خۆیان بەسەر چەندین بەش و لقی بچووکتردا دابەش دەبن. تایبەتمەندیی هاوبەشی نێوان جۆرە جیاوازەکانی ئەدەبی زارەکی، دەبڕی ڕەوایی بوونیانە.

دەستەیەکی تر بریتین لە: ئاواز و گۆرانییەکان، هەڵبەست و هۆنراوە، دووبەیتی و تاکە بەیت، چەمەری و شین و شەپۆڕ،

شێعری لاواندنەوە و تازیەباری و ....تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە فۆلکلۆر کێش و سەروادار بوونیانە.

دەستەیەکی دیکە بریتیە لە: مەتەڵەکان، پەند و ئامۆژگاری، مەتەڵ، تەتەڵەی زمان، یارییە زمانییەکان، قسەی سەرزاران، ئەوەی کە لەم بەشەدا باسیان لێوە کرا، هەرکامەیان لایەنگەلێک لە ئەدەبی جەماوەریان تێدایە.

بەشێکی دیکە لە فۆلکلۆر، بریتیە لەو دەستە لە دابونەریت و ڕێوڕەسمە مەزهەبی و ئایینیەی کە لە لای جەماوەر و خەڵکی ئاسایی باوە، بەبێ ئەوەی کە لە مەزهەبە فەرمییەکاندا هێما و نیشانەیەکیان هەبێت، وەکوو جۆرە جیاوازەکانی سفرە ڕازاندنەوە، کە لەوانەیە هێندێک لەم دابانە تەنانەت لە لایەن بەشێک لە مەزهەبە فەرمییەکانەوە قەدەغەش کرابن، وەکوو جۆرێکی دیاریکراو لە تازیەباری بۆ ڕێبەر و کەسایەتییە پیرۆزەکان (قەمە و تیغ وەشاندن) لە لای شیعەکان بۆ ئیمام عەلی و حەسەن و حوسێن و لە لای پێڕەوانی سوننەش تەریقەتەکانی نەقشبەندی و قادری و تاڵەبانی بۆنە و ڕێوڕسمی لەم چەشنەیان هەیە.

جێژنە مەزهەبیەکان بۆ خۆیان جۆرێکن لە فۆلکلۆر و دابی کۆن، وەکوو جێژنی ڕەمەزان و قوربان، لەدایکبوونی پێیغەمبەر، مەولوودی خوێندنەوە (مانگی مەولوود) و سەردان و بەسەرکردنەوەی دۆست و ئاشنا و خزمان لەم بۆنانەدا (هەرچەند لە بنەڕەتدا زۆرێک لەم بۆنە ئایینییانە موڵکی بەشێک لە نەتەوەکان نین، بەڵام بەهۆی تێکەڵاویی فەرهەنگی و پێکەوەژیان و زۆر جاریش بە زەبر بەسەریاندا سەپاوە و بوونەتە بەشێک لە فەرهەنگ و پێوەندیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگاکان).

بەشێکی تر لە فۆلکلۆر، بریتیە لە: دابونەریت و بۆنەی تایبەت بە زماوەند و گۆڤەندەکان کە لە لای نەتەوەی کورد ئەمە زۆر ڕەسەن و خۆماڵی و خۆجێیترە وەکوو: خوازبێنی، قەتح و بڕ، دەست ماچکردن، دەزگیرانی و جۆرەکانی هەر ناوچەیەک بەپێی نەریتی خۆی، ناودێرکردنی کچ و کوڕ هەر بە منداڵی بۆ یەکتر، زەماوەندی زۆرەملێی کچە مام و کوڕە مام، خەتەنەکردن، جێژنگرتن، داوەت و شێوازەکانی، حەمام بردنی بووک و زاوا، برا زاوا، بەربووک، شەوگەڕی زەماوەند و یارییەکانی، دەلاکی و حەکیم باشی، دوکتۆرە خۆماڵییەکان، کاری مامانی، ناوکبڕینی منالان، دۆعا و ویرد بۆ ئەو ژنانەی کە دێر لە منداڵبوون دبنەوە، یان نەزۆکن، شوشتنی منداڵ، ناونانی منداڵ و چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ناو و بانگ بە گوێدادان.

- تەوافکردنی شوێن و مەزارگە پیرۆزەکان، دابونەریتەکانی پێش لە سەفەر، ئاشتی و ئازا و حەلالکردنی یەکتر و لێبوردن.

- چوارشەممە سووری، نەورۆز، میری نەورۆزی، ڕێوڕەسمی کۆسە، سەردان و بەسەرکردنەوە، نەورۆزانەدان و نەورۆزانەوەرگرتن، سێزدەبەدەر، کردنەوەی گرێی بەخت.

- تازیەباری و بۆنەکانی، سێ ڕۆژە، حەفتە، چلە، ساڵوەگەڕ، جێژنانە، قوربانی و جۆرەکانی و دابەشکردنی گۆشتی قوربانی و خێر و خێرات، مەرگ و چۆنیەتیی تازیەباری بۆ لاو و جوانەمەرگەکان، وەکوو: سەر ڕووتکردن، زوڵف و کەزیە و گۆنارنین و لاواندنەوە و بالوورەی تایبەت بە لاوان و جوامێران، ڕێوڕەسمی تایبەت بە پیاوان و ژنان کە لە لای هێندێک لە هۆز و تایفە و خێڵەکان جیاوازی هەیە.

ـ بەشێکی زۆر لەم بۆنە و دابونەریتانە تێکەڵن بە بیرکردنەوەی خورافە و نەگونج کە لەگەڵ عەقڵ و ئاوەزی مرۆڤدا ناگونجێت و عەقڵانییەت و لۆژیکێک لە پشتیانەوە نییە، بۆیە ئەمڕۆکە ئیدی لە لایەن نەوە و مرۆڤی ئەمڕۆوە زۆرێکیان وەلا نراون و ئەنجامدان و بەجێگەیاندینان بە ڕەوا نازانن و جیاوازیی بیروڕا لەمەڕ دروست و هەڵەبوونیان لە گۆڕێدا هەیە، وەکوو:

ـ سیحر و جادوو و ڕەماڵی، فاڵگرتنەوە، دۆعا و ویرد، شێوازەکانی نواندنی خۆشەویستی، خاک و تەبەڕەکی زیارتگا و شوێنە پیرۆزەکان، گەسکلێدان، نینۆکگرتن، ترسان لە تاریکی و قەبرستان، دێو و درنج، نان و نمەک و حورمەت، خەونگێڕانەوە، گیانلەبەران و بیر و باوەڕی جۆراوجۆر لە بارەیانەوە (سەگ بە وەفایە هەمیشە دۆعا دەکات خاوەنەکەی تەمەنی درێژ بیت، بەڵام پشیلە سپڵەیە و ئاواتی مەرگی ساحێو ماڵە).

ـ وەرزێڕی و جووتیاری، شێوەکانی داچاندن و وەشاندنی تۆو و هەڵگرتنەوەی بەرهەم، دابەشکردنی بەرهەم و دانەوێڵە، دۆعای تایبەت بە سەرخەرمان، جێژنی خەرمان، شێواز و دابەشکردنی نۆرەی ئاودێری، چۆنیەتیی دانی مزدی میراو (ئەو بڕە پارەیە بۆ میراو دیاری دەکرێت)، ناوە خۆماڵییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، ئایین و بۆنەکانی بارانبارین (بووکە بارانە) و بۆنە و ئایینی باران بڕینەوە.

ـ ئاژەڵداری، ناوی خۆماڵیی ئاژەڵەکان، لەوەڕاندنی ئاژەل و مێگەل، شوانگرتن، نۆرە مێگەل، خواردن و خۆراکە تایبەتە خۆماڵییەکان، مانگا و مەڕدۆشین، مەشکە ژەندن، ڕانەبێرە، بێری و ئەوینی نێوان شوان و بێری کە لە بەیتە کوردییەکاندا زۆری باس کراوە.

ـ جۆر و شێوازە جۆراوجۆرەکانی یاریی خۆماڵی و ناوچەیی، یاریی منداڵان و گەورە ساڵان، شێعر و هۆنراوەی کاتی یاری، یاریی و کایەکانی شەوانی زستان و شەوچەرە و دابونەریتەکانی تایبەت بە شەوی چلە، ئەفسانە و ئوستوورەکانی تایبەت بە دابەشکردنی وەرزی زستان، چلە گەورە، چلە بچکۆلە، خاتوو زمهەریر و...

هەرکام لەو بۆنە و ئایین و دابونەریتانە لە هەر ناوچەیەکی ئێران و کوردستان و وڵاتانی دیکە لێکدانەوە و پێناسەی جیاواز و تایبەتیان هەیە و زۆرێک لەو بۆنە و نەریتانە هێندە بەنرخ و دەوڵەمەندن کە دەکرێت نامیلکە و کتێبی تایبەتیان لە بارەوە بنووسرێت و توێژینەوەی سەربەخۆیان لەسەر ئەنجام بدرێت.

هەروەک لە نێوەڕۆک و هەوێنی هەرکام لەو فۆلکلۆر و نەریتە تایبەتیانەدا دەردەکەوێت، دەکرێت فەرهەنگی گشتی و جەماوەر بە دوو بەشی سەرەکیی ١ ـ زانستی گشتی ٢ ـ ئەدەبیاتی گشی دابەش بکرێن، بە واتایەکی تر، فەرهەنگی جەماوەر لە لایەک لەگەڵ مرۆڤناسی و لە لایەکی دیکەشەوە لەگەڵ ئەدەب لە پێوەندیدایە، بۆ نموونە ئەو بەشانەی کە پێوەندییان بە دابونەریت، ئایین، بیروباوەڕەکان، جێژن و بابەتی لەم چەشنەوە هەیە، زیاتر لە گشت بە مرۆڤناسییەوە نزیکن و بەشگەلێکی وەکوو: ئەفسانەکان، ئوستوورە، حیکایەت، گۆرانی، هۆنراوە، پەند و قسەی نەستەق و ئامۆژگاری و...دەچنە خانەی پێناسەی ئەدەبیاتەوە، هەر ئەم مەسەلەیە بووەتە هۆی هاتنە ئارای باسی جیدی و چڕوپڕ لە لای بیرمەندان و تیئۆریداڕێژانی فەرهەنگ و هونەر و ئەدەبیات و هەروەها لەمەڕ خاڵە هاوبەش و جیاوازییەکانیان توێژینەوە و بەرهەمی بەنرخ نووسراوە.

ئەمڕۆکە فەرهەنگی جەماوەر لە زۆرێک لە وڵاتانی ئەورووپا، ئەمریکا، هیند و وڵاتانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو، وەک زانستێکی سەربەخۆ کەوتووەتە بەر سەرنج و لە سیستمی خوێندنی زانستگاییدا شوێن و پێگەیەکی بەرزی هەیە و کۆلیژی تایبەتی بۆ تەرخان کراوە.

خاڵێکی دیکە کە دەکرێت لە پێکهاتە و بەشەکانی فۆلکلۆردا ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە ئەو بەش و لایەنە جۆراوجۆرانەی کە باسیان لێوە کرا، دەربڕی هەست و نەست، بیروباوەڕ، کردار و ئاوات و خۆزگەی هەر نەتەوەیەکن و لە هەناو و جەوهەری ئەو نەتەوە و گەلەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە واتایەکی تر پیناسەی نەتەوەن.

**فەرهەنگی فەرمی و نافەرمی:**

ئەو پرس و بابەتانەی کە لێڵن و بە ئاسانی لە فەرهەنگی فەرمیی نەتەوەدا دیار ناکەون، دەکرێت بە تاوتوێ و لێکدانەوە و شیتەڵکاریی فەرهەنگی گشتی، دەستمان پێیان ڕابگات، لەم ڕووەشەوە لێکدانەوەی (فەرهەنگی نافەرمی)یش بۆ فۆلکلۆر بەکار دەبرێت، هەر بەم بۆنەوە، دەبێت بڵێین کە خوێندنەوەی هەر کۆمەڵگایەک، ئەوکات ڕەوایە و دەگونجێت کە بەرەنجامی ئەرێنیی لێدەکەوێتەوە، کە جیا لە تاوتوێی فەرهەنگی فەرمی، بواری «فەرهەنگی نافەرمی»یش بگرێتەوە.

«یەکێک لە هۆکارەکانی پرۆسەی مەیدانی لە بواری توێژینەوە زانستییەکاندا، دەرک و فامکردنی ئەم زەروورەتانەیە، ئەگەر فەرهەنگی کۆمەڵگایەک بە باڵندەیەک بشهوبهێنین، فەرهەنگی

فەرمی و فەرهەنگی گشتی (نافەرمی)، دوو باڵی ئەو باڵندەیەن، هەوڵدان بۆ ناساندنی هەر کۆمەڵگایەک، ئەگەر بێت و تەنیا پشت بە فەرهەنگی فەرمی ببەستێت، هیچ بەرەنجامێکی نابێت، تەنانەت ناسینی فەرهەنگی فەرمیی کۆمەڵگا کاتیَ‌ت دەلویَ کە فەرهەنگی گشتی (نافەرمی) ئەو کۆمەڵگایە، بە ڕێکوپێکی تاوتویَ بکرێت و بە وردی بناسرێت.

چونکە فەرهەنگی گشتی دەق و هەیکەڵی سەرەکیی ژیانی تاک پێک دەهێنێت، کە وایە لەسەر زۆربەی حاڵەت، ڕەفتار، ئاکار و ئەندێشە مرۆییەکان کاریگەری دادەنێت و لەم سۆنگەیەشەوە فەرهەنگی نافەرمی بیَ کاریگەر نامێنێتەوە.

**تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی زارەکی:**

ئایا دەکرێت باس لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی ئەدەبیاتی زارەکـی بکرێت؟ ئـەو تایبەتمەندییانەی کـە بکرێت لـە دەقە زارەکییەکانی نەتەوە و گەلانی جیـاوازدا دەقـی هاوچەشن و راستییەکانی بسەلمێنین؟ ئەگەر وڵامـی ئـەم پرسیارە ئەریَ بێت، ئەم تایبەتمەندییانە کامانەن و بۆ لێکۆڵەران و توێژینەوە زانستییەکان چە قازانجێکیان هەیە؟

ئەو خوێندنەوە و ڕاڤە و توێژینەوانەی کە لە ماوەی یەک سـەدەی ڕابـردوودا، لە بـارەی دەقـە زارەکـی و ڕەسەنەکانی نەتەوە و گەلانی جۆراوجۆرە ئەنجام دراون، لێکۆڵەرانی بەو ئەنجامە گەیاندووە و ڕێنوێنیی کردوون کە ئەدەبیاتی زارەکی هەڵگری تایبەتمەندیی زانستین و دەکرێت لە دووتوێی دەقە جۆراوجۆرەکاندا نموونەیان بهێنینەوە و بەرجەستەیان بکەین.

هێندێک لە تاوتوێ، توێژینە و خوێندنەوەکان لەبارەی ژانرێکی تایبەت و دیاریکراوی ئەدەبیاتی زارەکییەوە ئەنجام دراون و هێندێکی دیکەش بە گشتی بەرهەمە پەخشانی و شێعرییەکان دەگرنەوە، نموونەی یەکەم دەتوانین ئاماژە بەو خوێندنەوانە بکەین کە لەسەر ئەفسانە و پۆلێنبەندییان بە ئەنجام گەیشتوون، بەشی دووەم ئەو لێکۆڵینەوانەن کە لەمەڕ بەرهەمە شێعری، حیماسی و کێش و سەرواداڕەکان جێبەجێ کراون.

ئەوەی کە هەتا ئێستا توێژەران لە بارەی تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی زارەکییەوە خستوویانەتە ڕوو، بە ئاسانی دەکرێ‌ت لە ئەدەب و فەرهەنگی گەلاندا ئاماژەیان پێ بکرێت، ئێمە لێرەدا هێندێک لەم تایبەتمەندییانەی کە زیاتر بەرجەستەن هێمایان پێ دەکەین.

**نادیاربوونی دانەر و هۆنەر:**

دەقە زارەکییەکان، پێچەوانەی بەرهەمە نووسراوەکان کە بەرهەمی داهێنانی فکر و زەینی تاکێکی دیاریکراون، دانەر و نووسەرێکی دیار و تایبەتییان نییە.

هیچکام لە حیکایەتە زارەکییەکان کە لە لای خەڵکی ئێمە، تەنانەت ئەو ڕاز و سەربوردە و حیکایەتە کوردییانەش کە فۆرم و قەوارە و چۆنەیەتیی داڕشتنیشیان دروستە، خاوەنی دانەر و نووسەرێکی دیار نین، لە کۆتایی هەر دەقێکدا دەبینین ناوی کۆکەرەوە، گێڕەرەوە، یان سەرچاوەی دەرهێنراو دەنووسرێت، نەک هۆنەر و نووسەرێکی دیاریکراو.

بۆ وێنە لە سەرەتای هەر حیکایەت و ڕاز و سەربوردەیەکی

زارەکیدا چە لە کاتی گێڕانەوە، یان لە کاتی خوێندنەوە و نووسینیشدا ئەم ڕستە و دەستواژانە بەکار دەهێنرێن: (دەگێڕنەوە، وا هاتووە، وایان گێڕاوەتەوە، وا باسە، وتوویانە، دەڵێن، وام بیستووە، دەڵێن کە، هەبوو نەبوو، و ...)

زۆری و بەرفراوانیی گێڕەرەوە و جەماوەریبوونی ئەدەبیاتی زارەکیی دۆخێکی وای خولقاندووە کە زۆرێک لە دەقەکان لێل و ئاڵۆز و خاوەنی چەند گێڕانەوە بن.

ئەوی ڕاستی بێت، هیچ دەقێک لەخۆڕا نایەتە بەرهەم ئیلا ڕووداوێک، ئەفسانەیەک، شادی و خەم و سەربوردەیەکی لە پشتەوە نەبێت و بێگومان لە لایەن کەسێکیشەوە دانراوە، بەڵام هەتا ئێستا ڕوون نەبوونەتەوە کە ئەو کەسانە کێن و بێ ناو و نیشان ماونەتەوە، لە وەها دەقگەلێکدا، بەو هۆیەی کە چەندین سەدە لە دوای یەک لەناو خەڵک و لە ناوچەی جۆراوجۆر گێڕدراونەتەوە، گۆڕان و کەمی و زۆری بەرفراوانیان تێدا بەدیهاتووە و هەم لەباری فۆم و هەم لەباری ناوەڕۆکەوە دەستێوەردانی جێی سەرنجیان تێدا کراوە.

دەقە زارەکییەکان لە ماوەی سەدان ساڵدا، سینگ بە سینگ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گوێزراونەتەوە، لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا بەپێی بارودۆخ و مەکان، بڕگە و بەشگەلێکیان لێ کەم کراوە یان پێیان زیاد کراوە، ئەدەبی زارەکی بەردەوام لە حاڵی گۆڕان و فۆرم گۆڕیندا بوون و لەگەڵ چاخەکان گونجێنراون، ئەو بەشانەی کە لەگەڵ ڕۆحی زەمانەدا هاتوونەتەوە لەبەر کراون و ماونەتەوە و ئەو بەشانەش کە نەدەگونجان و ناتەبان بوون، لەناو چوون و لەبیر کراون.

گێڕانەوەی هەر دەورە و قۆناغێک، دەربڕی ڕۆح، ماریفەت و ویژدانی گشتیی هەمان چاخ و سەردەم بووە، دەکرێت ئەم بابەتە بەم چەشنە باس بکرێت کە حیکایەتخوان و گێڕەرەوەکان بەو هۆیەی کە حیکایەت، بەیت، راز و سەربوردە و ئەفسانەی زۆریان لە زەین ڕاگرتووە، زۆر جار لەبیریان چووەتەوە، تێکەڵیان کردوون، یان بەپێی بارودۆخی تایبەت و لەکاتی گێڕانەوەی حیکایەتەکاندا، بڕگەگەلێکیان پێ زیاد کردوون، یان لێیان پەڕاندوون کە بەپێی تێگەیشتنی خۆیان وایان پێ باش بووە کە لەگەڵ زەمانە و ئەو دۆخەدا دەگونجێت.

**جۆری گواستنەوە:**

پێچەوانەی ئەدەبی نووسراو، بیچم و فۆرمی ئەدەبیاتی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر لە ڕێگای زار یان بەو چەشنەی کە باوە، واتە سینگ بە سینگ ئەنجام دەدرێت، ئەم بابەتە دەبیتە هۆی بەستێن و ڕەخسێنەری شکڵ و فۆرمگرتنی گێڕانەوەی جۆراوجۆر لە دەقێک، جار چە ئەفسانە، حیکایەت، پەند، مەتەڵ یان چیرۆکی درێژ بێت، کەم دەقی زارەکی لەناو ئەدەبی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت کە لە دوو گێڕانەوەی جیادا بە تەواوەتی بەشەکانی پێکەوە هاوسەنگ و بە تەواوەتی لێک بچن.

ئەم بابەتە تەنانەت لە بارەی ئەو دەقە زارەکیانەشەوە کە نووسراونەتەوە وەڕاست دەگەڕێت، فۆلکلۆرناسان و شارەزایانی ئەدەبی زارەکی لەو باوەڕەدان: «هۆی ئەم جیاوازییانە لەوەدایە کە لە گواستنەوەی هەر حیکایەت و دەقێکدا هەر حیکایەتخوان و بەیتبێژێک بەپێی مەیل و سەلیقەی خۆی و بەو چەشنەی کە لە

مامۆستاکەیەوە فێر بووە، هێندێک بڕگە و دەستەواژە و ڕستەی لێ کەم یان زیاد کردووە و بۆ ڕازاندنەوەی ڕەوتی داستانەکە، دەستی داوەتە گێڕانەوە یان نووسینەوەی دەقێکی تازە، کە وایە دەق لە نەوەیەکی دیکەدا هێندێک ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت و بەم بۆنەوە، یەک دەق چەند گێڕانەوەی جیاواز و جیا لە یەکتری هەیە».

**هۆیەکانی جیاوازیی گێڕانەوە:**

جیاوازیی گێڕانەوە لە دەقە زارەکییەکاندا بەستراوەتەوە بە چەند هۆی وەکوو: ڕەگەز، تەمەن، کار و پیشەی گێڕەرەوە، بەردەنگ و گوێگران و ئەو شوێن و زەمەنەی کە دەقەکەی تێدا دەگێڕدرێتەوە، هەرکام لەو هۆیانە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر هەر گێڕانەوەیەک دادەنێن، بۆ وێنە لەو مەجلیس و دیواخانانەی کە منداڵ و مێرمنداڵی تێدا بووبێت، گێڕەرەوە لە بەکارهێنانی وشەگەلی پەتی لەناو دەقەکە خۆ دەبوێرێت، حیکایەتە دڵداری (ئیرۆتیک)ـەکان لە لایەن پیاوانەوە بۆ بەردەنگی پیاو و لە لایەن ژنانیشەوە بۆ بەردەنگانی ژن دەگێڕدرێنەوە.

تەمەنی حیکایەتخوان و گێڕرەوە، لە ڕەوتی گێڕانەوەدا کاریگەریی بەرچاوی لەسەر بەردەنگ و جێگیربوونی لە نێو کۆمەڵدا دەبێت، بۆ وێنە ئەگەر حیکایەتێک تەنانەت لەناو یەک بنەماڵەدا کە سێ نەوەی تێدایە، واتە باپیر کە هەشتاد ساڵیەتی و کوڕەکەی کە زیاتر لە پەنجا ساڵە و ئاکامی ئەو دوو کەسەش کە زیاتر کە تەمەنی سی ساڵە بە جیا بگێڕدرێتەوە، بەپێی ئەزموون دەردەکەوێت کە جیاوازیی لە گێڕانەوەی هەر سێکیاندا

هەیە و ئەوەی باپیر لە هەموویان ڕەسەنتر و جێگیرترە، چونکە لێکدانەوەکان، وەسفەکان، ئەو وشە و دەستەواژانەی کە هەرکام لەو گێڕەرەوانە کە هەرکامەیان سەر بە نەوەیەکی کۆمەڵن، پێکەوە جیاوازە.

تەکنیک و شارەزایی و چۆنیەتی گێڕانەوەی بەیت، حیکایەت و ڕاز و سەربوردەکان، لەحن، سۆز و ئاواز، سیما و ڕۆخسار و ئەو حەرەکەتانە و تەنانەت گۆڕینی دەنگ بۆ هەر کاراکتێرێکی چیرۆکەکە کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر بەردەنگ و گواستنەوەی دەقەکان هەیە، ئەمانە ئەو هونەرانەن کە حیکایەتخوان و بەتبیژەکان دەبێت ڕەچاوی بکەن.

**سەرچاوە و هەوێنی دەقە زارەکی و فۆلکلۆرییەکان:**

ئەدەب وەکوو ژانرێکی هەمەگیری کۆمەڵایەتی هیچکاتێک لە سنوور و ناوچەیەکی دیاریکراودا قەتیس نەماوە و سنوورە دەسکردەکان و بیاڤە جوگرافیاییە جیاجیاکان نەیانتوانیوە پێش بە پەرەسەندنی بگرن، بەتایبەت ئەدەبی زارەکیش چونکە لە ڕێگای هەموو مرۆڤێکی ئاسایی و بەتایبەت لە کاتی کار و بازار و سەفەردا لەگەڵ خۆی گێڕاویە و بەکاری هێناوە و هاوکات دابونەریت، فۆلکلۆری ناوچەکی تریش فێر بووە.

لە ڕابردوودا وەکوو ئەمڕۆ وڵات و ناوچەکان سنووربەندی نەکرابوون و هەرێمی جیاجیا نەبووە و دیاردەیەک بەناو کۆچ و ڕەوەند و فەرهەنگ و ژیانی لادێ و هاتووچۆ بۆ ناوچەی جیاجیا بووەتە هۆی بەربڵاویی ئەدەبی زارەکی و گواستنەوەی بۆ ناوچەیەکی بەربڵاوتر.

هەر بۆیە دەزانین لە ڕابردوودا جوگرافیا نەیتوانیوە پێش بە پەرەسەندنی ئەدەبی فۆلکلۆر بگرێت، بۆ نموونە: حیکایەت، ئەفسانە، پەند، مەتەڵ، حیکایەت، ڕاز و مەسەڵی وا هەیە نەتەنیا لە نێو یەک نەتەوەی هاوبەش و لە ناوچە و شارە جیاوازەکانی وەکوو یەکن، تەنانەت لەناو نەتەوەکانی دیکەش بە هێندێک جیاوازییەوە هەمان ئەو دەقانە هەن، کە وایە ناوچەیەکی تایبەتی جوگرافیایی بە تەنیا ناتوانێت سەرچاوە و هەوێنی ئەدەبی زارەکی بێت، فۆلکلۆرناسان لەو باوەڕەدان سەرچاوەی ئەفسانە و حیکایەتەکان و ئەدەبیاتی زارەکی لە بیاڤی جوگرافیایی شارستانیەتێکدایە، یان هێندێک جار لەناو سنووری نەتەوەیی یەک وڵاتدان.

**دوو پات بوونەوە:**

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی دەقە زارەکییەکان، مەسەلەی دووپاتبوونەوەیە، لە نێو پێکهاتەی ئەدەبیاتی زارەکیی هەر گەل و نەتەوەیەک و بە واتایەکی ڕوونتر، لە سنووری جوگرافیایی شارستانیەتێکی تایبەتدا دەکرێت بنەما، هەوێن و سەرچاوەی یەکدەست و هاوشێوەی دیاریکراو دەستنیشان بکەین کە بە شێوەی پەیوەستە تێیدا دەقگەلێک دووپات دەبنەوە، بۆ وێنە لە بیاڤی شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، ئێران، ماد، مێزۆپۆتامیا، سۆمەری و کوردستان، هێندێک دەقی زارەکیی دووپاتکراوەی بەردەوام دەبینرێن کە دەتوانین لەناو فارسەکاندا ئاماژە بە ڕۆستەم و سوهراب و لەناو کوردیشدا ئاماژە بە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر، بەیت و چیرۆکە شیعری دڵداریی وەک: عەزیز و کوبرا، وەنەوش و بەڕەزا، حیکایەتی کوڕە کەچەڵ، گۆرانیی لیریکی و ... بکەین.

بەتایبەت لە نێو ئوستوورە، ئەفسانە و حیکایەتەکان لە بیاڤی ئەدەب و دەقە زارەکییەکانی ئێران و کوردستان، دەکرێت بەم توخم و مۆتیڤانە ئاماژە بکەین کە ڕەگی دووپاتبوونەوەیان تێدایە.

- سەرکەوتنی منداڵە بچووکەکان و بەخیلیی برا و خۆشکی گەورە بەو سەرکەوتنانە و بوغز و قین و تۆڵە ئەستاندنەوە.

- عاشقبوونی قارەمان بە بیستنی وەسفی جوانییەکانی کچی پاشای وڵاتێکی تر.

- ڕووبەڕووبوونەوەی ماری سپی و ڕەشمار و ڕزگارکردنی ماری سپی لە لایەن ڕێبوارێکەوە کە زۆر جار هەژار و دەروێشە.

- بوونی پاشایەک کە سەرەڕای ئەوەی پیر بووە، مناڵ و (بەتایبەت کوڕ)ێکی نییە.

- دەروێشێک کە بە دانی میوەی شەفابەخش، گرفتی نەزۆکیی ژنی پاشا چارەسەر دەکات.

- بوونی پەری لە پێستی کۆتردا کە دەبێتە ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری قارەمانانی ئەفسانەکان.

- عاشقبوونی شازادە لە خەوندا.

- عاشق و دڵبەستەبوونی قارەمانانی هەژار و دستەنگ بە کچی خان، میر و پاشا کە ئەمە لە بەیت و ئەفسانەکاندا زۆرە.

- لەو دەقانەی کە خاوەنی ڕیتم و کێش و سەروان، وەکوو دوو بەیتییەکان دەکرێت ئاماژە بە هەوێن و توخمی هاوبەشی وەکوو: «غوربەت، یاری بێوەفا، دووری، دڵتەنگی و ...» بکەین.

ڕەگ و توخمی دووپاتبوونەوە نە تەنیا لە دەقە زارەکییەکانی دەڤەر و شارستانیەتێکی کولتووریدا دەبینرێت، بەڵکوو لە دەقێکی سەربەخۆشدا دووپاتبوونەوە بەرچاو دەکەوێت.

زۆرێک لە توێژەرانی ئەدەبی زارەکی، ئاماژەیان بە بابەتی دووپاتکردنەوە کردووە، بۆ وێنە «ئەیتالۆ کالوینۆ» کە چەندین ساڵ لەبارەی ئەفسانە ئیتالییەکانەوە توێژینەوەی کردووە، لەم بارەوە نووسیویە: «تەکنیک و تایبەتمەندیی نەریتی زارەکی لە دووپاتبوونەوەی مۆتیڤ و توخمەکانیدایە».

**زمان:**

خەسڵەتێکی دیکەی ئەدەبیاتی زارەکی، زمانەکەیەتی، ئەم زمانە، هەمان زمانی ڕۆژانە و ئاسایی خەڵکە کە پێشینیان بە ناوی «زمانی سەوق» ناودێریان کردووە، هەمان ئەو زمانە زیندووەی کە خەڵک لەناو بازاڕ و شار، لەناو گوند و لە کاتی کار و تێکۆشاندا وەکوو ئامرازی پێوەندی لەگەڵ بەرانبەر بەکاریان هێناوە.

«ئەم تایبەتمەندییە لە دووتوێی ئەو کۆمەڵە دەقە زارەکییانەی کە نووسراونەتەوە، بە تەواوەتی پارێزراوە، لەو دەقانەدا ڕستەکان سادە، کورت، بەبێ گرێ و گۆڵ و هێندێک جار پچڕپچڕن، لەو ڕستانەدا واژەکان و هێندێک جار کردار دووپات دەبێتەوە، ئەو بیرۆکە و لێکدانەوە مەجازییانەی کە تێیدا بەکار دەهێنرێت، بە دوور لە زەین نییە و لەو ئاستەدایە کە خەڵکی ئاسایی، لە کاتی قسە و ئاخاوتندا زۆر بە شێوەی کینایە، مەتەڵ و تەتەڵەی زمان بەکاری دەهێنن».

**پەروەردە:**

پەروەردە و بارهێنان و گواستنەوەی ئەزموونە مرۆییەکان بۆ دیتران و بەتایبەت منداڵان، یەکێکی ترە لە تایبەتمەندییەکانی

ئەدەبیاتی زارەکی، ئەم تایبەتمەندییە لە ژانر و لقە جۆراوجۆرەکانی ئەم جۆرە لە ئەدەبدا، هەڵگری گرینگیی یەکسان نییە، لە هێندێکیاندا ئامانجی پەروەردە، بە شێوەی ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت و لە هێندێک دەقی دیکەشدا ئەم ئامانجە شاراوەیە، وەکوو پەندەکان کە بە ڕوونی توخمی پەروەردە و بارهێنان بەسەریاندا زاڵە و لەناو ئەدەبی زارەکی و فۆلکلۆری کورددا ئەم خاڵە زەق و بەرچاوە.

## ئەنجام:

بەپێی ئەوەی کە لەم وتارەدا باس کرا، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارکی و فەرهەنگی گشتی، هەڵگری بیر و باوەڕ، داب و شارستانیەت و جیهانبینیی نەوەکانی پێشووی هەر گەل و نەتەوەیەکە و بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وردی کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە لەسەر بنەمای مێتۆدی و زانستی باس و توێژینەوەی ئاکادیمی بە شێوەی پۆلێن کراوە، دەتوانین لە عەقڵ و هزر، مێژوو و شارستانیەتی نەوەکانی پێشوو و پێشینیانی نەتەوەکەمان بگەین.

بە لێکۆلێنەوەی ئەمڕۆییانە و بەکارهێنانەوەیان لە دەقی نوێ و هاچەرخدا بیکەینە سەرچاوە بۆ پاشخانی ڕابردوو.

زانیاری لەمەڕ تایبەتمەندی و خەسڵەتی لق و ژانرە جیاوازەکانی فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکـی، دەبنە سەرچاوە بۆ توێژینەوە و لێکۆڵینەوە ئەدەبی و کۆمەڵناسییەکان و شارەزابوون لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ڕابردوومان.

## سەرچاوەکان:


١ ـ داد، سیما، دەستەواژە و زاراوە ئەدەبییەکان، چاپەمەنیی مروارید، ١٣٧٧.

٢ـ میرسادقی، جەماڵ و مەیمەنەت، واژەنامەی هونەری چیرۆک نووسی، کتێبی مەهناز، ١٣٧٧.

٣ـ لە چەند وتارێکی سادق هیدایەت، دوکتۆر فەرەیدوون وەهمەن و نەجەوی شیرازی بۆ پێشبار و سەرباسی پێوەندی دار بە فۆلکلۆر کەڵک وەرگیراوە.

٤ـ جەعفەری قنواتی، محەممەد، وتار، لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بە ئەدەبی زارەکی، ئینتێرنێت.

٥ـ وەرزنامەی فەرهەنگی خەڵک، ژمارەکانی ٢٥ و ٢٦ بەهار و هاوینی ١٣٧٥ی هەتاوی.
٦ـ پایانیانی، سەلاح، فەرهەنگی ئەدەبی زارەکیی موکریان بەرگی ١ و ٢، ١٣٨٥، دەزگای چاپ و بڵاو کردنەوەی رەهرەوی مەهاباد.
٧ـ بەحری، ئەحمەد، گەنجی سەر بەمۆر، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٨ ـ گۆڤارەکانی: سروە، ئاوێنە، مەهاباد و رامان.

# خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی مافی هەر تاکێکە

**هیوا ڕۆژهەڵات**

ئاخاڤتن بە زمانی دایکی سەرەتاییترین مافی هەر مرۆڤێکە لەسەر گۆی زەوی، کاتێک کە منداڵ لە دایک دەبیت و چاوی بە ڕووی جیهاندا پشکووت، گویێ لە میلۆدییەکی دایکانە دەبیت و بەو میلۆدییە ڕادیت و پاش ماوەیەک چەند وشەیەک لە دایکی فێر دەبێت و هێدی هێدی ئەم وشەگەلە دەڕازێنێتەوە و دەتوانێت ویستەکانی خۆی بە زمان بێنیت و ئەمە دەبێتە زمانی دایکی کە یەکێکە لە گرینگترین ناسنامەکانی نەتەوایەتییەکەی، پەیڤین بە زمانی دایکی و نووسین و خویندن بەم زمانە مافی ڕەوای هەر مرۆڤێکە، لەو وڵاتانە کە خاوەن گولستانێکی ڕەنگاوڕەنگی زمانین وەکوو بلژیک، سویس و کانادا، ئەم فرەزمانییە وەکوو گەنجینەیەکی فەرهەنگی و کولتووری سەیر دەکرێت و نرخی

بۆ دادەنرێت، بایەخی پێ دەدرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ گەشەدارتری دەکەن و شانازی پێوە دەکەن و پیشانی ئەدەن کە خاوەنی کۆمەڵگایەکی شارستانین، بەڵام لە وڵاتانی تۆتالیتر و دیکتاتۆر کە تێگەیشتوویی شارستانییەتیان نزم و کرچوکاڵە و لە دەلاقەیەکی تەسک و ڕەشی بیروباوەڕی شۆفینیستانە سەیری نەتەوەکانی بندەست دەکەن، کە لە چوارچیوەی جۆگرافیای ئەم وڵاتانە دەژین و لەسەر ڕێچکەی تیئۆری شۆڤینیستی درێژە بە سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی خۆیان دەدەن و تێدەکۆشن کولتوور و فەرهەنگی نەتەوە بندەستەکان کە زمان یەکێک لە بنەڕەتیترین کۆڵەکەکانییەتی بسڕنەوە و ژینوسایدی سپی (تواندنەوەی فەرهەنگ و کولتوور) بە قازانجی فەرهەنگی نەتەوەی باڵادەست پراکتیزە بکەن. ئەوان دەڵێن: بۆ ئەوەی نەتەوەیەک بتوێنێتەوە پێویست بە تۆپ و تانک و لەشکەر ناکات، هێدی هێدی زمانی دایکییان لێ بستێنن و خۆیان لە خۆ بێگانە بکەن، ئەمە باشترین و بێوینەترین شێوەی لەنێوبردنی نەتەوەیەکی بندەستە، بۆ وێنە، تەعریب لە باشوور و ڕۆژاوای کوردستان و بە تورککردن لە باکوور و ئاسمیلەکردنی بە خشکەیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەیەکی نەرم، لە باشوور بە کیمیاباران و ئەنفاڵ و گۆڕینی دێموگرافیای ناوچە کوردنشینەکان، لە باکوور لەژێر ناوی تورکە شاخاوییەکان و لە ڕۆژهەڵات لە ڕێگای ژینوسایدی سپی و لکاندنی سیفەتی سنوورپارێزی بەئەمەگ و لە ڕۆژاوا لە ڕێگای بە کۆچەرناساندنیان و گۆڕانی دێموگرافی جوگرافیای ئەم بەشەی کوردستان و دوورخستنەوەیان لە دابونەریتی نەتەوایەتییان بەتایبەت یاساخکردنی زمانی کوردی لەم بەشەی وڵاتەکەمان،

قاخەکردنی زمانی کوردی کە ناسنامەی هەر کوردێکە و هەڵگری فەرهەنگی داهاتووی کوردە تاوانێکی گەورەیە بە دژی نەتەوەیەکی بندەست کە بۆ ناساندن و داکۆکی لە فەرهەنگ و کولتووری خۆی بێوچان لە هەموو پارچەکانی کوردستان خەبات دەکات، لە وڵاتانی تورکیە، ئێران و سووریە لەنێوبردنی زمانی نەتەوەکانی کۆلۆنیالیزەکراو سیستماتیک کراوە و لە بوارگەلێکی جۆراوجۆر هەوڵی بۆ دەدرێت و ئاسیمیلەکردنی ئەم نەتەوانە بەشێکی گەورەی سیاسەتە شۆڤینییەکانیانە، تیئۆریسینەکانی نەتەوەی باڵادەست بۆ تێپەڕاندنی پرۆسەی ئاسمیلاسیۆن خاوەن پرۆژەگەلێکی زۆرن لە گشت بوارەکاندا بەتایبەت لە بواری پەروەردە و بارهێناندا، بۆ وێنە کاتێک کە منداڵێکی کورد لە نێو خێزانێکی کورد لە دایک دەبێت و بە کوردی زمان دەکاتەوە و بەم زمانە پەروەردە دەکرێت و زانیارییەکانی خۆی لەم سەنتەرە بنەماڵەییە وەردەگرێت، کاتێک بۆ خوێندنی سەرەتایی ڕەوانەی خوێندنگا دەکرێت، کتووپڕ تووشی گێژاوێکی قووڵ دەبێت، یەکەم مامۆستایەک کە ئەم قەد نەیدیوە و نایناسێت و بە زمانێکی تر ئەدوێت، کە ئەم منداڵە نە یەک وشەی لێ تێناگات و نە دەتوانێت پرسیارێک ئاراستەی مامۆستا بکات و نە توانایی وڵامدانەوەی پرسیاری هەیە، بۆیە ئەمە زیانێکی ئێجگار قورس بە ڕۆح و ڕەوانی ئەم منداڵە دەگەینێت و دەبێتە هۆی لاوازبوونی پرۆسەی فێربوون بە هۆی تێنەگەیشتن لە مامۆستا خۆی دەخزێنێتە کونجێک و بیر و هۆشی ئەم زمانە غەوارەیەوە بۆ ئەستەمە و دەبیتە کەند و کوسپێکی مەزن لە قۆناخی فێربوونی سەرەتاییەکەی، ئەم منداڵە لە ناو خێزانێکی کورد لەدایک بووە و هەموو قسە و باسەکان

و تێگەیشتنی بە زمانی زگماگی خۆی بووە و لە بەهەشتی بنەماڵەدا چێژی وەرگرتووە و بە هیوای زۆرتر فێربوون ڕەوانەی خوێندنگای سەرەتایی کراوە کە هەر لە هەنگاوی یەکەمدا تووشی قەیران دەبێت، بەڵام کاتێک منداڵێکی فارس بۆ یەکەمجار لە خوێندنگا ئامادە دەبێت تووشی ئەم قەیرانانە نابێت و باش لە مامۆستا تێ دەگات و دەتوانێت وڵامی پرسیارەکان بداتەوە و هەروەها پرسیار بکات.

ئەم جیاوازییە دەبێتە هۆی پەرەسەندنی منداڵی نەتەوەی سەردەست لە بواری فێربووندا و دواکەوتوویی‌ی منداڵی نەتەوەی بندەست، داگیرکەرانی شۆڤینیست لە هەموو بوارەکاندا بۆ پرۆسەی تواندنەوەی گەلانی بندەست کەڵک وەردەگرن و هەنگاو بە هەنگاو پلانە گلاوەکانی خۆیان دادەبەزێنن و بە وردی پراکتیزەی دەکەن، لە بواری ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ئیداری و..... فەرهەنگی و کولتووری پڕوپاگەنداکانیان چڕتر دەکەن و خوێندنگاکان، سینەما، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، گۆڤار و ڕۆژنامە و پەرتووکەکان دەخەنە کاناڵی ئاسمیلاسیۆن و ناوی ئاسایشی نەتەوەیی لێ دەنێن.

بۆ بەرگری لە مافی نەتەوە بندەستەکان کە تووشی تواندنەوە دەبن و بوونیان لە مەترسیدایە پێویستە داوای بە فەرمیناسینی زمانەکانیان بکەن لە ڕێگای یاسای ئەو وڵاتانەوە کە تیدا نیشتەجێن، دژایەتیکردنی سیاسەتی شۆڤینانەی دەسەڵاتداران و پەرەپێدانی خەباتی مەدەنی بەتایبەت لە بواری زمانەوانی و کولتوورییەوە، لەقاودانی سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی ئەم وڵاتانە لە کاناڵی میدیا جیهانییەکانەوە بکرێت، کورد ڕێگایەکی

ئێجگار قورس و سەختی لە پێشدایە و بۆ تێپەڕاندنی ئەم ڕێگا پڕ لە کەند و کۆسپ و سەخڵەتە نیازی بە هۆشیارییەکی نەتەوەیی هەیە تاکوو ناسنامەی نەتەوەیی خۆی واتا زمانی کوردی زیندوو ڕابگرێت، دەنا وەکوو دەیان و سەدان زمانی تر لە ژێر سێبەری ڕەشی ئیمپریالیزمی زمانی تێئۆریسینە شۆڤینیستەکانی نەتەوەی سەردەست بە چۆکدا دێت و ئاسەواری لێ نامێنێت.

بە پشتیوانی ڕێکخراوی یونسکۆ، زمانی دایکیمان لە تواندنەوە بپارێزین، لە ساڵی ١٩٥٢ خوێندکارانی بەنگالی لە زانکۆوەکانی پاکستان خوپیشاندانێکی هێمنانەیان بە مەبەستی بە فەرمیناسینی زمانی بەنگالی لە تەنیشت زمانی (ئوردو) وەڕێ خست، کە کەوتەنە بەر پەلاماری هۆفانەی پۆلیسی پاکستان و کۆمەڵێک لە خوێندکاران کوژران، پێویستە ئەوە بگوترێت کە لەم کاتەدا بەنگلادش پارچەیەک لە جوگرافیای پاکستان بوو، پاش سەربەخۆیی بەنگلادش لەسەر داخوازیی ئەم وڵاتە یونسکۆ لە ساڵی ١٧/١١/١٩٩٩ بڕیاری دا کە ڕۆژی ٢١ی مانگی فێبریە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی بناسرێت .

یەکێک لە ئەرکەکانی یونسکۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە زمانییەکانە لە سەرتاسەری گۆی زەوی، بۆ زیندووڕاگرتنیان و لەقاودانی سیاسەتی شۆڤینیستەکانی دژە کولتوور، فەرهنگ، دابونەریتی نەتەوە ژێردەستەکان، بۆ وێنە لە وڵاتی ئێران ئەم نەتەوانە (کورد، بەلووچ، عەرەب، تورکمەن و ئازەری) مافی خوێندن بە زمانی دایکیی خۆیانیان نییە و یونسکۆ لەو باوەڕەدایە کە هەر زمانێک پێ نەنووسرێت و نەخوێندرێت، لە ڕیزی زمانە مردووەکان بە ئەژمار دێت.